بە بڕوای من بەدی ... بەڵام، بەداخەوە مۆریانەکانی داکێشەر، ڕۆمانیش دەجوون. مۆرانەیەک کە نە تەنیا لە واتای ژیان، بەڵکو لە واتای شوێنەواری نوسەرەکانیش کەم دەکەنەوە. ڕۆمان (وەک سەرانسەری فەرهەنگ) زۆرتر لە جاران کەوتۆتە دەستی ڕاگەیاندنە گشتییەکان، ئەم ڕاگەیاندنانە کە هۆکاری یەکێتییەدەری خڕەکی زەوین، پرۆسێسی داکێشەری گەشە پێدەدەن و ڕێگەی بۆ دیاری دەکەن؛ ڕاگەیاندنە گشتییەکان، هەمان ساناسازی و قاوغەکان لە سەرانسەری دنیادا بڵاو دەکەنەوە کە بە هاسانی لە لایەن زۆرینەی خەڵک، گشت خەڵک و، هەموو مرۆڤایەتییەوە پەسند دەکرێ. گرینگییەکی ئەوتۆیشی نییە کە لە ئۆرگانە جۆربەجۆرەکانیاندا، بەرژەوەندی سیاسی جوداێز خۆ دەردەخات. لە دەروونی ئەم جیاوازییە ڕوکەشییەدا، گیانێکی هاوبەش زاڵە. هەر ئەوەندە بەسە کە سەیرێکی هەفتەنامە چەپ و ڕاستە سیاسییەکانی ئەوروپی و ئەمریکی، لە تایمزەوە بگرە تا ئیشپیگێل، بکەین تا بۆمان دەرکەوێ هەموویان دیدێکی یەکسانیان لە بارەی ژیانەوە هەیە. ئەم ڕوانینە یەکسانەش، لە ڕێکخستنی و پلەبەندی بابەتەکان، لە سەردێرە یەکسانەکان، لە شێوازە وێکچووەکانی ڕۆژنامەگەری، لە سەرجەمی وشە و شێوازە وێکچووەکاندا، لە زەوق و چێژی هونەری وێکچوو و لە ڕێزبەندی ئەو شتانەی بە لایانەوە گرینگ یان ناگرینگە، دەردەکەوێ. ئەم گیانە هاوبەشەی ڕاگەیاندنە گشتییەکان، کە لە پشتی هەمەڕەنگیی سیاسی ئەواندا شاردراوەتەوە، گیانی زەمانی ئێمەیە. ئەم گیانە، بە بڕوای من، لەگەڵ گیانی ڕۆمان ناتەبایە.

ڕۆحی ڕۆمان، ڕۆحی پێچەڵۆکییە. هەر ڕۆمانێ بە خوێنەر دەڵێ: "شتەکان زۆر لەوە گرێ و گۆڵدارترە کە تۆ بیری لێدەکەیەوە." ئەمە ڕاستیی ئەبەدی ڕۆمانە، ئەگەرچی لە هەراوهوریای وڵامە ساکار و خێراکاندا، کە وەپێش پرسیارەکان دەکەون و لایان دەدەن، کەم وایە بگاتە گوێ. لە ڕوانگەی گیانی زەمانی ئێمە، هەق بە

www.arsivakurdi.org

## ٨

بەڵام داخوا ڕۆمان، بە گوێرەی لۆژیکی تایبەتی دەروونیی خۆیەوە، بە کۆتایی ناگات؟ داخوا ڕۆمان تا ئێستا کەڵکی لە هەموو توانست، ناسین و شێوازەکانی خۆی وەرنەگرتووە؟ بیستوومە کە مێژووی ڕۆمان لە تەک کانگاکانی بەردە خەڵووز بەراورد دەکەن کە لەمێژساڵە پاشکەوتەکانی تەواو بووە. بەڵام ئایا مێژووی ڕۆمان پتر لە گۆڕستانی دەرفەتە لە کیس چوو و، هاوارە نەبیسراوەکان ئاچێ؟

من لە بەرانبەر چوار بانگەوازدا پڕهەستییەکی تایبەتیم هەیە:

«بانگەوازی گەمە» ـ «تریسترام شاندی» شوێنەواری لارنس شتێرن[14]، «ژاکی قەزاو قەدەری» نووسینی دیدێرۆ بە بڕوای من گەورەترین ڕۆمانەکانی سەدەی هەژدەن. ڕۆمانگەلێ کە وەک گەمەیەکی بە شکۆ خۆ دەردەخەن. ئەم دوو ڕۆمانە دوو ترۆپکی قالبسووکی و بیری سەربەستن کە تا ئێستا هیچ ڕۆمانێک قەرەی لە قەرە نەداون و ناشدەن. ڕۆمانەکانی دوایی، خۆیان زۆر بە توندی بە دەربڕینی ڕاستینەنومایی،[15] ڕازاندنەوەی واقیعبینانە و لەبەرچاوگرتنی وردی قۆناخەکانی زەمانی دەبەستنەوە. ڕۆمان توانستە شاراوەکانی نێو ئەم دوو ڕۆمانەی لە کیس دا. ئیمکاناتێک کە دەیتوانێ ڕەوتێکی وەرچەرخانی جیا لەم ڕەوتەی ئێستا دەیناسین، بۆ ڕۆمان پێک بێنێ. (ئەرێ ئێمە دەتوانین مێژوویەکی دیکە بۆ ڕۆمان وێنەکێش بکەین.)

«بانگەوازی ڕۆیا» ـ ڕۆیای خەواڵووی سەدەی نۆزدەیەم، لە نلکاو بە دەست فرانتس کافکا، وەخەبەر دێ. کافکا کارێکی کرد (واتە تێکەڵکردنی ڕۆیا و ڕاستییەکان) کە سوریالیستەکانی دوای ئەو، دەیانویست بیکەن، بەڵام نەیانتوانی. لە ڕاستیدا ئەمە بەرزەفڕی جوانناسانەی لەمێژینەی ڕۆمانە کە پێشتر "نوالیس"[16] دیبوویەوە، بەڵام وەها هونەرێکی بێ وێنەی دەویست کە تەنیا کافکا توانی نزیکەی سەد ساڵ دوایە "بیدۆزێتەوە". ئەم دۆزینەوەیە، بەر لەوەی دەستپێکی وەرچەرخانێک بێ، دەستپێکێکی چاوەڕوان نەکراو بوو بۆ تێگەیشتن لەم خاڵە کە ڕۆمان، بوارێکە کە «تخیل»یش لەودا، وەک ڕۆیا دەتوانێ فیچقە بکا و خۆی لە کۆتی بێدەرەتانی ڕاستینەنومایی ڕزگار بکات.

«بانگەوازی هزر» ـ موزیل و بروخ، هۆشمەندییەکی بەرز و بەشکۆیان هێنایە ناو شانۆی ڕۆمان. ئەم کارەش بۆ گۆڕینی ڕۆمان بە فەلسەفە نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوە بوو کە هەموو ئەمرازێکی عەقڵی و غەیرە عەقڵی، [ڕوایتگرانە و تفکرپردازانە]ی کە بتوانێ بوونی مرۆڤ ڕۆشن بکاتەوە، بە گوێرەی ئەقڵ و حەقایەت، کۆ بکاتەوە و ڕۆمان بکاتە بەرزترین ئاوێتەی زەینی. داخوا ئەم کارە بەرجەستەیەی موزیل و بروخ، کۆتایی مێژووی ڕۆمانە، یان بانگهێشتنێکە بۆ سەفەرێکی دووروودرێژ؟

«دبانگەوازی زەمان» ـ سەردەمی «ناتەبایی‌یە تێرمیناڵییەکان»، ڕۆماننووس هان دەدا کە ئیتر مەسەلەی زەمان بە شێوەی مارسێل پرۆست بە بابەتی بیرەوەریی شەخسییەکانی نەبەستێتەوە. بەڵکو ئەو بە مەتەڵۆکێکی زەمانی کۆیی، زەمانی ئەورووپیدا ڕەیاڵ بکات. ئەورووپایەک کە بۆ ئەڕینی ڕابردووی خۆی، بۆ هەڵسەنگاندن و کۆبەستی ژیانی خۆی، بۆ تێگەیشتن لە مێژووی خۆی، دەگەڕێتەوە دواوە، وەک پیرەمێردێک کە بە نیگایەک ژیانی ڕابردووی لێکدەداتەوە. مەیل بۆ ئەورازتر ڕۆیشتن لە چوارچێوەی لەرزۆکی ژیانی تاکی، کە ڕۆمان تا ئەو کات لە چوارچێوەیدا مابووە و، هێنانە ژووری چەند دەورەیەکی مێژوویی لە ئاقاری ئەودا (کارێک کە ئاراگۆن و فۆئێنتێس (Fuentes) پێشتر بۆ وەراست گەڕاندنی کردوویانە) لێرەوە سەرچاوە دەگرێ.

www.arsivakurdi.org

٧

له مێژه ساڵه به تایبه‌تی فۆتۆریست (Futuriste) سوریالیست (Surrealiste ) و مه‌یله‌و هه‌موو ئاڤانگارده‌کان (Avant – gardes)، باسی ته‌واوبوونی ته‌مه‌نی ڕۆمان ده‌که‌ن. ئه‌وان پێیان وابوو که ڕۆمان، له ڕێگای پێشکه‌وتن، به قازانجی داهاتوویه‌کی ته‌واو نوێ، به قازانجی هونه‌رێک، که له‌وه‌ی پێشتر زۆر جیاوازه، له نێو ده‌چێ. ده‌مرێ. ڕۆمانیش وه‌ک هه‌ژاری، چینه ده‌سه‌ڵاتداره‌کان، مۆدێله کۆنه‌کانی ماشین یان کڵاوه‌کان، به نێوی دادپه‌روه‌ری کۆمه‌ڵایه‌تی ده‌نێژرێ.

هه‌ر بۆیه‌ش ئه‌گه‌ر سێروانتیس بنیاتنه‌ری سه‌رده‌می نوێیه، ده‌بێ ئاکامی میراته‌که‌ی، له مێژووی شێوازه ئه‌ده‌بییه‌کاندا، مانایه‌کی پڕتره قۆناخێکی ساکاری هه‌بێ؛ له ڕاستیدا ئاکامی میراتی سێروانتیس، ده‌بێ کۆتایی سه‌رده‌می نوێ ڕابگه‌یه‌نێ. به‌م بۆنه‌یه‌شه‌وه‌یه که ئه‌و بزه به‌فیزه‌م سووک و سه‌رسه‌ری دێته به‌ر چاو که هه‌واڵی مه‌رگی ڕۆمان دێنێ. ئه‌گه‌ر ده‌بێژم سووک و سه‌رسه‌ری، بۆ ئه‌وه‌یه که من هه‌واڵی مه‌رگی ڕۆمانم، کوژرانی ڕۆمانم (به ده‌ستی یاساخ بوونه‌کان، سه‌نسۆر، داپڵۆسینی ئایدیۆلۆژیک) له دنیایه‌کدا، که به‌شێکی گه‌وره له ژیانمی تێدا تێپه‌ر بووه و به توتالیتاری ناو ده‌بن، دیوه و به هه‌موو وجودمه‌وه هه‌ستم پێکردووه. ئه‌و کات بوو که به ڕوونی ته‌واوه‌وه، بۆم ده‌رده‌که‌وت که ڕۆمان زه‌واڵی بۆ هه‌یه. به هه‌مان شێوه که ڕۆژئاوای سه‌رده‌می نوێ زه‌واڵی بۆ هه‌یه. ڕۆمان هه‌روه‌ک وێنه‌ی ئه‌م جیهانه، که له سه‌ر دووجۆرێتی و ڕێژه‌یی بوونی دیارده‌کانی ئینسانیدا بنیات نراوه، له‌گه‌ڵ جیهانی توتالیتێردا ناته‌بایه. ئه‌و ناته‌باییه له‌وه قووڵتره که به‌رهه‌ڵستی سیاسی له فه‌رمانبه‌رێکی پاراستن و، تێکۆشه‌رێکی مافی مرۆڤ له ئه‌شکه‌نجه‌گه‌ره‌که‌ی جیا ده‌کاته‌وه. چونکه ئه‌م نه‌سازانه نه ته‌نیا ئه‌خلاقی و سیاسییه، به‌ڵکو ده‌گه‌ڕێته‌وه سه‌ر "تێکرای بوون"ی ئێمه. ئه‌وه به‌م مانایه‌یه که دنیای بنیاتنراو له سه‌ر ڕاستینه‌یه‌کی تاکانه، وه دنیای دووجۆره و ڕێژه‌یی ڕۆمان، هه‌ر کام له ته‌ونێکی ته‌وا جیاواز تنراونه‌ته‌وه.. ڕاستینه‌ی (هه‌قیقه‌تی) توتالیتێری کاته‌گۆرییه‌کانی ڕێژه‌یی، حاشا له گومان و پرسیار ده‌کا و، هه‌ر بۆیه‌ش هه‌رگیز ناتوانێ له‌گه‌ڵ ئه‌و شته‌ی من "ڕۆحی ڕۆمان"ی پێده‌ڵێم، ئاشت بێته‌وه.

به‌ڵام مه‌گین ئێستا له ڕووسیای کۆمونیستدا، سه‌دان و هه‌زاران ڕۆمان به تیراژ و سه‌رکه‌وتنێکی زۆر، له چاپ نادرێن؟ به‌دێ. به‌ڵام ئه‌م ڕۆمانانه ئیتر درێژه به «فتح»ی بوون ناده‌ن. هیچ که‌رتێکی نوێ له بوون، نادۆزنه‌وه، به‌ڵکو ته‌نیا ئه‌و شته‌ی تا ئێستا گوتراوه ته‌یید ده‌که‌ن. له‌ویش زیاتر، هۆی بوون، شکۆ و قازانجی ئه‌وان له‌م کۆمه‌ڵگایه‌ی تێیدا ده‌ژین، له ته‌ییدی ئه‌و شتانه دایه که ده‌گوترێ، (وه ده‌بێ بگوترێ). ئه‌م ڕۆمانانه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هیچ شتێ نادۆزنه‌وه، به‌شدارییان له ڕه‌وتی «به‌یتای دۆزینه‌وه‌کاندا» نییه که من به مێژووی ڕۆمانیان نێو ده‌به‌م. ئه‌وان له ده‌ره‌وه‌ی ئه‌م مێژوویه‌دا جێ ده‌گرن، یان ڕووتر بڵێیم، «ڕۆمانه‌کانی پاش مێژووی ڕۆمان»ن. مه‌یله‌و نیو سه‌ده‌یه که مێژووی ڕۆمان له ئیمپراتۆری ڕووسیادا قه‌تیس ماوه. ئه‌گه‌ر سه‌ره‌نجێکی شکۆی ڕۆمانی ڕووسی له گوگول هه‌تا بێلی‌یه‌وه (Biely ) بده‌ین، ئه‌م قه‌تیسمانه ده‌شێ به ڕووداوێکی مه‌زن دابنێین. که‌وایه مه‌رگی ڕۆمان خه‌یاڵێکی خۆرایی نییه. ئێمه پێشتر شاهیدی ئه‌م مه‌رگه بووین. ئێستاش ده‌زانین که ڕۆمان «چۆن» ده‌مرێ : ڕۆمان ون نابێ، به‌ڵکو له مێژووی خۆی لا ده‌دا. بۆیه‌ش، مه‌رگی ڕۆمان به ئارامی، به‌بێ ڕاکێشانی سه‌ره‌نج و به‌بێ ئه‌وه‌ی ئابڕوو چوونێکی به‌دواوه‌بێ، ڕوو ده‌دات.

www.arsivakurdi.org

هەر لەم ئەورووپا ناوەندییە دایە کە ڕۆژئاوا توانی، بۆ یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخدا، مەرگی ڕۆژئاوا بە چاو ببینێ و ئەمە، ئەگەر بمانەوێ وردتر لێی بدوێین، کاتێ بوو کە بە هۆی لکانی وارشۆ و بوداپێست و پراگ بە ئیمپراتۆری ڕووس، (ڕۆژئاوا. و) جیابوونەوەی لەتێکی لەشی خۆی بینی. ئەم چارەڕەشییە ئەنجامی یەکەم جەنگی دنیاگر بوو. ئەم شەڕەی کە ئیمپراتۆری هابسبورگ دەستی پێکرد و ئەورووپای لەهێزکەوتووی بۆ هەمیشە لاسەنگ کرد.

دوایین قۆناخە هێمنەکان، کە لەوێدا مرۆڤ تەنها لەگەڵ دێوەزمەکانی ڕۆحی خۆی لە کێشەدا بوو، واتە دەورانی جۆیس و پرۆست، بە کۆتایی گەیشتووە. لە ڕۆمانەکانی کافکا، هاشک و موزیل[13] و بروخ دا، دێوەزمە لە دەرەوە سەر هەڵدێنێ، دێوەزمەیەک کە مێژووی پێدەڵێین. مێژوو ئیتر لە شەمەندەفەری ماجەڕاجووەکان ناچێ. مێژوو غەیرەشەخسی و لە حیساب نەهاتوو و، بێ ناوەرۆک و دەسەڵات هەڵنەگرە (دەسەڵاتی بەسەردا ڕەیاڵ ناکرێ) و هیچکەس ناتوانێ لێی ڕاکات. ئەمە کاتێکە ـسبەی شەڕی دنیاگری یەکەم- کە سەرجەمی ڕۆماننووسەکانی ئەورووپای ناوەندی، ناتەبایی‌یە تێرمیناڵییەکانی سەردەمی نوێیان دیت و هەست و دەرکیان پێکرد.

بەڵام نابێ ئێمە ڕۆمانەکانی ئەوان وەک پێشگۆییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، وەک نموونەیەکی خاو و زوو پێگەیشتو لە ڕوانگەی جورج ئۆرۆل بزانین. ئەو شتەی ئۆرۆل بە ئێمەی دەڵێ، دەکرا بە هەمان باشی (یانیش زۆر چاکتر) لە نامیلکەیەکدا گووترابا. لە بەرانبەردا، ئەم ڕۆماننووسانە، ئەو شتەی بروخ گووتەنی «تەنیا ڕۆمان دەتوانێ بیدۆزێتەوە»، دەدۆزنەوە. ئەوان پیشان دەدەن کە چۆن، لە سەردەمی ناتابایی‌یە تێرمینالییەکاندا، هەموو کاتەگۆرییەکی بوون، لەپڕ مانای خۆیان دەگۆڕن؛

ئەگەر ئازادی کردەوەیی کەسێکی وەک (ک.) بە تەواوی بێهوودە بێ، "ماجەڕا" ئیتر چ مانایەکی دەبێ؟ ئەگەر ڕووناکبیرانی ڕۆمانی "مرۆڤی بێخاسییەت" گومانێکیان دەربارەی قەومانی شەڕێکدا نییە کە داهاتوویان بە با دەدا، کە وایە داهاتوو چ مانایەکی هەیە؟ ئەگەر هۆگزنو لە ڕۆمانی بروخدا، نە تەنیا لەو تاوانێکی کردوویەتی، داخدار نەبێ، بەڵکو لە بیر خۆشی بەرێتەوە، ئەی مانای تاوان چی بەسەر دێ؟ وە ئەگەر تاکە ڕۆمانی گەورەی گەپجاڕی ئەم سەردەمە، یانی ڕۆمانی هاشک، شەڕ بکاتە بابەتی خۆی، کەوایە چ بەسەر ڕۆمانی «گەپجاڕی» هاتووە؟ ئەگەر ک. تەنانەت لە جێوبان و لە کاتی عەشقبازیشدا، لە چەنگ دوو ڕاسپێردەکەی کۆشک ئارامی نەبێ، کەوایە جیاوازی نێوان ژیانی "خسوسی" و "گشتی" لە کوێ دایە؟ وە لەم حاڵەتەدا، "تەنیایی" چ مانایەک دەبەخشێ؟ داخوا ئەوجۆرەی ویستوویانە باوەڕ بکەین، "تەنیایی"، باری قوورس، دڵەکوتە و تووک و نەفرینە، یان بە پێچەوانەوە، بایەخدارترین نیعمەتێکە کە کۆمەڵگا، بە لەوێبوویی پەیتایی خۆی، لە حاڵی لەناو بردنییەتی؟

قۆناخەکانی مێژووی ڕۆمان (ئەم قۆناخانە، فڕیان بە سەر گۆڕانی مۆدەکانەوە نییە) زۆر درێژن و، ڕۆمان کە لە پلەی یەکەمدا ئەو یان ئەم لایەنی بوون دەداتە بەر توێژینەوە، ئەم قۆناخانە دیاری دەکا؛ بەمجۆرە، توانستەکانی شاراوە لە دۆزینەوەی فلوبێر سەبارەت بە لایەنەکانی ڕۆژانەی ژیان، تەنیا پاش هەفتا ساڵان، لە شوێنەواری مەزنی جێمز جۆیسدا، بەتەواوی پەروەردە دەکرێن. بە بڕوای من، هێشتا بۆ گەیشتن بە کۆتایی دەورەیەک کە هەموو ڕۆماننووسەکانی ئەورپای ناوەندی لە پەنجا ساڵ لەمەوبەرەوە دەست پێکەری بوون (واتە قۆناخی ناتەبایی‌یە تێرمیناڵییەکان) زۆر ماوە.

www.arsivakurdi.org

ناكۆكییەک، بەڵكو بە چەند جۆرە ناكۆكی. "شوایک، سەربازی دڵپاک"[11] ڕەنگبێ دوایین ڕۆمانی مەزنی خەڵک پەسند بێ. داخوا سەیر نییە کە ئەم ڕۆمانە گەپجارییە لە هەمان کاتدا، ڕۆمانێکی پێوەندیدار بە شەڕە و ڕووداوەکانی لە نێو سوپا و لە بەرەی شەڕدا دەقەومێن؟ ئەگەر شەڕ و دەرئەنجامە ترسێنەرەکانی دەبێتە بابەتێکی پێکەنیناوی، کەوایە چ بەسەر شەڕ و ناکامەکانییەوە هاتووە؟

لە نووسراوەکانی هۆمێر و تۆلستۆیدا، شەڕ مانایەکی خویای هەبوو: خەڵک لەبەر خاتری هێلین یاخود ڕوسیا شەڕیان دەکرد. شوایک و هاوڕێکانی نازانن بۆچی دەچنە بەرەکانی شەڕ و ئەوەی لە هەمووش ناخۆشترە، ئەوەیە کە هیچ حەزێکیشیان لەم کارە نییە.

بەڵام ئەگەر شەڕ بەخاتری هێلین و نیشتمان نەبێ، کە وایە هاندەرەکەی چییە؟ داخوا تەنیا دەسەڵاتە کە دەیەوێ خۆی وەک دەسەڵات سەقامگیر بکات؟ ئایا ئەمە «ویستی ئیرادەیە» (Volonte) کە دواتر هایدگێر باسی لێ دەکات؟ سەرەڕای ئەمانەش داخوا دەسەڵاتخوازی هەمیشە هاندەرێک نەبووە بۆ هەموو شەڕەکان؟ بۆچی، بووە! بەڵام ئەم جارە، لە شوێنەوارەکانی هاشکدا، هیچکەس، تەنانەت ئەو کەسانەی داهێنەریشی بوون، باوەڕ بە لافەکانی تەبلیغاتی ناکەن. ناوەرۆکی دەسەڵات خویا و دیارە. بە هەمان خویایی کە لە ڕۆمانەکانی کافکادا دەردەکەوێ. لە ڕاستیدا، دادگا لە کوشتنی ک. هیچ قازانجێکی پێناگات. بە هەمان جۆر کە کۆشک لە ئازاردانی ڕوبێودا هیچ قازانجێکی نییە. بۆچ ئاڵمان لە ڕابردوودا و ڕوسیاش ئێستا، داواکاری دەستداگری بەسەر جیهاندان؟ بۆ ئەوەی سامانێکی زیاتر وەچەنگ خەن؟ بۆ ئەوەی بەختەوەرتر بن؟ نەء! دەستدرێژیکەری دەسەڵات بەتەواوی بێ مەبەستە، هۆیەکی نییە، تەنها بە دوای داخوازی خۆیدایە، ماکێکی تەواو غەیرەئاقڵییە.

بۆیەش کافکا و هاشک ئێمە لەگەڵ ئەم ناتەباییە بێسنووورە بەرەوڕوو دەکەن: لە ڕەوتی ئەم سەردەمەدا، ئاوەزی دێکارتی، هەموو بایەخە بە میراتگەیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست یەک بە دوای یەکدا دەسوێ. بەڵام، لە سەردەمی سەرکەوتنی تەواوی ئاوەزدا، ئەم ماکە غەیرەعەقڵی ڕووتەیە کە بەسەر گۆڕەپانی جیهاندا زاڵ دەبێ (دەسەڵاتێکی کە تەنها بە دوای داخوازی خۆیەتی.) چونکە ئیتر هیچ سیستەمێک لە بایەخەکان نییە کە پەسندی هەموو لایەک بێ و بەرگری لە پێش ڕۆیشتنی (دەسەڵات. و) بکا.

ئەم ناتەبایی‌یە کە لە کتێبی "خەوگەرەکان"ی هێرمان بروخدا، زۆر مامۆستایانە ڕوون کراوەتەوە، لەو ناکۆکییانەیە کە پێم خۆشە بە «تێرمینالی»[12] نێوزەد بکەم. ناکۆکی دیکەش هەن. بۆ وێنە، سەردەمی نوێ، ڕۆیای مرۆڤایەتییەکی لەسەردابوو، کە هەر چەند بە شێوە شارستانییەتی جۆربەجۆر لێکتر جیا ببوونەوە، بەڵام ڕۆژێک دەگەیشتنە یەکێتیی و، بە یەکگرتن، ئاشتی هەرمانیان دەست دەخست. ئێمڕۆ، مێژووی خڕەکی زەوی، لە ئاکامدا گشتێکی پێوەلکێنراوی ساز کردووە کە ڕۆیای لەمێژینەی یەکگرتنی مرۆڤایەتی وەڕاست گەڕاندووە و دەیپارێزێ. یەکگرتوویی مرۆڤایەتی بەم مانایەیە کە: هیچکەس ڕێگای ڕزگاربوون و دەرچوونی بۆ شوێنێکی دیکە نییە.

## ٦

ئەو کۆنفرانسانەی هوسرێل باسی قەیرانی ئەورووپی و ئیمکانی لەناوچوونی مرۆڤایەتی ئەورووپی تێدا دەکرد، وەسیەتنامەی فەلسەفی وی بوو. هوسرێل ئەم کۆنفرانسانەی لە دوو پێتەختی ئەورووپیدا سازدا. ئەم ڕێکەوتە خاوەنی مانا و ناوەڕۆکێکی قووڵە: لە بنەڕەتیشدا



www.arsivakurdi.org

نێوەراستی ڕێگادا ڕووبەڕوو دەبین، بەبێ ئەوەی ڕوون بێ ئەوان لە کوێوە دێن و بەرەو کوێ دەڕۆن. ئەوان لە زەمانێکیدا هەڵکەوتوون کە سەرەتا و کۆتاییەکی نییە، لە فەزایەکدا کە سنوورێک ناناسێ، لە نێو ئەورووپادا، کە داهاتووەکەی هەرگیز تەواو نابێ.

نیو سەدە پاش دیدێرۆ، لە نووسراوەکانی "باڵزاک"دا، ئاسۆی دوورەدەست، هەر وەک دیمەنێکی پشت ساختومانە نوێیەکان(کە بریتین لە دانراوە کۆمەڵایەتییەکان: پۆلیس، دادگا، کۆڕ و کۆمەڵی بەشی دارایی و تاقمەگانی جەردە ، سوپا ، دەوڵەت) ون بووە. لە دەورانی باڵزاکدا ئیتر شوێنەوارێک لە ڕابواردنی سەرخۆشانەی دەورەی سێروانتێس نابینرێ. ڕۆژگار سواری ترێنێک بووە کە دیرۆکی پێ دەڵێین. سواربوونی ئەم ترێنە، هاسانە؛ بەڵام دابەزین لێی گەلێ دژوارە. سەرەرای ئەمانەش، ئەم ترێنە هێشتا سیمایەکی زراوبەری نییە، تەنانەت سەرەنج ڕاکێشیشە و بلێنی ماجەرا و ڕووداوی واش بە میسافیرەکانی دەدا کە پلە و پایەیان بۆ بەدیاری دێنێ.

دیسانیش دواتر، لە دیدی "ئێما بواری"دا[10]، ئاسۆ بەڕادەیەک تەسک دەبێتەوە کە پتر لە حەوشێکی بەستراو دەچێ. ڕووداوەکان لەوبەری حەوشەکەدا ڕوو دەدەن و باری دەردی غوربەتیش هەڵناگرترێ. لە گوزەرانی چارۆکەری ڕۆژانەدا، ڕۆیا و ڕۆیاخولقێنی (رویا و ڕویاپردازی) گرینگی پەیدا دەکەن. بێزۆخی لە کیسچووی دنیای دەرەوە، شوێنی خۆی دەداتە بێسنووری ڕۆح و، بەمجۆرە ئەم خەیاڵە گەورەیە کە بڕوای بە تاکانەیی جینەگرەوەی تاک هەیە و، یەکێکە لە جوانترین ڕوانینەکانی ئەورووپی، دەپشکوێ.

بەڵام لە حەڵێکدا کە مێژوو، یاخود ئەو شتانەی لەو بەجێماون - یانی هێزەکانی بان ئینسانیی کۆمەڵگایەکی گشت توانستی - بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەبێ، ڕۆیا دەربارەی بێسنووری ڕۆح، سێحری خۆی دەدۆڕێنێ. ئەو شتەی مێژوو بلێنی دەدا، ئیتر پلەیەکی بەرز نییە، بەڵکو لە کۆتاییدا، پیشەی ڕوپێوییە(مساحی). "ک." لەبەرانبەر دادگادا، "ک." لە بەرانبەر کۆشکدا، چی لە دەست دێ؟

کارێکی ئەوتۆی پێناکرێ. داخوا ئەو دەتوانی بە لانی کەمەوە، وەک ئێما بواری خۆی بداتە دەست ڕۆیاوە؟ نەء، داوێک کە ڕەوتی ڕووداوەکان لەبەر ڕێگای ئەویان داناوە، یەجگار ترسهێنەرە و هەموو سۆز و هزرێ بەرەو خۆی ڕادەکێشێ: ئەو تەنیا دەتوانێ بیر لە دادگایی و پیشەی ڕوپێوییەکەی بکاتەوە. بێسنووری ڕۆح، ئەگەریش هەبێ، بۆ مرۆڤ دەبێتە زێدەیەکی مەیلەو بێسوود.

٥

ڕێگای ڕۆمان وەک دیاردەیەکی مێژوویی، شان‌بەشانی سەردەمی نوێ وێنەکێش دەکرێ. ئەگەر بۆ دیتنی بگەڕێمەوە دوایە، بەچەشنێکی سەیر، کورت و داخراو دێتەبەرچاو. ئایا ئەمە خودی دۆن کیشۆت نییە کە پاش سێ سەدان، لە جلوبەرگی ڕوپێویدا گەڕاوەتەوە گوند؟ ئەو لە ڕابردوودا، بۆ هەڵبژاردنی ماجەراکانی وەرێ کەوتبوو. بەڵام ئێستا لە گوندێک، کە لە خوارەوەی "کۆشک"دا هەڵکەوتووە، ئیتر مافی هەڵبژاردنی نییە، لێرەدا "ماجرا"ی بەسەردا فەرمان دەدرێ: ئەو بە هۆی هەڵەیەکی ناو فایلەکەی، لە تەک سیستەمی ئیداریدا، تووشی کێشەو هەڵلایەکی بێسوودە. پاش سێ سەدە، چ بە سەر ڕووداو - واتە یەکەمین ناوئاخنی مەزنی ڕۆماندا - هاتووە؟ داخوا ماجەرا بۆتە میناماجەرایەک؟ مانای ئەم وتەیە چییە؟ داخوا ڕێگەی ڕۆمان بە جۆرە ناکۆکییەکەوە (هێما بۆ کەسایەتی ک. لە ڕۆمانە بەناوبانگەکەی کافکا، واتە «دادگا»یە.) گرێدراوە؟

ئەرێ، دەکرێ وابیر بکەینەوە. وە نە تەنیا جۆرە



www.arsivakurdi.org

## ٣

کاتێ سیستەمی کۆنی بایەخەکان کە مانای تایبەتی خۆی بە هەموو شتێک دەدا و شەڕ و خێری لێک جیا دەکردەوە، بە کاوەخۆ لە شانۆ دەردەکەوت، دۆن کیشۆت لە ماڵێ دەرچوو و ئیتر نەیتوانی دنیا بناسێتەوە، ئەم دنیایە، بەبێ لەوێبوونی هێزێکی میتافیزیکی، لە ناکاو کەوتە تەمێکی ترسناکەوە. تاکە ڕاستی میتافیزیکی، وەک سەدان ڕاستی ڕێژەییان لێهات کە مرۆڤەکان ڕوویان تێدەکردن، بەمجۆرە، دنیای سەردەمی نوێ و ڕۆمان، کە وێنە و نموونەی ڕۆمان بوون، لە دایک بوو.

وەک دیکارت، منی بیرکەرەوە (*«بیر دەکەمەوە، کە وایە هەم.» وتەی بەناوبانگی دیکارتە کە یەکێکە لە بنەماکانی فزری ڕاسیۆنالیستی ڕۆژئاوا.*) بە بنیادی هەموو شت زانین و، بەمجۆرەش تاکوتەرا مانەوە لە بەرانبەر دنیادا، ڕوانینێکە کە بە هەق، هێگل، بە پاڵەوانانەی دەزانی.

دنیای، وەک سێروانتێس، مینا دیاردەیەکی دووجۆری وێناندن، لە بری بەرەنگاری لەگەڵ تاکە ڕاستی موتڵەق، لە بەرانبەر کۆگایەک ڕاستیی ڕێژەیی ناتەبادا بوون، (ڕاستییەکانی گونجاودراو لە "من"ە وێناوییەکان (*"منـ"ـە وێناوییەکان: . Ego Imaginaires*) کە کەسایەتییەکانیان پێدەگووترێ.) و هەر بۆیەش "ئاوەزی گومانکردن لە ڕاستییدا" بە تاکانە ڕاستی زانین، پێویستی بە هێزێکی بە هەمان بڕ مەزنە.

مانای ڕۆمانی گەورەی سێروانتس چییە؟ نووسراوەیەکی زۆر لەم بارەیەوە هەیە. هەندێ لافی ئەوە لێدەدەن کە لەم ڕۆمانەدا، ڕەخنەگەرییەکی ڕاسیۆنالیستی لە ئایدیالیزمی تەماوی دۆن کیشۆتەوە دەبینن. هەندێکی دیکە ستایشتی هەمان ئایدیالیزم دەبینن. ئەم دوو ڕاڤەیە هەڵەن، چونکە لایان وایە بناخەی ڕۆمانەکە لە بری پرسیار، هەڵوێستگرتنێکی ئەخلاقییە.

مرۆڤ خوازیای دنیایەکە لەوێدا خێر و شەڕ بە ئاشکرا لێک هەڵاوێردرێ، چونکە لەودا مەیلێکی دەروونی و تۆسن بۆ داوەریکردن، بەرلە تێگەیشتن هەیە. لە سەر بنەمای ئەم مەیلانە، بڕوا و ئایدیۆلۆژییەکان سەرهەڵدەدەن. ئەم باوەڕ و ئایدیۆلۆژیانە تەنیا کاتێ دەتوانن لەگەڵ ڕۆماندا ئاشت ببنەوە کە زمانی ڕێژەیی و دووجۆرە سەنگاندنی ڕۆمان، شوێنی خۆی بداتە دەربڕینێکی بنجبڕ و وشک. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، هەق تەنها بە یەک نەفەرە، یا "ئاناکارنین" قوربانی کابرایەکی سەرەڕۆ و بەرچاوتەنگە و، یاخود "کارنین"ی قوربانی، ژنێکی بێ ئەخلاقە و، یاخود "ک." بێ تاوانە و مەحکەمەیەکی بێدادگەر ئەوی مەحکوم کردووە. یان ڕای دادگادا، بە تەواوی ڕەوایە و "ک." تاوانبارە. (*هێما بۆ کەسایەتی ک. لە ڕۆمانە بەناوبانگەی کافکا، واتە «دادگا»یە.*)

لەم بڕوایە بە "یان ئەمە یان ئەوە"یەدا، داماوی لە دانپێنان بە ڕێژەیی بوونی بنچینەیی شتەکانی مرۆڤایەتی شاراوەیە. بەهۆی ئەم داماوییەشەوە، پەسندکردن و دەرکی ئاوەزی ڕۆمان (کە هەمان ئاوەزی گومانکردن لە یەقین دایە)، ساکار نییە.

## ٤

دۆن کیشۆت بەرەو دنیایەک ڕۆیشت کە لە بەرانبەریدا، بە بەرفراوان و بەرینییەوە دیار بوو. ئەو دەیتوانی سەربەستانە بچێتە ناو ئەم دنیایە و بە دڵخوازی خۆیشی هەر کاتێ بیەوێ بگەڕێتەوە ماڵێ. یەکەمین ڕۆمانەکانی ئەورووپی، سەفەرێکن لە سەرانسەری جیهانێکدا، کە بێسنوور دەنوێنێ. لە سەرەتای ڕۆمانی دیدێرۆ[9]دا بە نێوی «ژاکی قەزاو قەدەری»، لەپڕ لەگەڵ دوو پاڵەوانی کتێبەکە ل

www.arsivakurdi.org

مەحکومکردن سەیر بکرێ. بە بڕوای من دوو فیلەسۆفی گەورە، دەمامکیان لە دووانەیی ئەو دەورەیە هەڵگرتووە، دەورەیەک کە لە یەک کاتدا هەم پێشکەوتن و هەمیش دواکەوتنە و، وەک هەموو شتێک کە ئینسانییە، لە سەرەتای بوونیەوە، تۆوی کۆتایی خۆشی لە هەناودا هەیە. ئەو دووانەتییە، لە چاوی مندا، لە بایەخی چوار سەدەی ڕابردووی ئەورووپا کەم ناکاتەوە، چوار سەدەیەک کە خۆمی (بەتایبەت وەک ڕۆماننووسێک نەکو فیلەسۆفێک) پێ پێبەند دەبینم. لە ڕاستیشدا، بە بڕوای من بنیاتنەری سەردەمی نوێ تەنیا دیکارت نییە، کە سێروانتێسیشە.

ڕەنگە ئەو دوو فیلەسۆفە دیاردە ناسانە لە داوەری خۆیان لەمەڕ سەردەمی نوێدا، سەرەنجیان نەدابێتە سێروانتێس. ئەوەی دەمەوێ بڵێم ئەوەیە: ئەگەر قبووڵ کەین کە فەلسەفە و زانست، بوونی مرۆڤیان لەبیر کردووە، ئەوە ئاشکراتر دەردەکەوێ کە بە سێروانتێسەوە هونەرێکی مەزنی ئەورووپی سەری هەڵداوە، هونەرێک کە شتێک نییە جگە لە دۆزینەوەی ئەو «بوونە فەرامۆش کراوەیە.

لە ڕاستیدا، هەموو بابەتە بنەڕەتییەکان لەمەڕ بوونی مرۆڤ، کە هایدگێر لە نووسینەکەی خۆی بە ناوی "هەبوون و زەمان"دا شی دەکاتەوە و لای وایە لە فەلسەفەی پێشووی ئەورووپیدا توڕدراوە، بە چوار سەدە ڕۆمان «چوار سەدە جێگۆڕکێی (جێگۆڕکێی: Mètempsychose "تناسخ"). ڕۆمان لە ئەورووپادا» ئاشکرا و ڕوون و خویا بوون. ڕۆمان بە شێوەی تایبەت و مەنتقی تایبەتی خۆیەوە لایەنە جۆراوجۆرەکانی بوونی، یەک بە دوای یەکدا دۆزیوەتەوە: لە سەردەمی سێروانتێسدا، ڕۆمان بە دوای تێگەیشتنی ڕووداوە؛ لەگەڵ ساموئێل ریچاردسۆن[3]، ڕۆمان، دەست بە لێکۆڵینەوە لەمەڕ «ئەو شتەی لە ناوەوە تێدەپەڕێ» دەکا و پەردە لەسەر ژیانی شاراوەی هەستەکان هەڵدەگرێ؛ ڕۆمان وێڕای باڵزاک، ڕەگاژۆیی مرۆڤ لە مێژوودا دەدرکێنێ؛ لە گەڵ فلۆبێر[4] لەو پاشخانانە دەکۆڵێتەوە کە هەتا ئەوکات لە ژیانی ڕۆژانەدا نەناسرابوون؛ لەگەڵ تۆلستۆی، سەرنجی کارتێکەری هۆکاری غەیرە عەقڵییەکان لە سەر بڕیار و ڕەفتارەکانی مرۆڤدا دەدا. ڕۆمان بە تەمای دەرکی قووڵی زەمانە: دەمی ڕاکەری(فڕار) ڕابردوو وێڕای مارسێل پرۆست[5]، دەمی ڕاکەری حاڵ لەگەڵ جۆیس[6]. ڕۆمان لە گەڵ توماس مان[7]، لە ڕۆڵی ئەو میتانە دەکۆڵنەوە کە لە دوورترین دەورەوە هاتوون و ڕێنوێنی ئێمەن ...

ڕۆمان لە سەرەتای سەردەمی تازەوە، هەمیشە و بە ئەمەکەوە لەگەڵ مرۆڤدا بووە. لەو کاتەوە «خولیای ناسین»(کە هوسرێل بە ذات معنویتی ئەورووپی دەزانێ) بە سەر ڕۆماندا زاڵ بووە، هەتا ڕۆمان لە ژیانستانی مرۆ بکۆڵێتەوە و لە بەرانبەر «فەرامۆشی بوون»دا بیپارێزێ و ڕۆشنایی بخاتە سەر ژیانستانی مرۆڤ. بۆیەشە کە من پێداگرتنی هێرمان بروخ[8] لە سەر ئەم بابەتە دەرک و پەسند دەکەم کە: تاکە هۆکاری بوونییەتی ڕۆمان، دۆزینەوەی ئەو شتانەیە کە تەنیا ڕۆمان دەتوانێ بیاندۆزێتەوە. ڕۆمانێ کە بەشێک لە بوونی نەناسراو نەدۆزێتەوە، غەیرە ئەخلاقییە، واتە ناسین، تاکە ئەرکی ئەخلاقی ڕۆمانە.

ئەوەش با زیاد کەم: ڕۆمان دەسکەوتی ئەورووپایە. دۆزینەوەکانی، هەر چەند بە زمانە جۆراوجۆرەکانیشەوە کرابێ، هی هەموو ئەورووپایە. ئەو زنجیرە دۆزراوانە(نە ئەوانەی بەگشتی نووسراون)، مێژووی ڕۆمانی ئەورووپا پێک دێنن. تەنیا لەم ڕوانگە بانەتەوەیی‌یەوە، بایەخی شوێنەوارێک(یانی پانتایی دۆزینەوەی)دەکرێ بە تەواوی ببیندرێ و دەرک بکرێ.

www.arsivakurdi.org

# میراتی بێ بایەخکراوی سێروانتێس

## نووسەر: میلان کوندێرا

### وەرگێڕ: س. کاوە (شەماڵ)

١

ئیدمۆند هوسریل[1] سێ ساڵ بەرلە مردنی، واتە لە ساڵی ١٩٣٥دا، کۆنفرانسێکی بەناوبانگی لەمەڕ «قەیرانی مرۆڤایەتی ئەورووپی» سازکرد. بە بڕوای هوسریل، سیفەتی «ئەورووپی» دیاریکەری ئەو پێناسە فیکرییە بوو کە لە چوارچێوەی جوغرافی ئەورووپا ئەولاتر دەڕوا (بۆ وێنە ئەمریکاش دەگرێتەوە) و لە فەلسەفەی یۆنانی کۆنەوە دەست پێدەکات. هوسریل پێی وابوو ئەم فەلسەفەیە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، دنیا لە گشتێتی خۆیدا وەک پرسیارێ لە بەرچاو دەگرێ، کە دەبێ وڵامێکی بۆ بدۆزرێتەوە. هۆکاری هاتنە ئارای ئەم پرسیارە، ئەو یان ئەم نیازی کردەوەیی نەبوو، بەڵکو لە سۆنگەی «زاڵبوونی شوور و شۆقی ناسین بەسەر مرۆڤدا بووە».

قەیرانێک کە هوسریل لێی دەدوا، ئەوەندە قووڵی دەهاتە بەر چاو، کە دڕدۆنگ بوو لەوەی ئەورووپا بتوانێ بە ساخی قوتاری بێ. ئەو، ریشەکانی قەیرانی لە دەستپێکی چاخی نوێدا، لە دنیابینی گالیلە و دیکارت و ناوەڕۆکی یەکلابینانەی زانستەکانی ئەورووپیدا دەدیت، زانستێک کە دنیایان هەتا ئاستی بابەتێکی ساکار بۆ لێکۆڵینەوەی تێکنیک و ماتماتیک داکێشابووە خوار و جیهانی هەستپێکراوی ژیانیان ـ کە هوسریل ژیانستانی *(دنیای ژیان ـ ژیانستان ـ die Lebenswelt)* پێدەگووت، لە ئاسۆی دیدی خۆیان دوور خستبۆوە.

پێشکەوتنی زانست، مرۆڤی خستە ناو دالانی بەشە پسپۆڕییەکانییەوە. هەر چەندی مرۆڤ لە زانستی خۆیدا بەرەو پێشتر دەڕۆیشت، گشتێتی دنیا و خۆیەتی خۆی لەبەر چاو دوورتر دەبۆوە، بەمجۆرەش، نوقمی ئەو شتە دەبوو کە هایدگێر[2] شاگردی هوسریل، بە زاراوەی جوان و مەیلەو سیحراوی، «فەرامۆشی بوون» باسی لێدەکرد.

مرۆڤ کە لە ڕابردوو، لە سایەسەری «دیکارت»دا، خۆی بە «خێو و خودانی سروشت» ناسیبوو، بۆتە شتێکی ساکار کە هێزە تێکنیکی، سیاسی و مێژووییەکان هێرشی دەبەنە سەر، لەو هەورازتر دەڕۆن و بەسەریدا زاڵ دەبن. بۆ ئەم هێزانە، بوونی هەستپێکراوی مرۆڤ، ژیانستان، ئیتر هیچ نرخ و بایەخێکی نییە: بوونی هەستپێکراوی مرۆڤ نایەتە بەرچاو و لە سەرەتاوە فەرامۆش کراوە.

٢

وێڕای ئەمانەش، پێموایە زۆر ساکارانە دەبێ ئەگەر ئەو ڕوانینە توند و تیژە بە سەردەمی نوێ، تەنیا وەک

www.arsivakurdi.org

ساكارترین قسه بکەیت
هەر ئەوە بڵێیت کە ئەی بینیت
ئەبێت خۆت تووشی سزا کەیت
سەرت بکەن بە قالۆنچە و پێی پیابنێن
یان خۆت
بە دەستی خۆت
لە جەستەی خۆت
بەندیخانە دروست بکەیت
بۆ ڕۆحی خۆت.
بەوە رازی بیت
هەناسە هەڵمژیت
هەناسە بدەیت.

من تێ دەگەم
هەرچیم دی بوو لە ئەوروپا تەپوتۆز بوو
سمێڵێکم بۆ هێشتەوە و
لەسەر سنووریش خۆم تەکان
بەڵام چۆن تۆی ئەستێرەیەکی تر
تێ گەیەنم
خۆت، خۆت نەبیت
هەنگوینی ئەوەی ئەی بینیت
لەناو سەرتا لە پیسایی هەڵ بکێشیت
بۆ ئەوەی نەڕشێیتەوە بە بۆنی سەر
بۆگەنی سەر
بۆگەنی سەر.

لەگەڵ زەوق و
بیرکردنەوە و
تووڕەبوون و

خۆشەویستیت:
درۆ ئەکەیت.
داری مێژووو هەر هەنگێکی پێوە مابوو
لەژێر پەردەی
کرێکار و
سەرکەوتن و
داهاتوودا
هاتن گوتان
کردە هەنگوین و نانەوە.
ئەمە یاسای هەڵبژاردنی دژوارە
ئەوەی نانی گواوی و گۆشتی مردوو نەخوات
ئەبێت ڕەو کات
ئەم شانۆیە بەجێ بهێڵێت
ڕەو کات
ڕەو
ڕەو
بۆگەنی سەر
نانی گواوی
بۆگەنی سەر.

1993/5/24

3

ها ئەوە ملم و بیکەن بە پەتی هەڵواسینا
ئەوەش چاوم هەڵی کۆڵن
نینۆکەکانم هەڵ کێشن
ئەزانم تۆ لە من ناگەیت
لێم ئەپرسیت:
ئێ باشە ئەتەوێت چی بکەیت؟
نیازت وایە
بەسەر سنگی ئافرەتانی میللەتێکا تێ بپەڕیت
پێشەوایەک
لە ماڵەکەی خۆی دەربێنیت
ملی بە پەتاکراوی
بخەیتە ناو مشتی دوانزە ملیۆنەوە،؟
نیازت وایە هەڵەبجەیەک
لە مردنی زەرد هەڵ کێشیت؟
کێلی قەبری شەهیدەکان
ئەکەیت بە قادرمەی سەربان،
نامەی خنکێنراوەکانی
شاری "موسڵ"ت بیرچۆتەوە؟
نانی شارێک بە دیواری
ژوورەکەتا هەڵ ئەواسیت؟،
پۆستاڵ لە پێ
بەر ئەدەیت لە دارگوێز و گوند و دارستان،
لێم ئەپرسیت:
سەرت لەجیاتی چی دائەنێیت؟:
هیـــچ.

4

ئەوە سەرم بۆی بخەنە سەر مێزەکەی
سەری بڕراو ناونیشانی لێ نانووسرێت
ئەوانەی کە بە نووسین و رەقەم ئەڕۆن
قەت بە شوێنی خۆیان ناگەن.

من ئەم داوە
هەر چاوم بۆم ئەنێتەوە؛
ئەوە مەلێکە هەڵ ئەفرێت.
ئەمە نیشتمانی منە.
ئـەوە:
جوتیارێکی بێ گاجووت و
تراکتۆرێکی تۆراوە،
ئـەوە:
کۆچی بە پۆلی شۆقڵ و
سەدان شار و
گوند و جادەی هەڵوەشاوە،
ئەو سەد کەسەی بێرەدا ڕۆشت
ئەوە یەکێکە رەت ئەبێت،
ئەمە شارێکی بۆگەن و
ئەوەش ڕەوی ئۆتومبیلی خۆڵ و ئاوە
ئەوە مەلێکە هەڵ ئەفرێت.
ئەمە نیشتمانی منە.

5

زەمانێکە چاو مەسموحە و بەڵام بینین قەدەغەیە
من تێ دەگەم
ئەزانم بۆ ئەوەی تەنها

www.arsivakurdi.org

# بۆگەنی سەر

**ناله حەفید**

1

جرجێکە لە ریخۆڵەی ئاودەستێکەوە
دەرئەپەڕێ و
خۆی ئەکات بە دەمی ئاودەستێکی تردا،
کۆترێکە لەسەر لوتکەی منارەکانیش خۆی
ناگرێت،
لەقلەقێکە کە دێتەوە
دارشەخسێکی دەست ناکەوێت،
نەخۆشیەکە لە هەر کەس بات
نامۆ و
برسی و
رەتێنراو و
رسوای ئەکات،
لە لەغەمی هەر شارێکدا خۆی شاردەوە
قوتابخانە ئەڕوخێنێ و
بەندیخانەی لێ دروست ئەکات.
گڵۆپ و چرای تاریکیی
لەناو شار و
گوندەکانا هەڵ دەکات،
هەنگوینێکە سانسۆری سەر
لە پیسایی هەڵ ئەکێشێت:
راستی،
راستی لە شارەکەی من دا.

2

کۆترێکە لەسەر دەستی
خەڵکی هەر شارێک دانی خوارد
زنجیری سەر سنگی ئاسمان ئەترازێنێت
عاشق بەیەک ئەگەیەنێت
بە چنگ نوقوڵ بۆ منالان ئەبارێنێت،
لەقلەقێکە هەموو رۆژێک
بەهارێکی بۆ رائەخەن
هەر کە تۆزێک تۆزاوی بوو
خەڵکی ولاتی گوڵباران
بە ئاوی چاو ئەیشۆنەوە،
هەنگوینێکە لەناو سەردا
لەسەر پەڕی لێو ئەی بینیت،
بە دەموچاوەوە دیارە،
بە رۆشتن و هەڵسوکەوتا دێتە خوارێ،
دوو مەمکی تورتی هاوینە
بێ باکانە وەک پەپوولە
بەناو چاوەکانا ئەفرێت:
راستی،
راستی لە شارەکەی تۆدا.



www.alsyakurdi.org

## سپێدە

ئەو کچەی لە مەخزەنەکە کار دەکا
لە نهۆمی دووەمدا لە ژوورەکەی دێتە دەرێ
لە پەیژەکاندا رووناکی دەدرەوشێ
وێدەچێ رووخساری پەشۆکاو، لەرزیوە، لەناو رووناکییەکەدا...
ئەو کچە بەرلەوەی شەقامەکە دنیاکەی وەرگرێ
کەمێک بە خۆی دەنازێ.
وەک سپێدە، کچە بۆ کافتریاکە، رێ دەبڕێ
قاوەکەی یەکەم بە بلوزەکەیەوە دەگرێ و
سەرماش لە شەقامەکەیە،
ئەو کافتریایەی کە ئاشنایەتی گەرم دەبێتەوە...
چەند خەون بەوە دەبینێ لێرە بمێنێتەوە:
لەتەک مێزێک لە گۆشەیەک دادەنیشێ،
دەخوێنێتەوە،
یان گوێ لە مۆسیقا دەگرێ،
کێش دەزانێ...
ئاخۆ لەناکاوێکدا ئەڤین
نایێ...

پاریس 1990/12/18

سعدی یوسف، قصائد باریس، شجر ایثاکا، شعر، منشورات الجمل 1992



www.arsivakurdi.org

# پەلکەزێڕینە

لەنێوان پاریس و بۆبیندا، پەلکەزێڕینە دەرکەوتبوو
هاوین بوو کە لێرە، پێی دەڵێن هاوین
ناویشی پەلکەزێڕینە بوو.
گووتم گەر چاوی دەمێ لە پەنجەرەکەیەوە دەچێتە ژووری:
گەر ئێمە پێکەوە، لەگەڕەکدا، سووڕاندامانی
چی دەبینی، ئەی پەلکەزێڕینە؟
گوزەرمان کرد و
دوانیوەڕۆ بوو، لە ڕۆژی یەکشەممەدا...
نەمدەزانی:
لە گەڕەکەکەدا تاکە منالێک
یان ئافرەتێکمان نەبینی
هەتا سەگێکیشمان نەبینی.
تەنیا، درەختەکان بوون پەلکەزێڕینەیان پۆشی بوو
چڵەکان چەمابوونەوە و
قەدەکانیش
خۆشیەتیان دەبەخشی...

دەباشە، ئەی گەورەم
ئەوە ئێمە، هاتین و
سووڕاندمانی و
چاوەڕێمان کرد تا ببینین
یان تا خەڵکەکان بمان بینن...
هەروا دەبێ
بەڵام
دوانیوەڕۆ بوو، لە ڕۆژی یەکشەممەدا...

پاریس 1991/6/17

# * PAESTUM

ئەوانەی بە کەشتیەکانیانەوە هاتوون
تا لێرە، پەرستگایەک بۆ خواوەندی دەریاوان و
یەکێکی تریش بۆ ژنە گوڵهەنار، دامەزرێنن...

ئەوانەی بە پەرستگاکانیانەوە هاتوون
تا لێرە، شارێک، دامەزرێنن...
ئەوانەی بە شارەکانیانەوە هاتوون
تا نوێژێک دابەستن...
چۆن نەیانزانی زەوییە ئاوییەکە
هەر بە رازاندنەوە ئاساییەکانی دەمێنێتەوە:
ئاوەکە بەرز دەبێتەوە و
تا مەرقەدی خواوەندی، قامیشەکە، دەچرۆسێ؟
چۆن نەیانزانی ئەو هەموو پەیکەرانە
ئەوە بۆ ساتەکانی دواییە
ئەوە بۆ نهێنیەکە، کە لەتیکێکی دەفرەکە دەبریقێتەوە؟

پاریس 1991/1/6

× پەرستگا و کەلاوەکانی ئەغریقییە لە باشووری سالیرنۆ لە ئیتالیا.

www.arsivakurdi.org

## ئۆلیڤیا

چەند مۆسیقا دەبیسم
چەند لە شەودا مۆسیقا دەبیسم
چەند لە مۆسیقای شەوانە دەبیسم
هەنگاوەکانی ئۆلیڤیا

لەبەر دەرگا و
لەلای هەیوانی ژوورەکەم
لەلای دەریا داچەقیووەکەی تا دیوارەکە
لەبەر ئاوێنەکان...
ئۆلیڤیاش دێتە نێو
دێتە نێو مۆسیقای شەوەکە
دێتە نێو ئاوێنەکان...
دەچرپێنم:
ئۆلیڤیا!
ئۆلیڤیا!
ئۆلیڤیا!
دەچرپێنم، هەتا دەریاکە دەمبا و
دەچمە ناو مۆسیقا
دەچمە ناو مۆسیقای شەوەکە،
...........
............
ئۆلیڤیاش دەردەچێ...

پاریس 1991/4/25

گوڵبژێرێک
لە شیعرەکانی
(سعدی یوسف)
وەرگێڕانی: هەندرێن

## تاراوگە: زەردەخەنەی پیاسەکانی پەرێشانی

### زوان

بەفرەکە
سەربەست و نەرم... نەرم دەکەوێ و
رەش...
لەسەر بەردەکانی شەقامەکە دەتوێتەوە.
بەردەکان بەو ناشۆرێنەوە
ئاوێنەکان بەو ناشۆرێنەوە
بەفرە سپییەکە
رەش بوو...
کەچی ئافرەتەکە لە شادمانی دیدارەکەی یەکشەممەیدا:
ئافرەتەکە هەنگاوەکانی خێراتر دەکا
ئافرەتەکە کەمێک سووراو دەکا
ئافرەتەکە بە پاڵتۆکەی خۆی شەنگتر دەکا
تاڵە پەرچەمێک لەسەر چاوەکانی هەڵدەداتەوە و
لەژێر بەفرەکەدا
خێراتر
بەرەو ژوانەکەی رێدەکا.

پاریس 1990/2/9



www.arsivakurdi.org



**ستیگ داگەرمان** Stig Dagerman لە سەردەمێکدا ژیا، لە هەموو شوێنێکی ئەوروپادا خوێن دەڕژا. ئەو نەیتوانی جگە لە خوێن لەبارەی شتێکی تر بنووسێ. سەردەمێک کە پڕ بوو لە بکوژ، لە بکوژ بەولاوە شتێکی تر سەرنجی کێش نەدەکرد. ڕووداو و مێژووی ڕوودانی نووسینەکانی دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا و جەنگی دووەمی جیهانی. لەنێوانی ساڵی 1945 تا 1949.

لەم چوار ساڵەدا، چوار ڕۆمان، کۆمەڵێک چیرۆک، چوار شانۆنامە، کۆمەڵێک وتار و شیعر و سکێتچی ڕادیۆیی و سیناریۆی فیلمی نووسیوە. واتە لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیەوە تا بیست و شەش ساڵی، ئەم هەموو بەرهەمەی نووسیوە. لە سەردەمی ژیانیدا ڕێبەری دیار و زیندووی ئەدەبی سویدی بوو. نووسینەکانیشی وەرگێڕدراونەتە سەر هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان.

ستیگ داگەرمان، لە 1923/10/5 لەدایکبووە. هەر لە منداڵییەوە حەزی لە بینینی فیلم و شەیدای جیهانی سینەما بوو. ئەم جیهانەش بوو وزەی دایە خەیاڵی و هەست و هۆشیان بۆ جیهانی گەورەی ئەدەب و هونەر برد. ماوەیەکی زۆر دەچووە سینەما.

لەبارەی سەردەمی لاویی خۆیەوە نووسیویەتی: "کە زۆر گەنج بووم، یەکشەمەیەک لەپڕ هەستم کرد، دوو جیهان هەیە کە هەر هیچ لەیەکتری نەدەچوون، وەک «سوێدەرتێلیێ» و مانگ."

لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا دەبێ بە ئەندامی یەکێتیی لاوانی سێندیکالیست و لە ڕۆژنامەکەیان کاردەکا و ژیانێکی نوێتری دەداتێ. دوای ساڵێک دەبێ بە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە. لەو سەردەمەدا چەند ڕێکخراوێکی بچووک بەرگریان لە نازییەکان دەکرد و سویدیش وڵاتێکی "بێلایەن" بوو.

ستیگ داگەرمان، لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی سەندیکالیستەکاندا زۆر بەتوندی دژ بەم ڕێکخراوە بچووکانە دەوەستا و گەشەی ئەوانیشی بە مەترسی دەزانی لە ئاسایشی جیهانیدا.

ستیگ داگەرمان، لە تەمەنی سی و یەک ساڵیدا خۆی کوشت. کە یەکەمجار هەوڵی خۆکوشتنی دا، تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو. لەوساوە تا ئەو ڕۆژەی خۆی کوشت، هەندێ ماوە بەردەوام بیری لە خۆکوشتن دەکردەوە، بە جۆرێک زۆرجار کە دەچووە سەر جێگا، گوێزان یان کێردێکی لە تەنیشت خۆی دادەنا. بۆ ئەوەی ئەگەر بڕیاری خۆکوشتنی دا، یەکسەر بە ئەنجامی بگەیەنێ. تا شەوی 1954/11/3 لە گەراجی داخراوی ئوتومبیلەکەیدا بە گازی "کۆلۆکسید koloxid" خۆی خنکاند. کە دۆزییانەوە نیوەی جەستەی بەسەر کوشنی ئوتومبیلەکەدا کەوتبوو و ئوتومبیلەکەش کوژابۆوە. لەوە دەچوو دوای ئەوەی کە گەراجەکەی پڕ لە گازی "کۆلۆکسید" کردبوو پەژیوان بووبێتەوە.

* "سوێدەرتێلیێ": شارۆچکەیەکە لە دەرەوەی ستۆکهۆلم.



www.arsivakurd.org

**مردووەکان:**

ئەوانەتان لەیاد بێ کە دواجار دیمان: ئەم شووورە رەق و تەقەی هاواری
بە هاناهاتنی لەبەردا بوو. زیلە داپۆشراوەکەش. چادرێک دوا ئاسمانمان بوو.
بەلام هی بڵندترمان گەرمک نەبوو. ئەوەی سەرەوەمان لە دەروونماندا
هەڵگرتبوو. بن دارزەیتوونەکانی –نزاری چیاش. دەریاش وەک
سێبەرێکی دوور. رێگاکەش کە وەک ژیانمان دەماننناسی. ئەو
بێدەنگییەش کە کاتێ پیاو بە تفەنگی بەکەڵ هاتوو سێرە
لە پیاوی تر دەگرێ. بێدەنگیش کە هێندە پڕ بوو لەو وشانەی کە قەت نەوتران.

**زیندووەکان:**

چ وشەیەک بوون؟

**مردووەکان:**

باوەڕبوون کە لەگەڵ خوێندا رۆچوونە ناخی زەوی.

**زیندووەکان:**

چ باوەڕێک بوون؟

**مردووەکان:**

**تۆ کە لەدایک بووی ـــ مافی ژیانت هەیە.**
**تۆ کە دەژی ـــ مافی مردنت هەیە.**
**تۆ کە برسی دەبی ـــ مافی نانت هەیە.**
**تۆ کە تینوو دەبی ـــ مافی ئاوت هەیە.**
**تۆ کە ئازار دەدرێی ـــ مافی ئازادیت هەیە.**
**تۆ کە دەکوژی ـــ مافی رقی هەموو کەسێکت هەیە.**
**تۆ کە دەکوژرێی ـــ مافی دوو ژیانت هەیە.،**



www.arsivakurdi.org

**زیندووەکان:**

ئامۆژگارییەکە بۆ ئێمە زۆر گەورەیە. ئەوەی کە دەتوانین بۆ ئەم جیهانەی
بکەین، ئەوەیە کە یادی تاوانی جیهان بکەینەوە: کۆڕی یادکردنەوە،
شیعری یادکردنەوە، وتاری یادکردنەوە. هاوڕێیان، لەوەدەچێ هەر
هەر بە مردوویی بە هانامان بێن. بەڵام ئێمە دەمانویست کە زیندوو بوون
بە هاناتان بگەین.

**مردووەکان:**

لەبیرنەکردن کردارێکە، ئەگەر مرۆڤ بەهێزەوە لەبیری بێ. ئەو کەسە لەبیر مەکەن
کە لە بیریەتی و باوەڕ بەو کەسەش مەکەن کە لەبیری دەچێ. ئەوەی پێتان بڵێ:
زەمەن هەموو زامێک سارێژ دەکا. ئەمە درۆیە. زەمەن زامی کوژراوەکان
سارێژ ناکا. گەورەتری دەکا.

**زیندووەکان:**

بەڵێ لەبیرمان دەبێ، بەڵام هەرگیز ناتوانین ئەوەتان بدەینەوە،
کە دۆڕاندتان.

**مردووەکان:**

بەهەرحاڵ. قەت ناکرێ بکوژ و کوژراو لەیەکتری جیا بکرێنەوە.
لە مردندا جەللاد بەدوای قوربانییەکانی دەکەوێ. لە ژیانیشدا قوربانییەکان
بەدوای جەللاد دەکەون.
یادی ئێمەی مردوو و ئەوانەی مردنیان داینێ، بکەنەوە. هەتا یادی تاوانەکان
بکەنەوە تاوانکار تاوانکارە. هەتا تاوانکاریش تاوانکار بێ، بە رق و کینە
ڕووی لێدەکرێ. هەتا رق و کینەش دووچاری بکوژەکان ببێ، هیوا بۆ ئەو
قوربانییانە هەیە کە ئێستاش ماون. بۆیە یادکردنەوە دەسەڵاتێکە و
لە دەستی ئێوەدایە.

**زیندووەکان:**

چی تریشمان لەیاد بێ؟

**مردووەکان:**

دەزانین. دوورەپەرێزی شێوەی ژیانتانە. بەڵام دوورەپەرێزی چییە؟ ئا، تەنیاییە. لێتان پاڕاینەوە نزیک ببنەوە. بۆ دوورکەوتنەوە؟

**زیندووەکان:**

ئێوە لەوێ و ئێمەش لێرە دەژیاین. پێویستە مرۆڤ لەوێ بگوزەرێنێ کە دەژی.

**مردووەکان:**

بۆ ئێمە کە مردین، ئێرە و ئەوێ نییە. بۆ ئێمە تەنێ یەک شوێن هەبوو. ئەویش ناوی زەوی بوو. بێگومان دەبێ ئێوە بژین. بەڵام دەبێ ئێمەش بژین. لەگەڵ ئەوەشدا مردین. چۆن ئەمە روون دەکرێتەوە؟ هەموو کەس دەبێ بژی، بەڵام زۆر کەس دەمرێ. چونکە دەبێ بژین، دەمرن. وڵاتەکەمان زۆر سەیر بوو. زۆر وڵاتی تریش وابوون. زۆر کەس دەژین بۆ ئەوەی بمرن. ئێمە مردین بۆ ئەوەی بژین.

**زیندووەکان:**

ئێمە درەنگ هاتین. ئەمە نەخۆشی و رەوشتی ئێمەی رۆژئاواییە. هەمیشە درەنگ دەگەین. کە جەستەکان سڕ بوون دەگەینە جێ. کە گوللە بێدەنگ بوو، دەنگمان دەبیسترێ. چۆن پێڕابگەین کە زۆر دوور لە تاوانەکە دەژین؟ چۆن تۆڵە بکەینەوە، کە بێ چەکین؟

**مردووەکان:**

برادەران: هێز و چەکداری تێکەڵ مەکەن. بکوژ چەکهەڵگرە، بەڵام ئایا بەهێزە؟ جەللاد بێ چەکە، بەڵام چەکدارە. گۆڕەپانی تیربارانکردن نیشتمانی بێهێزەکانە. بێهێزەکان دەکوژن، چونکە لە ژیان بێهێزترن. مار پێوەدەدا و ترساویش لێدەدا. ئێمە مردین، چونکە بەهێز بووین. لەو وڵاتەی تیایدا دەژین هەڵبژاردن بوو لەنێوانی: بێهێزی و بکوژی. بەهێزی و بمری. گەر دەتانەوێ تۆڵە بکەنەوە: بەهێز بژین.

# هەڤپەیڤینی نێوان زیندوو و مردووەکان

**شیعری: ستیگ داگەرمان**

**وەرگێڕانی: رزگار عەبدوڵا**

**مردووەکان:**

دواشت گۆڕەپانێکی تیربارانکردن بوو لە نزیک "بەرشلۆنە". ئاوا ئاسانتر بوو.
هەموو شتێکی لێبوو: چەک، تفەنگچی باش و نیشانەش. ئێمە لە تابلۆ
باشتر بووین، چونکە زیندوو بووین. کەچی ئێوە زۆربەتان لەوێ نەبوون.
لەوێ بوو مردین.

**زیندووەکان:**

جیهان بۆ ئێمەی زیندوو وای لێهاتووە: کە چاو دەنووقێنین، دەبینین پیاو
بکوژرێ. کە ماڵ بێدەنگە گوێمان لە تەقە دەبێ. بەڵێ مردنمان ئەزبەر
کردووە. شارەزا ی وڵاتتانین، کەچی قەت لەوێش نەبووین.
لەم وڵاتەدا قورقوشم بۆ دڵ دەردەچێ، وەک کە بۆ مۆگناتیسێک بچێ.

**مردووەکان:**

ئەمە راستە. ئەمەش راستە کە مردن روو لە ژیان دەچێ. بەڵام قورقوشم نەبوو
ژیانی بردین، چەند پیاوێک بوون. نەفرەت لە قورقوشمەکە مەکەن. نەفرەت
لەوان بکەن. لەو لای کە لێی دەژیاین مردن وەک هەگبە لەسەر پشتی
مرۆکانی دی هەڵدەگیرا. مردن لەسەر مێزی هەموو کۆشکەکان بوو.
لە گەورەترین کۆشکیشدا، مردن لەسەر کورسییەک دانیشتبوو و بۆ
میللەت دەدوا.

**زیندووەکان:**

وڵاتێکی ئەستەم بوو لێی دەژیان. ئەوەمان لەبیر دەبێ. بەڵام هەرگیز وڵاتی
ئێمە نەبوو، هەرگیز هی ئێمەش نابێ. ئێستا و هەمیشەش لێی دوورەپەرێز دەبین.



www.arsivakurdi.org

7

له ئاوێنه‌ی ئاودا
زه‌مه‌ندێکی ناو بیابان
جێبرینی فیز و هه‌وا
برینی خۆپه‌سه‌ندی
شوێنه‌واری بێوره‌یی
روخساری خۆبینین،
خۆ له‌به‌ر ئه‌و ئاوێنه دیمه‌نه بگری و
له کانییه‌که‌ی
بخۆیه‌وه
بخۆیه‌وه
بخۆیه‌وه.

8

سه‌رده‌می وایه
حه‌ز ده‌که‌م
بۆ تۆ
ببمه چه‌پکێک تیریژی هه‌تاو
ئه‌و تیریژانه‌ی ده‌سته‌کانت گه‌رم ده‌که‌نه‌وه
ئه‌سرینه‌کانت ویشک ده‌که‌نه‌وه
ئه‌و تیریژانه‌ی له‌سه‌ر لووتت ختووکه‌ت ده‌ده‌ن و
وه پێکه‌نینت ده‌خه‌ن
ئه‌و تیریژانه‌ی رووناکی ده‌خه‌نه تاریکترین
گۆشه‌ی ده‌روونت،
رۆژه‌کانت ده نوورێک رووناک هه‌ڵده‌کێشن
کێوه سه‌هۆڵه‌کانی ده‌وروبه‌رت
ده‌توێننه‌وه.

9

با له هه‌وره‌تریشقه و
کرێوه‌دا
لک و گه‌ڵا
له داری ژیان به‌رببنه‌وه
دار هه‌ر به پێوه‌یه
هه‌تا قووڵتریش
ریشاژۆ بێ
هه‌تا چڵه‌کان
زیاتر به‌ره‌و تیشک ببنه‌وه
گه‌ڵای سه‌وزتر
لکی به‌هێزتر
پێده‌گه‌ن.

10

دار هه‌تا پیرتر بێ
مه‌زنتر و هێژاتره
هه‌تا ریشاژۆتر بێ
له‌به‌ر ره‌شه‌با خۆراگرتره
هه‌تا لک و پۆی چرتر بن
پارێزی جێ متمانه‌تره
هه‌تا قه‌فی به‌قه‌وتر بێ
له پاڵوێداندا خۆراگرتره
هه‌تا چڵی به‌رزتر بێ
سێبه‌ری داپۆشه‌ری چرتر ده‌نوێنێ
هه‌ر جه‌غزێکی ته‌مه‌نی
دیمه‌نێکی ئاشکرایه
له هێزی به‌سه‌رچوو
وێنه‌ی
گنجێکه
به رووخسارێکه‌وه.



www.arsivakurdi.org

به دیتنی ئامێزی کراوەت
لەژێر پێما
هەست بە ڕەقانەی زەوی کەم.

4

با
لەسەر تاسەکانی ئادەمیزاد
گۆرانییەک دەچڕێ
لەسەر خەونەکانی ئادەمیزاد
ماتە ئاسمانی پڕ ئەستێرە،
هەر کلووە بەفرێک
وەک فرمێسکێکی نەتکاوە دەچێ

بێدەنگی کپ
کە بەدەگمەن خۆی لێدەدەین
ئاخنراوە
لە وشە نەگوتراوەکان،
هێما شاراوەکان،
باسە قەتیسماوەکانی ئەوین،
برینە نەدرکاوەکان،

لەو بێدەنگییە کپەدا
ڕاستەقانی مە حەشار دراوە
ڕاستەقانی تۆ
ڕاستەقانی من.

5

بۆ تۆ و بۆ خۆم
ئارەزووی ئەو چاوانەمە
کە تیشک و هێماکان
لە تاریکییەکانماندا
بناسنەوە

ئەو گوێیانەی
کە چپە و دەنگەکان
لە سڕبوونماندا بژنەون

بۆ تۆ و بۆ خۆم
ڕۆحێک
کە هەموو ئەوانە
وەرگرێت و
وەخۆگرێ

زمانێک، کە
لە ڕاستۆکی خۆیا
ئێمە لە بێدەنگی خۆمان
دەربکێشێ
بواری دەربڕینمان داتێ
دەربڕینی ئەوەی
بەندی کردووین.

6

بیابانی دەروونم
گەرمکیە مەودام بدا
زیاتر متمانەم بە خۆ بێ
هەتا بەوەی کە، دەمیەوێ
بەرەو ئاوی ژینم بەرێ

گەر مل بدەم
لە پەنا چالاوێ
قرم دێ لە تینووان.

www.arsivakurdi.org

# گوڵبژێرێک لە شیعرەکانی
# مارگۆت بیکێل
# Margot Bickel

وەرگێڕ، لە ئاڵمانییەوە: هێدی

1

بێدەرەتانی
دەخۆیدا
دەسپێکردنەوە
بووژانەوە
هەستانەوەی
حەشار داوە

لەو دەمەیدا پێمانوایە
گەیشتووینەتە ئەنجام
تازە
لە سەرەتادا
وەستاوین.

2

بوێرە خەونان ببینە
بە خۆتەوە
بەوەی کە نیت

بوێرە خەونان ببینە
بە خۆتەوە
بەوەی کە نیتە

بوێرە خەونان ببینە
بە خۆتەوە
ئاوا کە بەڕاستی هەیت

بوێرە خەونان ببینە
بە خۆتەوە،
پاش وەخەبەر هاتنیش
رووخساری خەواڵووی راستەقینەت
تێک مەدە.

3

پاش گەلێ سەفەری
تۆفان و کرێوە و
راژانەوەی سەر شەپۆلان
لەسەر زێی بەرزی ژین،
بەتاسەوەم
لە پەنای تۆ لەنگەر بگرم
بادەوانان کۆکەمەوە
سەوڵەکان هەڵکێشمەوە
دەست لە فەرمان بەردەم
بەرەو ئەسکەلەت ببمەوە
لە پەنات داسەکنێم



www.arsivakurdi.org

سەدەیەک هەڵینەبڕم!.
ئەو قوڕوقەپەی کردم تا دوو سەدەیش
دەم نەکەمەوە... ئاخ
من تاکەکەسم گوێم لە پرخەپرخی تاسەنەی [4]
خۆمە و خەبەریشم نابێتەوە!
من ئەم هەموو داب و نەریتە پیرۆزانەیشم
لە باپیرە هەرە گەورەکانمەوە بۆ ماوەتەوە
لەو باو و باپیرە سمێڵ بابڕ و کەللەشەکانەوە
کەللە بەرانانەوە،..
کە جگەرەی دەم باسقەنە [5] درێژەکانیان
بە ئاگری ماڵە سووتاوەکانیان دائەگیرساند و
هەرگیزا و هەرگیزیش
چاویان نەئەکزایەوە!
من بێ باکێکی مەزنم!.

هەولێر
تەموزی 1993

دیرۆک: مێژوو.
باپووسکە: کرێوەی بەفر بە باوە.
ئاوەز: عەقڵ، بیر.
تاسەنە: خنکان.
باسقەنە: سەبیل.

لەمیشیانەوە: پڕ بە ئاوەڵکراسی ژنەکەم:
بۆن خۆشترین شووشەعەتر و، مرواری و مەرجان و
زومردیش بۆ خەلیفەژن!.
من هەمیشە کۆیلەی تاجە خوێناویە
پرشنگدارەکانی دراوسێ ئازیزەکانم بووم.
لایەنگری چەقۆی سەر گەردنی شاخە رووتەڵەکانم...
من هەمیشە
درێژترین باوێشک بووم لە زاری ئەم سەر زەمینەدا!.
ئاخ! من تەنیایەکی بەنەعلەتکراوم لەژێر
ئەم قوببە سامناکەدا و لەبەر هەتاوی سووری
سزای ئەبەدییم، بەردەوام و بەردەوام بە زمانی
چون پەلاسم زامەکانی خۆم ئەلێسمەوە.
من کوت و مت لە قەلەباچکەیەکی رەشی شەل ئەچم.
قەلەباچکەیەکی بەسزمان و تەمەڵ. هێزی قیراندنم
تێدا نەماوە. هەمووجار ملم ئەکەم بەژێر
باڵە رووتاوەکانمەوە و بۆ سەدەیەک و دووان و
سیان ئەنووم. من تەلیسمی بێهودەیی،
جادووی بێ هۆش و گۆشیی، رێ نوماییم ئەکەن!.
من ئاوەزم (3)
لەسەر مەشق کردنێکی سەختی
بیرنەکردنەوەی درێژخایەن راهێناوە.
بە سەبری تەوەزەلیی.
بە چاوەڕوانیی بێ کۆتایی.
بە پێشوازیی کوت و پڕی مردنی هەمەچەشن
هەمەڕەنگ... راهاتووم.
خوویەکی نەگۆڕم بە درووونی کفن و،
داتاشینی تاتەشۆر و، هەڵکەندنی
گۆڕی خۆمەوە گرتووە!.
خوویەکی نەگۆڕم بە لەسەر پشت پاڵکەوتن و
ئەبڵەق بوون و تێ ڕامانی هیچەوە گرتووە.
من ئەتوانم ئەو چاوەی دامخست



www.arsivakurdi.org

بەر نووکەشەقی قەشەکانی ڕۆژئاوا و مەلاکانی ڕۆژهەڵات.
من ئەو دەوەنەم
ئەو دەوەنە گرکنە خۆهەڵکێشەی
کە نەبووم بە دار و
نەبووم بە دار و، نە بووم بە دار!
بڕواننە ئەم پێستە کەوڵکراوەم، ئاڵای شەق و پەق بووی
شانازی و سەروەریم
چارۆگەی شیتاڵ شیتاڵی بەلەمە سەرگەردانەکەم
ئەو گەمیەیەی کە وەکو ئەستێرەیەکی خوێن لەبەرچۆڕاوی
مەرگ. گەیشتە سەدان بەندەری تەماویی بە ترس
داپۆشراوی، دوای شەڕوشۆڕی بێ ئامانی پادشاهان و
سوڵتانان و دوای بە هەپرون بوونی خۆم. ئەو بەلەمی
گەیشتە چین و ماچین و گەیشتە دوا لێواری بە مردن
ڕازاوەی سەر زەمین.
ئەو گەمیەیەی بارکرا لە کەللەسەر و بارکرا
لە خۆڵەمێشی لەشی عاشقان و بارکرا لە ئێسک و پروسکی
سترانەکان و بارکرا لە زێڕ و لە گۆی مەمکی کچان و
لە ئەڵماس و لە گەوهەر و بردمەوە بۆ ئاستانەکان،
بۆ تاران و بۆ بابی عالی و... ئەو بەلەمەی
مێژووی چرویری شەپۆلە رووزەردە بەهەڵپەکانم
ئەگێڕێتەوە. ناو و ناوبانگی گەورە و بریقەداری سەرکەوتنم
بەسەر ژن و منداڵ و پیرەمێرددا پێ ئەبەخشێ!.
ئاوڕبدەنەوە. ئاوڕ لە جوامێریم
من شمشێری هەڵکێشراوی ڕیزی پێشی پێشەوەی
بەهەشتیەکان بووم. لەژێر ئاسمانی مسینی
هەزاران شار و شارۆچکەدا، وەک یەکانە دڕەکان
جەنگیم. من دەستێکم لەسەر شوورەی چین و
قاچێکم لەسەر پاردەکانی ئیسپانیا جێمان.
لەویانەوە: چەندین مشت، پڕ بە سکم، پڕ بە
گیرفانە گەورە و پان و پۆڕەکانی شەرواڵەکەم:
دوڕ و یاقوت و گەوهەرم بردەوە بۆ خەلیفەی ئاخرزەمان.

ئێمە لەگەڵ باپووسکەی [2] "ڕێککەوت"دا
پەیمانێکی تاهەتاییمان بەستووە!.
چۆن هات و لە کوێوە؟... ئێمە لێرەین... لە ڕۆژهەڵات
یان لە ڕۆژئاواوە... ئێمە هەر لێرەین!
دێت و وەک پووش و پەڵاشی دەم گەردەلوولێکی شێت
وەک تووکە سەری ئاو بردوو
وەک لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی دڕاو
وەک تاکە گۆرەویەکی کۆن
وەک دووکەڵی جگەرە
ئەمانفڕێنێ و ئەمانبات و تێکەڵ بە بزربوونمان ئەکات.

ئای لەم گەمە شێتانەیە
ئێمە خۆمان بە لقی شکاوی مێژوویەکەوە هەڵواسیوە
ئەوەتا لەرەلەرمانە و هەر ساتە نا ساتێکیش
لقەکە قرچەیەکی لێوە دێ!.
وای لەم سەمای ئێسقانە قرچۆکانە
وای لەم ژیلەمۆ سارد و
وای لەم بەستەڵەکە گەرمانە!.

من سەرلەبەری ئازارەکانی خۆم پشکنی.
من سەرلەبەری شانازیەکانی خۆم هەڵدایەوە.
من تەواوی مردنەکانی خۆم ژمارد.
بەڵام لە هیچیاندا خۆمم نەدۆزیەوە
لە هیچیاندا سێبەر و هەتاوێکی ڕاستەقینەم نەبوو
قەت... قەت... قەت
نە سەرەڕمی شەڕی خۆم بووم و
نە دەنووکی کۆتری خۆم.
نە ئەسپ بووم و
نە حیلە بووم و
نە قریوەقریوی سوار.
من پاشبەندێکی بێ سەر بووم، پاشبەندێکی گرمۆڵەی



www.arsivakurdi.org

پەخشانە شیعر

# یەکانە

## شێرکۆ بێکەس

پرسەی زیندووانەو، عومری ژنە دیرۆکێکی [1] نەزۆک!.
ئەوەتا لەم گۆڕستانە بە بژوێن و جوانەدا
تاک تاک و بەکۆمەڵ لەسەر گازی پشت پاڵکەوتووین و
چاومان بڕیوەتە چاوی ئەستێرە بەدبەختەکان.
ئەستێرە خۆڵەمێشیەکانی ئاسمان...
رەنگمان، دەنگمان، بوونمان: وەک پۆشاکمان
تۆز و گەردی هەزار ساڵەی
بەهەشتێکی رووخاو و تاڵانکراوی
ئەبەدیی لێنیشتووە!.
لەم گۆڕستانە بە گوڵزار و جوانەدا
کەس خەون نابینێ!.
کەس لە پێستی بۆگەنکردووی هەڵناگەڕێتەوە... کەس.
کەس مێش و مەگەزی سەر برینەکانی خۆی
دەرناکات... کەس!.
تەنانەت کەسیش وڕێنەیەک چییە
بە ئایندوەوە... نایکات!.
ئایندە نییە. نییە. نی!.
قات و قڕیی خەون و قات و قڕیی خۆشەویستییە!.
حەسرەتمان... ئاخ... حەسرەتمان
لە کوێرێکی زەلیلی دەروەزەکەر ئەچێ
لە نابینایەکی بێ ماڵ،



www.arsivakurdi.org

- سەرچاوەی شیعر ژیانە. هەموو شتێکی جوان و هەرچییەک کە گەشە بکات، ئەنجامی ژیانە. نابێ لە ژیان هەڵێین و لاوەی بنێین. دەبێ بکەوینە ناوییەوە و بە ئەزموونەکانیدا تێ بپەڕین؛ تەنانەت بە ناخۆشترین و پڕ ئازارترین ساتەکانیشدا، هەڵبەتە وەکو منداڵێکی واقوڕماو نا، بەڵکو بە هۆشیارییەوە و چاوەڕوانی هەموو جۆرە ڕێکەوتێکی ناخۆشیش بین تێیدا.

چوونە گەرمەی ژیانەوە بۆ هەر هونەرمەندێک پێویستە، وا نەبێت ئەو هونەرمەندە لە چی پڕ دەبێت؟

فروغی فروغزاد



www.arsivakurdi.org

# دیوانی وان

شێرکۆ بێکەس
مارگۆت بیکێل
ستیگ داگەرمان
سعدی یوسف
ناله حەفید



www.arsivakurdi.org

فرانسێسکا
: تۆش؟

پاوڵۆ
: ئا! بەڵام بۆ ناکەوینە سەر زەوی؟

فرانسێسکا
: ناکەوین؟ بۆ دەبێ بکەوین! لەو بڕوایەدایت، مردن ئەوەند بەدەسەڵات بێت؟ ئەوە چۆن دەبێت؟ ئەوە ژیانە بەدەسەڵاتە، نەک مردن. ژیانە، کە مەزن و بێکۆتاییە ـ گەرچی مرۆڤ هەموو شتێک دەکات بۆ ئەوەی نکۆڵی لە بەدەسەڵاتی ژیان بکات.

پاوڵۆ
: ئا! ڕاستە. ژیانە کە مەزن و بێکۆتاییە، نەک مردن. وەرە خۆشەویستم، با بژین! بۆ هەمیشە بژین!
*ئاسمانە پڕ لە ئەستێرەکە، دادەگیرسێنرێت.*
*وێدەچێت، کە بچنە ناو ئاسمانەکەوە.*
: با لە دەروازەی ئەستێرانەوە بڕۆین.

فرانسێسکا
: بەژێر تاقی گەردووندا.

پاوڵۆ
: با هەموو شتێک بێسنوور بێت.

فرانسێسکا
: هەموو شتێک بێسنوورە.

پاوڵۆ
: لێگەڕێن، مرۆڤ بێسنوور شاد بێت.

فرانسێسکا
: لێگەڕێن، مرۆڤ بژی.

پاوڵۆ
: بێ هیچ سنوورێک.

فرانسێسکا
: لێگەڕێن، مرۆڤ بژی.

پاوڵۆ
: لێگەڕێن، مرۆڤ بژی.

فرانسێسکا
: لێگەڕێن، مرۆڤ بژی.

× بڕوانە:
PÄR LAGERKVIST, DRAMATIK, VOL. 3. "LÅT MÄNNISKAN LEVA" (1949). S.S. 199-218. ALBERT BONNIERS FÖRLAG. STOCKHOLM. 1956,



**× پێر لاگەرکڤیست.** 1891-1974، **یەکێکە لە نووسەرە گەورەکانی ئەدەبی هاوچەرخی سویدی. گرفت و کێشەکانی مرۆڤ و ژیان، پێویستیی هەبوونی بڕوا لای مرۆڤ، بێدەسەڵاتی، یان لەئارادانەبوونی دەسەڵاتی یەزدان، لە بابەتە سەرەکییەکانی نووسەرن و ناوەڕۆکی بەشێکی زۆری بەرهەمەکانیان پێک هێناوە.**

www.arsivakurdi.org

ئەوەیش راست نەبوو، کە گوتم ئەگەر پارەکان دواییات نەهاتایە، خۆم هەڵنەدەواسی. بە تەواوی راست نەبوو. مرۆڤ هێندەش خراپ نییە وەک دەوترێت، یان بۆ خۆی لەو بروایەدایە. من شتێکم کرد راست نەبوو. شتێک کە خیانەتم بەرامبەر کرد. بەتەواوی دڵنیا نیم ئەو شتە چی بوو. بەڵام شتێک بوو ـ هەر لەبەر ئەوەش چیتر نامەوێت بژیم.

منیش وەک ئەوانی دی دەڵێم "ماڵئاوا" گەرچی کەسیش ئەوەی پێ گرینگ نییە.

*دەچێتە دەرەوە.*

سۆکراتەس

*بەرەو بەشی پێشەوەی شانۆکە دەڕوات. دەنگی دادرانەوەی چارۆکەکانی کەشتییەک دەبیسترێت. رادەوەستێت و گوێ دەگرێت. پاشان:*

: ئەوە کەشتییەکەش گەڕایەوە و لاوەکانیش چەپکەگوڵەکانیان لە ملیان کردۆتەوە.

*روو لە بینەرەکان دەکات.*

: داوای لێبووردن دەکەم، هاورێیان، کە ناتوانین ئەم گفتوگۆیەمان تەواوکەین، گەرچی بەپەلە لەو بابەتە دەدوا، کە دەکرێت بۆ هەر یەکێک لە ئێمە گرینگییەکی تایبەتی هەبێت. ناچارم لێرەدا کۆتایی پێبێنم، چونکە چەژنی خواوەندی رووناکی بەرەو دواساتی دەچێت و ئەو ژەهرەی مرۆڤەکانیش بۆ یەکتری رادەگرن، تا نۆشی بکەن، کراوەتە ئەو پێکەوە کە بۆ من ئامادەکراوە. پێتان وانەبێت، کە نامەوێت چۆڕبڕی بکەم. هەرگیز! پیاوێکی پیرم و ژیانیش شتێکی تێدا نەماوە بەرەو خۆییم رابکێشێت. تەنیا شتێک کە تا ئێستاش بەرەو خۆی کێشم دەکات، گەڕانە بەدوای هەقیقەتدا، گۆڕینەوەی بیر و رایە تا بەو رێیەدا بمان بات کە لێیەوە زیاتر دەربارەی هەقیقەت، فێردەبین. وەک دەزانن، من بە فەیلەسوف ناودەبرێم، زۆریش حەزم لە گفتوگۆی بەسوودە. بەڵام ئیتر وایە، هەموو بیروراگۆڕینەوەیەک، بەناچاری کۆتایی خۆی هەیە و جێگرتنی هەر هزرێکیش هەڵقەیەکە، ئەوەی بەدوای هەقیقەتدا دەگەڕێت، دەبێت پێی وابێت، لەوێدا دەبێت بیبڕێتەوە و وا ببینێت کە زنجیرەکە چیتر بۆ ئەو هەڵقەی تری نییە. ئەمێستاش کە بارودۆخەکە ئا بەو جۆرەیە، چیتر ناتوانم بمێنمەوە، داوای لێبووردنتان لێ دەکەم، کە بەجێتان دەهێڵم گەرچی ئەو شتانەمان لا روون نەبۆوە، کە پێیانەوە خەریک بووین. لەگەڵ ئەوەشدا، بەو هیوایەوە، کە بەوپەڕی توانامانەوە لەسەریان دووایین، لێرەدا جێی دێڵم و دەڕۆم ئەو لەشەی جێی هیچ ناگرێت، بە دەستەکانی مەرگ دەسپێرم و گیانیشم بە خواوەندان.

*دەڕوات.*

گیۆردانۆ برۆنۆ

*بەرەو بەشی پێشەوەی شانۆکە دەڕوات.*

: ئەمێستا لەنێو ئاگرەکەدا راوەستاوم و لە داهاتوو دەنوارم. دەبینم داهاتوو رووناکە، تەواو دنیایەکی ترە.

ئا! دنیایەکی تر...

چ دیمەنێکی قەشەنگە!

ئێوە، ئێوە ناتوانن ببینن، بەڵام من، لێرەوە لەنێو ئەم ئاگرەدا، دەیبینم. دەیبینم کە پڕ لە رووناکییە...

ئا لەوێدا، دەمەوێت لەوێدا بژیم. بەوپەڕی شادییەوە، دەمەوێت لەوێدا بژیم.

*دەمێک دەمێنێتەوە و بە گەشکەوە سەیری پێشی خۆی دەکات.*

*دەڕوات.*

*پاولۆ و فرانسێسکا بە تەنیشت یەکەوە دێن و دەڕۆن.*

: چەند خۆشە لەگەڵ رووبارەکەدا رێکردن. چەند خۆشە، ژیان.

پاولۆ

: ئا! هیچ شتێک لە ژیان خۆشتر نییە.

*پێکەوە رێدەکەن.*

*پاولۆ دەوەستێت و دەست دەنێتە سەر دڵی.*

: هەستت بە رەتبوونی خەنجەرەکە کرد لە دڵتا، خۆشەویست؟

شەقامەکاندا، بەرەو مەقسەڵەکە تلدەبێتەوە، راوەستاوم! وەک ئەوانی دی دانەنیشتووم، راوەستاوم! لەبەرئەوەی چاتر بمبینن! هیچ و پووچینە! چاتر بمبینن! ئەمێستا پێتان ئاشنام! بە خەڵکی ئاشنام، ئەوەی لە پێناویدا، هەزاران رەوانەی مردن دەکرێن، ئەوەی لە پێناویدا، تەوژمانی خوێن دەگەڕێن! ئێوە هیچ و پووچن! هیچ و پووچ! رقم لێتان دەبێتەوە! ئەمێستێ، زیاتر پێتان ئاشنام و دەتانناسم، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر و زیاتر رقم لێتان دەبێتەوە! بە دڵشادییەوە، دنیایەک کە هیچ و پووچ و بێنرخان سەردارین، هیچ پووچ و بێنرخانی وەک ئێوە، بەجێدێڵم! گوێگرن، بەوپەڕی دڵشادییەوە! پێتان وانەبێت ئەترسێم! ئێمە قەت کەسانی ترسنۆک نەبووین! ئێمە، هەرچییەک بێت، لە کەسوکاری خۆمان دانابڕێین و شۆرەتیان لەکەدار ناکەین! بەرەو سێدارەکە لەگەڵما وەرێکەون، تا ببینن ژنەمیرێک چۆن دەمرێت!

دەچێتە دەرەوە.

ژان دارک

دەچێتە بەشی پێشەوەی شانۆکە. وا دێتەبەرگوێ، کە دار فڕێ ئەدرێتە سەر یەکتر بۆ ئاگرکردنەوە.

: وا دێتە بەر گوێم، خەریکن ئاگرەکەم بۆ ئامادەدەکەن. دەبێت هەر زوو بەسەر دارە گڕدراوەکان، بکەوم. دواکراوم و دەڕۆم. چ ڕێیەکی ترم لەبەردا نەبوو لەوەی هەڵمبژارد، لەبەرئەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان، هێندەش سەخت نەبوو. بەڵام سەرکۆنەی هەمووتان دەکەم، بەوەی کە ناچارم بە مردن.

بەرەو تاریکییەکە دەڕوات.

شەهید

دێتە بەشی پێشەوەی شانۆکە. دەکەوێتە سەر چۆک.

: خوای گەورە و میهرەبان، گیانی خۆم بە دەستەکانی تۆ دەسپێرم.

دەمێک دەمێنێتەوە. پاشان هەڵدەستێت و دەڕواتە دەرەوە.

مەسیح

دێتە بەشی پێشەوەی شانۆکە. دەنگی داکوتان بە چەکوش دەبیسترێت.

: گوێم لێیە، خەریکی داکوتانی خاچەکەمن. کەواتە دەبێت بڕۆم. ئەمەتان بە ناهەقی کرد دەرهەق بە من. بەڵام سەرباری هەر چییەک، تاوانبارتان ناکەم. ئێوە چەندانی ترتان لە خاچداوە، لەبەر ئەوەی بەتایبەت هەمان کار بەرانبەر بە منیش دەکەن گوناهبارتان ناکەم. نیازیش لە مردنی من ئەوەیە، لە مردنی ئەوانی تر، بەسوودتر بێت. هیوادارم هەرواش بێت. بەڵام با لێگەڕێین بۆ ئایندە.

گەرچی بێهوودە دەمرم، بەڵام قەت دەست لە خۆشەویستیتان هەڵناگرم. خۆشەویستییم بۆ ئێوە، هێند گەورەیە.

ماڵئاوا! ماڵئاوا! ماڵئاوا لە هەمووتان.

دەچێتە دەرەوە.

ریکارد و جۆو، پێکەوە، دەست لەنێو دەست. بەرەو بەشی پێشەوەی شانۆکە دەڕۆن.

ریکارد

: ماڵئاوایتان لێدەکەین و بەرەو تاریکییەکە دەڕۆین.

خۆ دەچەمێننەوە و دەڕۆن.

یوداس

بەرەو بەشی پێشەوەی شانۆکە دەڕوات، پارچەگوریسێکی لە دەستدایە.

: ئەمە ئەو گوریسەیە، کە بە نیازی خۆهەڵواسین، لەگەڵ خۆ، دەیبەم. پێم وانەبوو، ژیانم بەم شێوەیە کۆتایی پێ بێت. بەڵام سەیرە ـ چیتر بەرگەی ژیان ناگرم. کە ئەوم بینی بە بەر دەممدا رەتبوو ـ یەکسەر بۆم روونبۆوە، کە چیتر نامەوێت بژیم.

کوڕی خوا بوو، ئەو؟ دوور نییە!، تەنانەت لەوەش بەتەواوی دڵنیا نیم. بەڵام ئەوەی لێی دڵنیام ئەوەیە کە خیانەتم بەرانبەر کرد. کە لەپێناوی مندا بوو، بەسترابۆوە و لێی دەدرا. هەربۆیە چیتر نامەوێت بژیم.

www.arsivakurd.org

ئەو لە دنیایەکی تردا دەژی، لە گەردوونێکی زۆر جوداتردا، لەوەی ئێوە بە گەردوونی خۆتان نێوی دەبەن. مخابن، دەبێت وا بێت. ئەو کەسێکی تەواو تەنیایە. پیاوێکی پیرە و خەریکە تەواو ماندوو و زویر دەبێت، زۆرجاریش هەست بە خەمینی و دڵتەنگییەکی تەواو دەکات کاتێک بیر لەوە دەکاتەوە، کە چ ژیانێکی خولقاندووە و تا چ رادەیەکیش سەرنەکەوتوو بووە لە کارەکەیدا، بەوەی کە بەو جۆرە نەبووە کە خواستوویەتی. هەندێ جار هەوڵدەدەم دڵخۆشیی بەمەوە و دڵنەوایی بکەم، بەڵام ئەمە کارێکی هاسان نییە، کاتێک مرۆڤ کەرەستەیێکی وای لە دەستدا نەبێت مایەی دڵخۆشی بێت، بەڵگە بێت بۆ دڵخۆش بوون. ئەوەی ئەو داوای دەکات، چەند پەیڤێکی پڕ لە هیوا نییە، بەڵکو چەند رووداوێکی راستەقینەیە. بۆیە پڕ بە دڵ دەمویست داواتان لێ بکەم، هەوڵبدەن هێندە بەد و خراپ نەبن، بەڵکو لەبری ئەوە هێندەی لە تواناتاندا هەیە، هەوڵبدەن دیووە باشەکانی خۆتان نیشان بدەن، ئەو دیووە باشانەی، کە ئەزانم هەتانە. ئەوسا بۆ من زۆر هاسانتر دەبێت رووبەرووی باوکم ببەمەوە. یارمەتی منیش ئەدات، ئەو هیوایە لە دەست نەدەم کە پێتان هەمە. ئەمەم ناوێت، بەوە بەچی دەگەین؟ بێ لەوەش نامەوێت ئەو هیوایە لەدەست بدەم، چەند سەختیش بێت. من ئەو رووناکییەم کە دەبێت بەرەو دنیا بێم و ناچارم بیر لەمە بکەمەوە.

*دەگەڕێتەوە جێیەکەی خۆی*

سەرەکخێڵی ئینکا

*دێتە پێشەوە، دەکەوێتە سەر چۆکان.*

: خواکەی ئەوان، لە خواکەی ئێمە بەهێزتر بوو. تەنێ بەوەدا راگەیشتم نێوەکەی فێربم. ئەوان بە «کریستوس» نێویان دەبرد. لەپێناوی ئەودا دەبوو ئێمە بمرین.

*سەری دەچەمێنێتەوە.*

*هەڵدەستێتە سەر پێ و بەرەو تاریکییەک دەڕوات.*

رەعیەت

*تا سەر قەراغی شانۆکە دێتە پێشەوە.*

: من بیر لەوە ناکەمەوە دەست لە تاوانبارکردنتان هەڵگرم، لەبەرئەوەی (مەسیح) ئەوە ناخوازێت، ناخوازێت تاوانبارتان بکات! تاوانبارکردنتان، بە مافی خۆم دەزانم و تاوانباریشتان دەکەم. تاوانبارتان دەکەم، بەوەی بەسەر منتاندا هێنا! ئا، ئێوە! بەتایبەتیش ئێوە! ئێوە نەبوون، دەتان راتاندم و دەتان چەوساندمەوە، ئێوە نەبوون، لێگەڕان لەپێناو خۆتاندا بڕەنجێم و کاری سەخت و گران ومئەستۆم بگرم، لەبەرئەوەی خۆتان باش بژین! بەدرێژایی چاخەکان، مینا کۆیلەیەک بۆ ئێوە لەکارکردندا بووم، برسی بووم و هەرچی خراپە بەسەرم هاتووە! ئێستاش لەبەر ئەوەی ئەو پارچە گۆشتەم برد، رەوانەی مەقسەڵەم دەکەن! پێتان سەیرە، کاتێک پیاو مناڵەکانی برسیین، پارچەگۆشتێک، ببات! ئێوەش بوونایە واتان نەدەکرد! دز! دەتانەوێت ئەوە بڵێن، وانییە! ئێوە، کە تەنیا لەسەر دزی و بۆ خۆڕفاندنی هەر شتێک لەبەردەستا بێت، دەژین! ئێوە، کە لەسەر بەدبەختی مرۆڤانی تر، لەسەر ئەو دۆزەخەی ئەوانی تێیدان، دەژین! ئێوە، کە مامڵەی مرۆڤانی دی بەوێنەی گیانلەبەران، خراپتریش لە گیانلەبەران دەکەن، لەبەرئەوەی پێتان وایە هیچ نرخێکیان نییە! ئێوە نرختان چییە! ئەمیستێ بەرەو مەقسەڵەکە لەپێناوی ئێوەدا دەنێردرێم! بۆ خاتری ئەوەی بەدڵنیاییەوە سکی خۆتان لە خواردن بئاخنن، بۆ ئەوەی کەس نەخەڵەتێ، چیتر بەلای خواردنەکانتاندا بچێت، تا هەمیشە لەوە زیاترتان هەبێت، کە ئەتوانن بیخۆن! بۆ ئەوەی تەنیا پارچەیەک، لە پارچەگۆشتەکانتانم بردووە! نەفرەت! نەفرەت! بەرلەوەی بڕۆم!

*سەر شانۆکە بەجێدێڵێ.*

کۆمەسان

*دێتە بەشی پێشەوەی شانۆکە. قیژەقیژ و تەقەتەق دەبیستریت.*

: من لێرە لەنێو ئەو گالیسەکەیەی بەسەر

www.arsivakurdi.org

لەوانەیە، ئەمە بە کارێکی سەیروسەمەرە بێتە پێش چاو، بێگومان هەر وایشە. بەڵام جارێک لە جاران ئەو کارە رەوتی ئاسایی خۆی وەرگرتووە و ئیدی؛ دەبێ چ هۆیەک مایەی تێڕامان و لێ وردبوونەوە بێت؟ ئێوە دەزانن مرۆڤان چۆنن. ئەیان ناسن، وانییە؟ ئێوە بۆ خۆشتان مرۆڤن.

وەک وترا، دیسان دەبێت، بێ تاوان یا لەئاکامی رووداني تاوانەوە، خوێن بڕێژرێت. ئەوکاتیش هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ باری ئاسایی و رۆژانەی خۆی و دەرهەق بەوەش هیچ ناتوانرێت بکرێت. جەژنەکەیش، سووک و هاسان، کۆتایی دێت.

لەبەرئەوە لە خۆم دەپرسم بۆ دواکەوت، بۆ کەشتییەکە لەنگەرناگرێت و لاوەکانیش چەپکە گوڵەکانی ملیان لە خۆیان ناکەنەوە.

*دەگەڕێتەوە جێی خۆی لە ریزەکەدا.*

کۆرس

*هەموویان پێکەوە.*

: ئێمە تاوانباردەکەین! تاوانباردەکەین!
تاوانباردەکەین!

مەسیح

*دێتە پێشەوە.*

: ئێوە سکاڵایەکی زۆر و زەبەندتان هەیە. لە دادوەرەکانتان، لە چارەنووستان هەڵدەگەڕێنەوە، بەدڵنیاییشەوە هەقی خۆتانە.

بەڵام من، من کێ تاوانباربکەم، سکاڵا لەدەست کێ بکەم؟ خۆ ناکرێت ئێوە تاوانباربکەم؟ نا، من دەبوو بکرامایەتە قوربانی، لە سەرەتاوە، هەر ئەوەیش نیاز بوو، ئەگەر لە خاچتان نەدامایە، دەبوو چی بەسەر ژیانمدا بهاتایە و چ مانایەکی لە خۆ بگرتایە؟ هەروەها ناشکرێت خوا تاوانباربکەم، چوون کاتێک مینا پەیامبەرێک بۆ لای ئێوە رەوانەی کردم، نیازی بوو، بەو هیوایە بوو کە رەوانەکردنی من ببێتە یارمەتیدەرێک بۆ ئێوە. کە ئەو ئەنجامەی نەبوو، نە من، نە ئەو چ دەسەڵاتێکمان بەسەر ئەنجامەکەدا ناشکێت. هەردووکمان ئەوەی لە تواناماندا بوو، کردمان و درێخیمان نەکرد.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئێوەش ئەوەی لە تواناتاندا بوو، درێخیتان لێ نەکرد؟ خۆتان چۆن دەبینن؟ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی ئاوا هاسان نییە، لە راستیشدا پرسیارێکی گرانە. بەدڵنیاییەوە، پیاو ناچار نییە بەوەی بە "نا" بەرسڤی بداتەوە. بێگومان ئێوە ناجۆرانە هەڵسووکەوتتان کردووە. ئێوە لە رێی بەئەنجام گەیاندی کارە ناقۆڵا و ترسێنەرەکانەوە خۆتان تاوانبارکردووە. بەڵام تا چ رادەیەک هەلتان بۆ رەخساوە، کە خۆ لە بە ئەنجامگەیاندی ئەو کارانە لادەن، تا چ رادەیەک هەلتان بۆ رەخساوە لە ئاست ئەو داوایەدا بن لە ئەستۆتاندا بووە، تا بە جۆرێکی جیاوازتر بن لەوەی کە هەبوون؟ مرۆڤ دەبێت لەمە بەئاگابێت، تا بتوانێت بە شێوەیەکی راست و دروست بڕیار بەسەر هەڵسووکەوتەکانتاندا بدات. ناکرێت ئەو شتە جوان و باشانەش لەیاد بکرێن، کە ئێوە کردووتانن، هەرنەبێت هێندەی کە بەڵگە بن بۆ ئەوەی کە ئێوە تەنیا خراپ نین و زێتر و بەبەهاترن لەو کارە بەدانەی ئەنجامتان داون. نامەوێت نادادی بەرامبەرتان بنوێنم و دەخوازم هەوڵبدەم دادوەرییتان بەسەردا بسەپێنم. من لە کێشە و گرفتەکانتان بەئاگام و دەزانم هەروا ئاسان نییە مرۆڤ بیت. پیاو ناتوانێت بڵێت ئادەمی بوون، بەختێکە مایەی ئێرەیی پێ بردن.

باوکم پڕی سەرزەنشتە بەرانبەر ئێوە و زۆر سەختتر دادتان ئەدات. چونکە ئەو قەت لەنێوە ئێوەدا نەژیاوە. لە کاتێکی وادا، پێتان وایە کە ئیدی هیچ هۆیەکی نییە تا لە ئێوە تێبگات. پێتان وایە، گەر کەسێک بەختی ئێوەی تاقی نەکردبێتەوە، ناتوانێت خۆ لە سەروو ئێوەوە رابگرێت و داد و بێدادییتان دەرخات، کە ئەو تەواو نامۆیە بە کێشە و گیروگرفتەکانتان و زۆر دووریش لە ئێوەوە دەژی. لەراستیشدا وایە، ئەو بەشێوەیەک لە شێوەکان نامۆیە لەو ژیانەدا، کە بە خۆی خوڵقاندووێتی. لەوەشدا کە دوورە لەو ژیانەوەی ئێوەوە، راست دەکەن.

www.arsivakurdi.org

*هەڵدەستێتە سەر پێ و بەرەو تاریکییەکە دەڕوات.*

سۆکراتەس

: پێدەچێت، وەک من، بە شتێک تاوانبارکرابێت. بەڵام دەبێت سەر بە کەسانێک بووبێت، تەواو بە من نائاشنا.

سەبارەت بە من، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر دادگا بڕیاری خۆی بەسەردا داوم. ئێستاش لە چاوەڕوانی بەجێگەیاندنیدام. مرۆڤەکانن، کە بڕیاریان بەسەردا داوم. لەبەرئەوە بڕیارێکی وا تا رادەیەک ناتەواوە، چونکە ئەوان بۆ خۆیان بێ هەڵە نین، لەبەرئەوە پێویست ناکات، بیرلەوەبکەیتەوە، کە بڕیاری دادگەرانەشیان بێ هەڵە نەبێت. بەمە مەبەستم ئەوە نییە، بڕیارێکی ئاوها دەبێت سەخت و بێبەزەییانە بێت. بێگومان نا، بەڵکو مەبەستم تەواو بە پێچەوانەوەیە. لەڕاستیدا، ئەوان نیازیان وابووە، کە بڕیارێکی ئاوها، سەخت و بێبەزەییانە بێت؛ بەڵام لەبەر کەموکورتی لەبیرکردنەوەی دوای هەر بڕیاردانێکیاندا، بە شێوەیەکی ئاسایی شوێنەون دەبن. بیرکەرەوە! کاتێک ئەوان لە ئێستادا، بێبەزییانە بڕیاری دادگام بەسەردا دەدەن، تەواو بێ هیچ کەموکورییەک، داوای لاشەکەم دەکەن و بەسەر ئەودا زاڵ دەبن؛ لاشەیەک کە هەمووتان دەتوانن ببینن، بێنرخ و شتێکی پڕ لە کەموکورتییە. بەڵام ڕێ دەدەن گیانم، گیانم ئازاد بێت و هیچ گرنگییەکی پێ نادەن. ئەمە مایەی گاڵتەجاری نییە؟ بیرەکانیشم، کە لەڕاستیدا تاوانباری سەرەکی ئەوانن، لەکاتێکدا لەپێناوی ئەواندا سزای من دەدەن، ڕێدەدەن بەوان هەڵبێن و چۆنیان بووێت و بە هەر لایەکدا بیانەوێت، بڵاوببنەوە، هیچ کەسێک کاری بە کێشەی لەنێوبردن و کوشتنی ئەوانەوە نییە. ئەمە گاڵتە پێکردنە، وانییە؟ لەراستییدا مایەی گاڵتە و قەشمەرینین؟

بۆ ئەوەی بە گرنگییەوە بدوێین، پێدەچێت بە دادگایەکی هەڵە درابێتم. من لەلایەن مرۆڤانەوە بە دادگا سپێردراوم، بەپێی یاساکانی ئەوان، بەڵام من ملکەچی خواکانم نەک مرۆڤان. ملکەچی یاسا یەزدانییەکانم، نەک یاسا مرۆڤییەکان. چ کارم بەسەر جۆری پێڕەوکردن و سەپاندنی یاساکانی ئەوانەوە نییە، یاسا و بڕیارەکانیان من ناگرنەوە. کاتێکیش سزاکەم بەجێدێنن، ئەو سزایەی کە پێیان وایە، زۆر سەخت و بێبەزییانەیە، لەڕاستیدا یەکسانی ڕاستەقینە دەچەسپێنن و بەو دادگایەم دەسپێرن کە دادپەروەریی ڕاستەقینەم بەسەردا دەسەپێنێ و منیش هەر لەوێدا جێدەگرم و بڕیارەکانی هیچ دادگایەکی دی، لەگەڵ مندا ناگونجێن. هەر ئەو دادگایەش، دواتر دادەکەی ئەوان بەتاڵدەکاتەوە و بە نادادیی دەناسێت. ئەو دادگایەی، ئازاد و سەربەستم دەکات، بە هەمان شێوە کە دادوەرەکانم بۆ خۆیان سەربەست و ئازادن. هەر لە ئێستاشەوە بۆ لێپرسینەوە لەو دادگایەدا بانگکراوم و ڕۆحیشم هەر لە ئێستاوە هی ئەوانە و لەژێر پارێزگاریی یەزدانییدام.

بۆیە مرۆڤەکان: ئەوانەی تاوانباریان کردبووم، ئەم بەیانییە، ڕێیان دا دەستبەندەکانم بکرێنەوە، خزمەتکارەکەی خۆیان، نەردیوانەکەیان نارد بۆ ئەوەی لە دەستبەندەکانم ڕزگارم بکات و لەگەڵ کردنەوەیاندا پێ ڕاگەیاندم: ئەمڕۆ دەمریت. لە ئێستێشەوە هیچ دەسەلاتێکم بەسەر تۆدا نەییە، چیدی هی من نیت.

کارێکی پڕ مانایە، وانییە! خوویەک کە ئەبێت مایەی گرنگی پێدان بێت، لەلایەن بیرکار و فەیلەسوفانەوە، چونکی زۆر ئەگەینێت.

بەڵام بۆ کەشتییەکە دواکەوت لە "دەلۆس"ەوە؟

بۆ *ماوەیەک لە تاریکێکە دەڕوانێت.*

: بنوارە، لای ئێمە، تا کەشتییەکەی "ئەپۆڵۆ" بەڕێوەبێت و ئەو کەسانەی تێدابن کە بە گوڵ ڕازێنراونەتەوە، تا ئەو کەشتییەی، حەوت کیژ و لاوەکەی تێدایە، ئەوانەی بۆ پیرۆزیی ئەو، -خواوەندی ڕووناکی- ماونەتەوە، لە هاتوچۆدا بێت بۆ «دەلۆس» و قوربانی بۆ ئەو ببەن، کەس لە ژین بێبەری ناکرێت. ئەو کاتە بۆ ئێمە پیرۆزە، زۆر پیرۆزە. بەڵام کاتێک دوای بەجێهێنانی خزمەتیان لە پەرستگاکەی خواوەندی ڕووناکیدا، گەڕانەوە، ئەوکات، ئیتر سەرلەنوێ، نۆرەی قوربانیدان، نۆرەی خوێنڕژتنە و پێکە ژەهرەکەیش بۆ من ڕادەگیرێت.

www.arsivakurd.org

رەعیەت

*دێتە پێشەوە، بە پەنجەکانی یاری بە کڵاوەکەی دەکات.*

: ئا. ئا بێگومان دەیکەم. بێگومان بردم. کاتێک گەیشتمە گەنجینەکە، چەندان پارچە گۆشتی جیاجیا هەڵواسرابوون، ئەوکات بیرمکردەوە گەر پارچەیەکیان بۆ ببەم، پێی نازانرێت، بەو پارچەیەش هیچ نابێت، لەکاتێکا ئەو هەمووەی لێیە. لە خەیاڵی ئەوەدا نەبووم پارچە گۆشتێک ببەم، چوون بە کارێکی تر بۆ ئەوێ نێردرابووم، بۆ ئەوە نێردرابووم خوێ بێنم، بەڵام پێم وابوو خراپ نەبوو پارچەگۆشتێکت هەبێت، چونکە لە ماڵەوەمان کەم دەبوو، خواردنی باشمان هەبێت، ژنەکەشم هەمیشە بۆڵەبۆڵی بوو، لەبەرئەوەی شتێک نەبوو بیدات بە منداڵەکان، نا نا خۆم ناپەرێنمەوە و بەرگری لە خۆم ناکەم. تەنیا ئەوەندەیە دەمویست بڵێم، کە بردم. ئا، دزیم، بێگومان دزیم، ئەشمزانی کە ئەوە گوناهێکی گەورەیە هەم لە بەرامبەر خودادا و هەم لەبەرانبەر خەڵکیدا. بەتایبەتیش، لە بەرامبەر «گوبێرت»دا، -ئەو پیاوەی کاروبارەکانی کێڵگەکەی لە ئەستۆدا بوو-، هەروەها لە ئاست «لۆرانت»دا، -ئەو پیاوەی کێڵگەکەی بە کرێ دابوو-، بێگومان، لە بەرامبەر خاوەنشکۆشدا، بەڵام ئەوکات بیرم لەمیان نەکردەوە، چونکە ئەوم قەت نەدیووە. بێگومان ناهەقیی بوو، ناهەقییەکی گەورە، ئێستا دوای ئەوەی کار لە کار ترازاوە، تێدەگەم. خوایە لەگوناهم خۆش بە.

گوێ دەگرێت، راوەستاوە و بە سەری نیشاندەدات کە رازییە.

: ئا! ئا!

*وەک ئەوەی یەکێک پاڵی پێوەبنێت، رادەچڵەکێت.*
*دەگەڕێتەوە جێیەکەی خۆی لە ریزەکەدا.*

جادووگەر

*دێتە پێشەوە، دەکەوێتە سەر چۆک.*

: دەمەوێ دانی پیانێم! دەمەوێ دانی پیانێم! دەمەوێ باری گرانی دڵم سووک بکەم و دانی پیانێم! بە درێژایی ژیانم، لەگەڵ گیانەبەدەکان هەڵسوکەوتم کردووە، هەر لە تافی منداڵییمەوە، لەگەڵ ئەوان هەڵسوکەوتم کرد، شەوانە دەهاتن بۆ لام، نەمدەوێرا بنووم، چونکە ئەمزانی دێن بۆ لام! لەگەڵ شەیتان خۆشیا هەڵسووکەوتم کردووە، چەندان جار هاتووە بۆ لام، ئەو مینا بزنێک مووینە، بۆنی بزنیشی لێ دێت، هیچ کات ئارەزووم لێی نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناچاربووم بیکەم، ئەو فەرمانم بەسەردا دەدات و منیش ناچارم چۆن دەڵێت وا بکەم، ئەگەرنا قەت لێ ناگەڕێ بسرەوم! ئەو سەروەری منە و دەبێت خۆ بەوەوە ببەستمەوە، ئەو تەنیا کەسێکە کە گرنگیم پێ دەدات. من، لە خوا: ئەوی لە ئاسماندایە، پاڕاومەتەوە، بەڵام هیچ گرنگییەکی پێ نەداوم و بە دەنگمەوە نەهاتووە، بەڵام شەیتان یارمەتیم ئەدات و کتومت لە بزنەکەمان دەچێت، ئەو بزنەی لە دەمی منداڵیدا هەمان بوو و زۆریشم خۆشدەویست. بەڵام ئەوەی لەگەڵ ئەودا کردوومە، هەرگیز نەبووە بە مایەی شادبوونم؛ بە هیچ جۆرێک، کردوومە تەنیا لەبەرئەوەی هێمنیم بداتێ. ئا بەم جۆرەیە و هیچی دی. ئەمێستێ دانم بە هەموو شتێکدا نا و دەتوانن چیتان دەوێت؛ دەرهەق بە من، بیکەن. سزاکەم قەت گەورە نابێت و هیچ شتێکیش هێندەی ژیان گران نییە.

سۆکراتەس

دێتە پێشەوە.

*کاتێک دەبینێت "جادووگەرەکە" لەوێدا کەوتووە و دەستەکانی خۆی بادەدا.*

: کێویت؟

*کاتێک وەڵام ناداتەوە.*

: بۆ دەستەکانی خۆت بادەدەیت؟ بۆ ئەوەی بمریت؟

جادووگەر

*گوێ لە پێشەوە رادەگرێت، گوێ لەو ناگرێت.*

: ئا، ئا، دەمەوێت بمرم. ئا، بمنێنە ژێر خاک، ئەوێ جێ و ماڵی منە. بمنێنە ژێر خاک، تا بۆ دواجار بە ئارامی شادبم و بسرەوم.

www.arsivakurdi.org

پرژێنم، بۆ وەی ببینم ئاخۆ دەجووڵێت یان نا.

پاوڵۆ

: نا خۆشەویست، وا مەکە! ئەو تەلیسمە مەشکێنە کە بەندی کردووین.

فرانسێسکا

: بۆ لەوە دەترسێیت؟ بۆ لە هیچ شتێک دەترسێیت؟ مەترسێ.

چیمان هەیە لێی بترسێین.

*خۆی دەچەمێنێتەوە و گوڵێک دەکاتەوە. پەڕەکانی لێ دەکاتەوە و بەسەر رووبارەکەدا بڵاوی دەکاتەوە.*

: سەیرکە، بەدەم ئاوەکەوە دەڕۆن! ئاوەکەش لەبەری دەڕوات...

پاوڵۆ

: ئەمێستا کات گەڕایەوە. چرکەکان، خولەکەکان و ساتەکان هەڵدێن. بەم زووانە دەمرین.

فرانسێسکا

: ناوی مردنی لێ مەنێ. دەستم بگرە، خۆشەویست، لێگەڕێ دوای رووبارەکە بکەوین.

*لەگەڵ رووبارەکەدا دەڕۆن. پاشان دەگەڕێنەوە جێیەکانی خۆیان لە ریزەکەدا.*

ژان دارک

دێتە پێشەوە.

: منیش، گەلێ خۆشەویستییم کردووە، بەڵام من وڵاتێکم خۆشدەویست. بە هیچ خۆشەویستییەکی ترا ڕانەگەیەشتم. پێم وایە لەئێستێدا، بیرکردنەوە لەوە، وێدەچێت مایەی کەمێک خەمینی بێت، چونکە هەرچۆنێک بێت، منیش وەک هەر کچێکی دیکە، کچێکی ئاسایی سەر ئەم زەمینە بووم و دەمتوانی بە هەمان شێوەی ئەوانی تر بم. ئەگەر بۆم بلوایە، دەمخواست و دەمتوانی شوم بە یەکێک لە کورەکان بکردایە لە دۆمرەمی، کورێک کە بە راستی خۆشم بویستایە و وەک ژنە جوتیارێکی بەختەوەریش لە یەکێک لە گێڵکەکانی ئەوێندەرێدا بژیامایە. بەڵام دەنگەکان شتێکی تریان لێم دەخواست. ئیتر بەو شێوەیەی لێ هات، کە لێی هات. پێتان وانەبێت لێی پەشیمان بم. بەڵام پێشتان وانەبێت، بێبەری بوون لەو شتانەی کە کەسانی تری ئاسایی پێی شاد و خەنی دەبن، هێندە خۆش بێت. تەنیا شادییەکی من، ئەوە بوو لە پێناوی وڵاتەکەمدا خۆم بەخت بکەم و ئەوەیش شادییەکی پڕ لە ئازار بوو.

پاشان نەمزانی ئەو خۆبەختکردنە چ خزمەتێکی کرد. بەڵام هیوادارم بێ سەمەر نەبووبێت. هیوادارم فەرەنسا رزگاری بووبێت و بووبێت بە وڵاتێکی بەختەوەر.

دەگەڕێتەوە جێی خۆی.

کۆمتێس دۆ لا رۆچە-مۆنتفاوکۆن

دێتە پێشەوە.

: من هیچ گرنگییەکم بۆ ئەو شتە نییە، کە ئێوە بە (خەڵک)، ناوی دێنن؛ ئەوەی بە ناوییەوە، خۆشبەختانە، منتان تاوانبارکرد. نەک هەر هیچ گرنگییەک، بەڵکو هەر ناشزانم چییە. لەبارەی هەبوونی شتێکی ئاوهاوە بیستوومە، بەڵام هیچ هۆیەکم لەدەستا نەبووە، لێی نزیک ببمەوە و لێی بەئاگابم. لەبەرئەوە، دەشێ، کاتێ هیچ شتێکم لەبارەوە نەزانیووە، ڕێکەوت وابووبێت سەرپێچیم لێ کردبێت. لە بارێکی وایشدا، هیچ پەشیمان نیم، چونکی ئەوەم بەلاوە گرنگترە، لەوەی تێکەڵی خەڵکی رەشوڕووت بم. ئەمەش لەسەرخۆبەدەنگهاتنی منە! ئەگەر شتێکی ئاوها پێویست بکات!

لەوە زێتر شتێکی ترم، بۆ وتن، هەبێت؟ نا، هیچ شتێک!

ڕێدەدەن ئەم "هاووڵاتییە" بگەڕێتەوە زیندانە پیس و پەڵۆخەکەتان؟ سوپاستان دەکەم، بەڕێزان!

دەگەڕێتەوە جێی خۆی.

www.arsivakurdi.org

دانیشتبووین و چاوەڕوان بووین، «مارکوس فلاڤیوس» وتی: "با هێندەش خەمبار نەبین هێزمان لەبەر ببڕێت. با وا بیربکەینەوە کە ئەم دنیایە هێندەش خۆش نییە، بەڵکو دنیایەکی بەد و گرانە بۆ ژیان. کەواتە بۆ دەبێت بەوە خەمبار بین، کە جێی دێڵین. ژیان لەم سەرزەمینەدا، بووە بە زیندانێک بۆ ئێمە، ئیتر بۆ دەبێت بەوەی، جێی دێڵین شاد نەبین." هەموومان هەر هەمان دیتنمان هەبوو. «دروسوس»، کوڕەکەی «سیلاس»یش، دەستی کرد بە خوێندنەوە لە بارەی ئەوەوە کە رزگارکەرەکەمان ئەژی و ئێمەش پێکرا لەگەڵ ئەودا بە گۆرانی ووتمانەوە. بەوجۆرە ترس و بیمی خۆمان دامرکاندەوە. شەڕ و بەیەکدادانیش لە دەرەوە هەر بەردەوام بوو، هاوار و قیژەقیژی ئەو خەڵکەش کە لەسەر پێپلیکەکان دانیشتبوون دەگەیشتنە ئێمە. کە هاوار و قیژەقیژەکە بڕایەوە، تێگەیشتین شەڕ و هەراکەی دەرەوە کۆتایی هاتووە و ئیتر نۆرەی ئێمەیە. ماڵئاواییمان لەیەکتری کرد و بۆ ماوەیەکی درێژ دەستی یەکتریمان گوشی. کاتێکیش پاسەوانەکە هات بۆ ئەوەی بمان بات، کەوتینە سەر چۆکان و وتمان: "خوای گەورە و بەبەزەیی، گیانی خۆمان بە تۆ دەسپێرین." دواتر هەستاین و بەرەو مەیدانەکە بەڕێکەوتین.

*دەگەڕێتەوە جێیەکەی خۆی، لەناو ریزەکەدا.*

*ئاوازێکی ئاینیی گاوران، لێدەدرێت. پاش ماوەیەک بەرەبەرە، دەگۆڕدرێت بە ئاوازی "بلوز". جۆو و ریکارد لە ریزەکە دێنە دەرەوە و، هەریەک بۆ خۆی، لەگەڵ ئاوازەکەدا، بەجۆرێک وێدەچێت باوەشیان بە ئافرەتێکدا کردبێت، دەست بە سەماکردن دەکەن. دوای ئەوەی بۆ ماوەیەک لە سەماکردن بەردەوام دەبن، لەپڕ ئاوازەکە تەواودەبێت، ئەوانیش لە سەماکردن دەکەون، بەڵام بە هەمان شێوەی پێشوو، بۆ ماوەیەک دەمێننەوە. پاشان دەستیان بەردەدەن و دەگەڕێنەوە جێیەکانی خۆیان.*

*جریوەی باڵندان دێتە بەر گوێ.*

*پاوڵۆ و فراسیسکا، پێکەوە لەسەر شانۆکە، دەست بە هاتوچۆ دەکەن.*

فرانسێسکا

: ئێوارەیەکی چەند جوانە. باخچەکە هەمووی پڕ بووە لە بۆنی گوڵ و بولبولەکەش دەخوێنێ. ئەبێ لە بارەی چییەوە بخوێنێ؟

پاوڵۆ

: لەبارەی ئەڤینی ئێمەوە. چۆن دەکرێت لەبارەی شتێکی دییەوە بخوێنێ. لەبارەی ئەوەوە کە چون یەکترمان خۆشدەوێت...

فراسێسکا

: ئا، لەبارەی ئەوەی چۆن یەکترمان خۆشدەوێت...

*دەوەستن و گوێ دەگرن.*

پاوڵۆ

: ئایا ئەمە ساتێکە، بەشێکە لە کات، شتێکە لە ئێستێدا؟ نا، خۆشەویست، نابێت ئەوە بێت. کات بوونی نییە، بێ لە ئەڤین شتێکی تر بوونی نییە.

فرانسێسکا

: نا! بێ لە ئەڤین شتێکی دی بوونی نییە...

دەڕۆن. — *فرانسێسکا دەوەستێت و سەیری خوارەوە دەکات.*

: رووبارەکە چەند هێمن دەڕوات، هێند هێمنە بەئاستەم جووڵەی دەبینرێ.

پاوڵۆ

: بۆ لەوە دەپرسیت؟ تەنێ رووبارەکە نییە، درەختەکانیش ناجووڵێن. هەموو شتێک هێمن و بێجووڵەیە، چونکە یەکترمان خۆشدەوێت. تەوژمی کاتە...

فرانسێسکا

: ئەمەوێت بەرەی گوڵ بچنمەوە و بە ئاوەکەدا بی

www.arsivakurdi.org

تەواو دڵتەنگی کردووم.

*دەگەڕێتەوە جێیەکەی خۆی، بەڵام بادەداتەوە و دێتەوە پێشەوە.*

ئەگەر بژیامایە دەبووم بە تەکنیکاری رادیۆ.

*دەگەڕێتەوە جێیەکەی خۆی.*

جۆو

دێتە پێشەوە.

من «جۆو»م، ئەوەی سەکسیفۆنێکی هەبوو.

ئێواران، بۆ ئەوەی خەرجی کڕینەکەی دەربێنم، لە یەکێک لە بارەکاندا کاری زیادەم دەکرد. ئەو مووچەیەی رۆژانە لە کارگە دەستم دەکەوت، ناچاربووم لە ماڵەوە بۆ دایکمی بەجێبهێڵم. ئەو رۆژەی کە توانیم سەکسیفۆنەکە بکڕم، لە خۆشیانا خەریک بوو شێت بم، هێندە ناسک و شەوقدار بوو، هەر مەپرسە! دەمەوانەکانی لە زیو و دەمەکەی لە ناوەوە زەرکەفت کرابوو و بایی 210 دولار بوو. بەڵام قەت پێڕانەگەیشتم بەباشی خۆم فێربکەم، چوون ئەو شەوە کە دەستم لە کار هەڵگرت، دەستیان کرد بە هاوارکردن: "بیگرن! بیگرن!". خۆم کرد بە باخچەکەدا و وەک عادەتی ئەو رێیەم گرتەبەر، ئەمە چەند رۆژێک دوای کڕینی سەکسیفۆنەکە بوو. هاواریان دەکرد، ئافرەتێک و چەند کەسی تر بوون، هاواریان دەکرد، تێنەگەیشتم بۆچی ئەیان قیژاند، هێندە نەبێ کە ئەیانقیژاند "قوولەڕەش!" و دەستم کرد بە راکردن، هێندەی لە توانامدا بوو رامکرد، لە ترسانا خەریک بوو هاردەبووم و رامکرد، ئەوکات ئەوانیش بە دوامدا دەستیان بە راکردن کرد و هەموو پێکەوە ئەیان قیژاند، لە دەرگاکەی ئەوسەرەوە چەند کەسێکی تر گەیشتنە سەرم، دامیان بە ئەرزدا و دەستیان کرد بە داپڵۆسین و شەق تێهەڵدانم و...

*بۆ ماوەیەک دەست ئەخاتە سەر چاوەکانی.*

من قەت کچێکی سپیپێستم نەبووە. قەتیش نەمویستووە هەمبێت. بە هیچ جۆرێک حەزیان لێ ناکەم. قەت لەگەڵیان سەمام نەکردووە، چونکە حەز لەوە ناکەم سەمایان لەگەڵدا بکەم. نازانن رێکوپێک سەما بکەن. لەگەڵ ئەوەشا هەندێ جار، کاتێک مەست بوون، منیان ویستووە، بەڵام من قەت نەمویستوون. پێم وایە، بۆنێکی سەیریان لێ دێت. بە هیچ جۆرێک، حەزم لێیان نییە.

زۆر حەز لە سەماکردن دەکەم، لە سەما خۆشتر نییە. بەڵام من هەمیشە لەگەڵ کچە رەشپێستەکانا سەمام دەکرد، هەر ئەوانیش تەنیا کەسانێکن، نزیکیانم پێ خۆش بێت و حەزم لێیان بێت. ئەوان بەو شێوەیەی دەکرێت سەما بکرێت، سەما دەکەن و هەموو شتێک لەگەڵ ئەواندا خۆشە.

ئەمێستا ئیتر ناتوانم سەمابکەم و قەتیش بە شێوەیەکی رێکوپێک فێری لێدانی سەکسیفۆن نابم، هەرچەندە دەزانم کە ئەمتوانی فێری ببم، هەرچەندە 210 دولاری خواست. لەوانەبوو، ببم بە یەکێک لە بەشدارانی گرۆپێکی "جاس"، وەک ئەوەی خەونم پێوە ئەبینی، چەند خۆش بوو لەگەڵ گروپێکی ئاوادا خەریک بیت و زۆربەی کات مۆسیقا لێبدەیت.

ئەمێستا نەدەتوانم مۆسیقا لێبدەم و نە ئەشتوانم سەمابکەم و قەتیش ناتوانم کچێکی دی ببینم. نە «لیزی»، نە «پێگی» و نە «بێس»، هیچیان، ئیتر ناتوانم هیچیان ببینم. هەروەها چیتر ناتوانم بە یەکێک لە شەقامەکاندا تێپەڕم. زۆر ناخۆشە نەتوانیت بژیت، نەتوانی چیتر پێبکەنی و دڵشاد بی، یان ئێواران دوای دەستهەڵگرتن لە کار، لە پەنجەرەکەدا دانیشیت و مۆسیقا لێبدەیت. چەند خۆش دەبوو، گەر بمتوانیایە ئەوەم بکردایە. ئەوەش کارێکی هەر زۆر ئاسان بوو. زۆر شتی تریش دوور نەبوو لێی روودابام. زۆر شت لەوانەی خەونم پێوە ئەبینین.

من «جۆو»م، ئەوەی سەکسیفۆنێکی هەبوو.

*بەرێزەوە خۆی دەچەمێنێتەوە و دەگەڕێتەوە جێیەکەی خۆی.*

شەهید

دێتە پێشەوە.

: کاتێک لە کونجی زینداندا، لەژێر پێپلیکەکاندا،

www.arsivakurdi.org

بێدوودڵی، زانست ڕێی ڕاست نیشانی مرۆڤ دەدات و دەبێت بەهۆی دوایی هێنان بە هەموو گریمانە بێبنەما و هەڵبەستراو و سەرلێشێوێنەکان و دەبێتە مایەی شادبوونی گەلانی ئەم سەرزەمینە. زانست، دەبێتە مایەی بەختیاریی هەموو مرۆڤایەتی و گۆڕانی هەموو شتێک. بە داخەوە، پێڕانەگەیشتم تام و چێژ لەو کاتە بکەم، کە ئەو گۆڕانکارییانەی تیادا ڕوودەدەن. گەر لە چەند چاخێکی دواتر لە ئێستێ لەدایکببوومایە، دڵنیام کە هیچ ئاگرێک بۆ سەرنەویکردنی هەقیقەت نەدەکرایەوە. کاتێک لە نێوەڕاستی ئاگرەکەدا ڕاوەستابووم و کڵپەکانی لەشیان ئەلێستمەوە، ئەمڕوانییە ئایندە، ئاییندە ڕووناک بوو، وێدەچوو سەیری دنیایەکی جیاوازتر لەم دنیایە بکەیت. لەبەرخۆمەوە بە خۆمم وت: خۆزیا، لەو دنیایەدا بژیامایە، . بوون لە دنیایەکی ئاوادا ناخۆش نییە. پاشان، دووکەڵەکە خنکاندمی و ئیتر نەمزانی دواتر چی ڕوویدا.

دەگەڕێتەوە جێی خۆی.

ریکارد

دێتە پێشەوە.

: ئێمە ئامێرێکی ڕاگەیاندنمان، بەهۆی وەدەستهێنانی چەند کەرەسەیەکی پێویستەوە پێکهێنابوو، چۆن دەستمان کەوتبوون گرنگ نییە. بێ لەوەش هەرچییەکی تر کە پێویست بێت بۆ بەجێگەیاندنی ئەو کارە، وەدەستمان هێنابوو. بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک بەو کارەوە خەریک بووین، کاتێکی زۆر خۆشمان لەگەڵدا بەسەر برد. هەمیشە لەگەڵ «هێلگە» و «ئیڤار»دا، هەر خەریکی گوێگرتن بووین لە دەنگی جریوە و جووکەی باڵندان لە ڕادیۆوە. لە ژووری دارتاشییەکی ماڵی خۆماندا، کە کردبوومان بە وەرشەیەکی تەواو، بە بەجێگەیاندنی ئەو کارەوە خەریک بووین. ئاخرێکەی لە کارەکەماندا سەرکەوتین و دەستمان کرد بە هەناردن. پاشان، چووین بۆ لای «ئەنتۆن»، کە پێمان وابوو یەکێک بێت لە ڕابەرەکانی دەستەی بەرهەڵستکاران و لە کارەکەمان ئاگادارمان کرد، پێمان ڕاگەیاند کە ئێمەش دەخوازین لەگەڵ بین و هەر لەبەرئەوەش ئەو ئامێرەمان دروستکردووە کە هێزی نزیکەی سی واتی هەیە. ئەوانیش هاتن بۆ پشکنین و کارەکەیان پەسەندکرد. پاشان، دەستمان کرد بە ناردنی ئەو ڕاگەیاندن و ڕاپۆرتە نهێنییانەی، شەوانە بۆیان دەهێنایین. کارێکی زۆر خۆش بوو، بێ لەوەش لە پاداشتی ئەو کارەدا، بووین بە مایەی پەسندی و پیاهەڵدانی ئەوان. بەڵام ئاخرێکەی بە دزییەوە پێیان زانی بوو لە کوێوە ئەو ڕاگەیاندنانە دەنێردرێن و جێیەکەیان دەست نیشان کردین، هەر دوای ئەوەش دایان بەسەرماندا. کاتێک هاتن من تەنیا بووم، هەندێ جار ببوو بە خووم، گەر هەناردنیشمان نەبووایە من هەر دەچوومە ئەوێ، چوون لەوێ هەمیشە شتێک هەبوو خۆتی پێوەخەریک بکەیت. ئەوکات، «هێلگە» و «ئیڤار» لە خوێندنگە بوون. دواتریش نەزانرا، کە ئەوانیش هەر لە سەرەتاوە لەگەڵدا بوون. بەو جۆرە تەنیا یەکێکمان گیراین. بەڵام دەیانزانی کە بە تەنیا خۆم بەو کارەوە خەریک نەبووم، لەبەرئەوە زۆر لەگەڵمدا خەریکبوون. پاشان، بەیانیەکی دووشەممە، لەگەڵ پێنج کەسی تردا، کە نەمدەناسین، گوللەباران کراین.

ئەوەی کە دڵتەنگی کردووم ئەوەیە، کە ئیتر ناتوانم «ئیلسە» ببینمەوە. «ئیلسە» چاترین و قەشەنگترین کچێک بوو، کە دەمناسی. پێم وانییە قەت کچێکی ئاوا هالیکار و خەمخۆر هەبوو بێت. بەرلەوەی ئەوە ڕوویدا، ساڵێک بوو یەکترمان دەناسی و هەموو ئێوارانێک پێکەوە دەبووین، یان دەچووینە قاوەخانەیەک، یان دەچووینە ئاهەنگ و سەماکردن یا شتی ئا لەو جۆرە. ئەو ئێوارەیەش کە گیرام، دەبوو یەکدیمان ببینیانە، دڵنیام کە ئەو چوو بوو بۆ باخچەکە و چاوەڕوانی دەکردم، لە زیندانیشدا بە درێژایی کات هەر بیرم لەوە دەکردەوە.

ئەمێستا ئیتر ناتوانم لەگەڵ هیچ کچێکدا بگەڕێم و ناتوانم جارێک لە جارانیش بژیم. پیاو، کاتێک تەمەنی تەنیا 17 ساڵ بووبێت، ناتوانیت بڵێت ژیاوە. ئەمەش



www.arsivakurdi.org

دەگەڕێتەوە جێی خۆی.

سۆکراتەس

دێتە پێشەوە.

: سۆکراتەس، خەڵکی ئەسینا، ئەوەی پێکە ژەهرەکەی چۆڕبڕ کرد.

*دەگەڕێتەوە بۆ جێی خۆی لە نیوەبازنەییەکەدا.*

هەموو پێکەوە.

: ئێمە تاوانبار دەکەین! ئێمە تاوانبار دەکەین! ئێمە تاوانبار دەکەین!

مەسیح

*لە نیوە بازنەکە دێتە دەرەوە، بەرە نیوەڕاستی شانۆکە دەڕوات.*

: من مەسیحم ئەوەی لە خاچ درا. کەس تاوانبار ناکەم.

*خۆی ئەچەمێنێتەوە. دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی.*

یوداس

*دیسان دێتەوە پێشەوە.*

:منیش کەس تاوانبار ناکەم، چونکە، وەک وتم، خۆم هەڵواسی. لەڕاستیدا مەبەستم نەبوو، بەڵکو پێم وابوو، ئەو پارانەی هەمبوون دەبوونە مایەی شادمانیم. سی پارەی زیوین، خراپ نییە. مرۆڤ دەتوانێت زۆر شت لەبریان وەدەست بهێنێت. خواردنی خۆش، شەرابی خۆش، هێندەی پیاو بتوانێت بیخواتەوە. بێ لەوەیش کچێک کە دەسبازی لەگەڵدا بکەیت. "لە ئورشەلیم کچی دڵکێش و قەشەنگ زۆرن". وام بیردەکردەوە بۆ ماوەیەک سەربەست بم و خۆ بە هیچ شتێکەوە نەبەستمەوە. خوای گەورە! پیاو لە ئادەمییەک زیاتر نییە. بەڵام بۆ تەنیا شەوێک! پاشان دەمویست پارەکان بۆ شتی تر بەکاربهێنم. ئەمویست پارچە جلکێکی زۆر ناسک و جوان، کە ئەمزانی ئەتوانم بە بیست، بیست و پێنج دینارێک وەدەستی بێنم، بکڕم. بە قاچاغ! پارچە جلکێک کە دواتر دەمتوانی لە ماڵە دارا و دەستڕۆشتووەکان بە نرخێکی کەمێک لەژێر نرخی ئاسایی خۆیەوە بیفرۆشمەوە و بەو شێوەیەش پارەیەکی زۆرتر بەدەست بهێنم. بەو دەستکەوتەیش، دوکانێکی بچووک بکەمەوە و شتی تیا بفرۆشم، شتێک، کە خەڵکی پێیان وایە پێویستیان پێیەتی، شتی بێ نرخ، هەر شتێک. کاتێکیش، پارەیەکی باشم لە ڕێی دوکانە بچووکەکەمەوە، پێکەوە نا؛ ئەوسا ڕوو لە "بۆرسە" بکەم. لەوێ "لە بۆرسە" پیاو زۆر بە هاسانی، ئەتوانێت سەروەت و سامانێکی باش بەدەست بهێنێت. پاشان، دەوڵەمەند دەبووم و دەبوومە خاوەنی پاڵتۆی فەروو، سەیارە و ماڵێکی تەواو لە گرانترین شەقامدا و ژنێکی جوان و دۆستێکی جوانیشم دەبوو، ئا بەو جۆرە، ژیانێکی خۆش، خۆشگوزەرانییەکی تەواوم بەدەست دێنا. ئاوا بیرم لێکردبوەوە. خوای گەورە!، پیاو لە ئادەمییەک زیاتر نییە.

نەمئەزانی، ئەوەی فرۆشتم، کوڕی خوا بوو. تا دواتر، کاتێک ئیتر کار لە کارترازابوو، بۆم دەرکەوت. ئەوکات ئەویان لە زیندان توندکردبوو. پاشان بینیم، چۆن دەست و پێ بەستراو و ئازاردراو بەدوای خۆیاندا کێشیان دەکرد. ئەوکات، لە پشت دەروازەیەکەوە ڕاوەستابووم و تێم ئەڕوانی، خۆشبەختانە ئەو منی نەبینی، دەبەنگبووم، ڕۆژی دواتریش بە تەواوی بێزم لە خۆم دەکردەوە. کاتێکیش بیرم لەوە کردەوە، کە چ کارێکم کردووە، سووک و هاسان خۆم هەڵواسی.

بێ لەوەش، لە پارەکان هیچی نەمابۆوە و دوکانەکە و هەرچییەکی تریش هەبوون هیچیان لێ پەیدانەبوو. دەنا، لەوانەبوو، خۆم هەڵنەئەواسیایە! چوزانم!

دەگەڕێتەوە جێیەکەی خۆی.

گیۆردانو برونۆ

دێتە پێشەوە.

: من "گیۆردانۆ برونۆ"م، قوربانیی لە ڕێی زانستیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، کە بە خراپی بەسەر خۆمدا شکایەوە، بەڵام دڵ پڕ لە هیوا، بڕوای تەواوم بە زانست هەبوو.

دەگەڕێتەوە جێی خۆی.

گیوردانۆ برونۆ
دێتە پێشەوە.
: گیوردانۆ برونۆ. بەئاگرسووتێنراو، لەپێناوی ڕاستییدا.
دەگەڕێتەوە.

جادووگەر
دێتە پێشەوە.
: بەزیندوویی لە گۆڕنراو، لە ڕۆژی یادکردنەوەی پیاوچاکاندا 1634. دەرهەق بە من، ڕۆژی زیندووبوونەوە، هەرگیز نایەت.
دەگەڕێتەوە جێی خۆی.

*پاوڵۆ و فرانسیسکا*، کە هەمیشە پێکەوە *ڕاوەستاون* و دەستی یەکدییان گرتووە، دێنە پێشەوە بۆ *ناوەڕاستی شانۆکە*.

پاوڵۆ
دەست *لەسەر دڵ*، بە ڕێزەوە خۆی دەچەمێنێتەوە.
: پاوڵۆ.

فرانسیسکا
به *هەمان شێوە*.
: فرانسیسکا.

پاوڵۆ
*دوای ئەوەی دەستی یەکتری دەگرنەوە.*
: کوشتیانین، لەبەرئەوەی یەکترمان خۆشئەویست.
دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی *خۆیان*.

ریکارد
دێتە پێشەوە.
: ریکارد، 17 ساڵ، گوللەبارانکراو، لەبەرئەوەی ئامێرێکی راگەیاندنمان هەبوو.
دەگەڕێتەوە جێی خۆی.

جۆو
دێتە پێشەوە.
جۆو براون، لەنێوبراو بەبێ هیچ لێکۆڵینەوە و دادگایەک لە کۆڵۆمبیا، خوارووی کالۆرینا، بەهاری 1922.
دەگەڕێتەوە.

شەهید
دێتە پێشەوە.
: لەتوپەتکراو، لەلایەن گیانلەبەرانی دڕندەوە، لەبەرئەوەی بڕوام بە کوڕە خۆشەویستەکەی خوا، ڕزگارکەری دنیا هەبوو.
دەگەڕێتەوە جێی خۆی.

سەرەکخێڵی ئینکا
دێتە پێشەوە. دەکەوێتە سەرچۆک و سەری بەرەو زەوییەکە نزم *دەکاتەوە*.
: مل پەڕێنراو، لەگەڵ گشت ئەندامانی خێڵەکەمدا، لەلایەن بوونەوەرانی نەناسراوی سپییەوە. خوای ئەوان، لە خوای ئێمە بەدەستەڵاتتر بوو.
*هەڵ* ئەستێتە سەر پێ. دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی.

یوداس
دێتە پێشەوە.
: من "یوداس ئیسکاریۆت"م، ئەوەی خۆی، خۆی هەڵواسی!
دەگەڕێتەوە جێی خۆی.

ژان دارک
دێتە پێشەوە.
: ژان دارک، خەڵکی دۆمرەمی. مردوو لەپێناوی فەرەنسادا.

دەقی شانۆیی

# لێگەڕێن، مرۆڤ بژی.

**نووسینی: پێر لاگەرکڤیست**
**وەرگێڕانی: خەبات عارف**

**کەسەکان:**

**ریکارد**
**جۆو**
**کۆمتێس دۆ لارۆچی مۆنتفاوکۆن**
**ڕەعیەت**
**گیۆردانۆ برونۆ**
**سەرەکچێلی ئینکا**
**ژان دارک**
**پاولو مالاتێستا**
**فرانسێسکا داریمینی**
**شەهیدێکی دیبان**
**مەسیح**
**یوداس ئیسکاریۆت**
**سۆکراتەس**

*لە تاریکی سەر شانۆکەوە. دەنگەکان، پێکڕا.*
: تاوانبار کێیە؟ کێ تاوانبار دەکات؟ دادوەرەکە کێیە؟
*شانۆ ڕووناک دەبێتەوە. کەسەکان لە نێوە بازنەیەکدا ڕاوەستاون. لە پشتیانەوە تاریکییە.*

هەموو *پێکڕا.*
: ئێمەین تاوانبارەکان! ئێمەین، ئەوانەی تاوانیاردەکەین! تاوانبارەکان ئێمەین! ئێمەین. ئەوانەی تاوانباردەکەن!
دادوەرەکە کێیە؟

ڕەعیەت
*به چاکەتێکی دڕاو و شەڕواڵی پینەکراوەوە، لە ریزەکە دێتە دەرەوە و لە نێوەڕاستی شانۆکەدا دەوەستێت.*
: من فرنسوام، هەڵواسراو، بە تاوانی دزینی پارچەگۆشتێک.
*بەرێزەوە خۆی دەچەمێنێتەوە و دەگەڕێتەوە جێی خۆی.*

کۆمتێس دۆ لا رۆچی مۆنتفاوکۆن
*بە هەمان شێوە دێتە پێشەوە.*
: کۆمتێس دۆ لا رۆچی مۆنتفاوکۆن، لە مەقسەڵەدراو، لە لایەن خەڵکی رەشۆڕووتەوە، ئوکتۆبەری 1793.
- Ces sales cochons!



## تۆم خۆش دەوێ

لای ئێمە شەو، نیە
ئاشت نابێتەوە دەنگ لەگەڵ بێدەنگی
پەیڤەکان چاوەڕوانن

من لەگەڵ تۆ، بە تەنیا نیم، هیچ کەس
لەگەڵ هیچ کەسێ تەنیا نیە
شەو لە ئەستێرەکان تەنیاترە...

لای ئێمە شەو نیە
چەخماخەکان لەتەک فتیلەدا بێ تاقەتن

قینی کۆڵان لە مستی تۆدایە
لە لێوەکانتا، شیعری روون دەساوێتەوە
من خۆشم دەوێی، شەویش لە تاریکی خۆی
هەترەشی دەچێ.

## رۆژنامەی شۆڕشگێرانە

کاتێ -رەشاشەکە- کەوتە قاقا
مەرگ لە ئاستمدا، رۆنیشتبوو
لەوبەر مێزی راوێژی "دەبێ چ بکرێ و چۆن- و
بە نموونە چاپیەکاندا
دەچۆوە.
کەوتەوە یادم: "ئەی بۆچی هەڵناستێ؟
مەگەر بڕیار نیە
خوێن بێت و
چەرخی چاپخانە
بچەرخێنێ؟"

## کاتێ لە سێدارەدان

لە قفڵی دەرگادا، کلیلێ سووڕا
لەرزی لەسەر لێوەکانی بزەیێ
وەک سەمای ئاو لە سەربان،
لە رەنگدانەوەی تیرۆژی خۆردا

لە قفڵی دەرگادا، کلیلێ سووڕا

دەرەوە
رەنگی شادی سپێدە
مینا نۆتێکی ونبوو
دەگەڕا بەکاوەخۆ
لەسەر کونەکانی نەی
بە شوێن ماڵەکەیدا...

لە قفڵی دەرگادا، کلیلێ سووڕا
لەرزی لەسەر لێوەکانی، بزەیەک
وەک سەمای ئاو، لە سەربان
لە رەنگدانەوەی تیرۆژدا

لە قفڵی دەرگادا،
کلیلێ سووڕا

www.arsivakurdi.org

لەنێوان کتێبەکانمدا، گەڕام
لەنێوان ڕۆژنامە ڕزیوە تۆزاوییەکاندا
لە بیرەوەرییەکانی خۆمدا
لە زەمینێکدا کە یارمەتیم نادا
خۆم و سبەینێم دۆزیەوە.

چ سەیرێکە!
شوون هەڵگرم من
نە کەسێ کە شوونی هەڵدەگیرێ
من لێرەم و ئایندەش
وا لە مستەکانمدا.

## شەوانە

شەوانە چلۆن دەکرێ بنووسرێ شیعرێ
تا هەم لە دڵم بدوێ، هەم لە باهۆم؟

شەوانە
شیعرێکی وا
چلۆن دەنووسرێ؟

من ئەو خۆڵەمێشە ساردەم
کە بڵێسەی گشت یاخیبوونەکانم تیایە،
من ئەو دەریا ئارامەم
کە هاواری گشت تۆفانەکانم تیایە.

من ئەو سەردابە تاریکەم
کە ئاگری گشت بڕواکانم تیایە.



## چاوەزار

قەتماغە دەبەستێ
پێکەنین
گەر بێت و بە برین پێچ
بپێچینەوە
پێشی پێ مەگرە
پێشی پێ مەگرە
هەرچەند
خەونی ئێوارەی دێو
پەرێشان دەبێ.

ئەمە چیمەنە
چیمەن
بە پەڵە ئاگر خوێنی گوڵەکانیەوە
بێژە ئەم چیمەنە، نەک تیماجی× سەوزی دێوەزمە
تەنانەت ئەگەر
دەمێک بێ
بەهار
بەسەر ئەم دەباغخانەیەدا
تێنەپڕیبێ.

× تیماج: پێستی ئاژەڵی خۆشکراوی دەباغدراو. (هەنبانەبۆرینە-هەژار)



www.arsivakurdi.org



## شەوانە

دەرگا نیە
رێگا نیە
شەو نیە
مانگ نیە
نە رۆژ و
نە خۆرەتاو
ئێمە
لە دەرەوەی زەمان
راوەستاوین
بە خەنجەرێکی تاڵەوە
لەنێو پەراسووەکانماندا.
هیچ کەس
لەگەڵ هیچ کەسێ
ناپەیڤێ
چونکە بێدەنگی
بە هەزار زمان
لە پەیڤین دایە.
لە مردووەکانمان
رادەمێنین
بە پلانی بزەیەک و
چاوەڕوانی سرەی خۆمانین
بێ هیچ
بزەیێ!

## شەوانە

گەر لەخۆڕا جوانە شەو
چما جوانە
شەو
بۆ کێ جوانە؟

شەو و
چەمی بێ پێچی ئەستێرەکان
کە بە ساردی رادەبوورن.
شین گێرە کەزی درێژەکانیش
لەسەر هەردوو رۆخی چەم
بیرۆکەی کام بیرەوەری
دەگەڵ قەسیدەی بۆقەکان
دەکەن بە رۆڕۆ
کاتێ هەموو سپێدەیەک
بە دەنگی هاوئاوازی دوازدە گوللە
کون کون
دەبێ؟

گەر لەخۆڕا جوانە شەو
بۆ کێ جوانە شەو
چما جوانە؟

## پلان

چراندوویەتی
شەو
دەمێکە
بە گەرووی خوێنینەوە.

هەڵتروشکاوە
دەریا بەساردییەوە.
لقێک
لە رەشایی دارستانا
بەرەو تیرۆژ
هاوار دەکا.

نەمدەویست ناوی «چەنگیز» بزانم
نەمدەویست ناوی «نادر» بزانم
ناوی "شا"کان
«محەمەد خاجە» و «تەیمووری لەنگ»،
ناوی ئەوانەی سووکایەتی بە مرۆڤ دەکەن و
ئەوانەی سووکایەتیان پێکراوە...
دەمویست تەنێ ناوی تۆ بزانم.

تەنیا ناوێکیش کە من خوازیاری بووم
بۆم نەزانرا.



## گۆرانیەکی تاریک

لە زەمینەی مسینی سپێدەدا
سوار
بێدەنگ راوەستاوە و
یاڵی درێژی ئەسپەکەی لەنێو "با" دا
ئاڵۆز دەبێ.

خوایە، خوایە
سوارەکان نابێ راوەستابن
کاتێ
رووداو رادەگەیەنرێ.

لەتەک پەرژینی سووتاودا
کەنیشک
بێدەنگ راوەستاوە و
داوێنە تەنکەکەی لەنێو "با"دا
دەلەرێتەوە.

خوایە، خوایە
کچان نابێ بێدەنگ بمێنن.
کاتێ پیاوەکان
ناهومێد و ماندوو
پیر دەبن.

www.arsivakurdi.org



- شیعر لە دەروونی خۆیدا، هاوارێکە لە قووڵایی تەنیاییەوە، چونکە جیهانی شاعیر، جیهانێکی تاکەکەسییە.
- شیعر، شاعیر دەکا بە نوێنەری خۆی بۆ نووسین.
- شاعیر لە قۆزاخەدا، وریا دەبێتەوە و هاوارەکەی ئاوازی خەمناکی هەوڵ و کۆششێکی گیان فەوتێنەرە کە بۆ رزگاربوون لەو قۆزاخەیە دەیچڕێ.
- ئەمرۆ ئیتر هەر نووسەر، یان شاعیرێک، نووسەر و شاعیری هەموو جیهانە. ئێمە لە یەک خێڵین و هاواری هەموو مرۆڤەکان بەرز دەکەینەوە.

احمد شاملو

www.arsivakurdi.org

سەبارەت بە ژیان، هەروا کە پەیڤی "ڕۆمانسی"بوونەکەی!

لەڕاستیدا، بە زمانی خۆمانی تر، ویستوویانە بڵێن «بایرۆن» ڕۆمانتیک وازی کردووە و ڕۆنی ڕژاوی کردۆتە خێری ئیمامزادە.[×]

بەهەرحاڵ، «بایرۆن» گیانی فیدای ئامانجەکەی کرد و «ماو تسی تۆنگ»یش بە شیعرە دروشمئاسا؛ بەڵام بەهێزەکانییەوە، بڕوا و بۆچوونەکانی بڵاوکردەوە. ئەمە هەردووکیان یەک شت نین و لەئاکامیشدا پێوانە ناکرێن.

*بەرۆژ: جەنابت و «مەحمودی دەوڵەت ئابادی»، لە دەرەوەی وڵات، بۆ یارمەتی بە کوردە ئاوارەکان، دوو شەوی ئەدەبیتان سازکرد. دەکرێ باسی ئەوە بکەیت کە چۆن بوو، شیعرەکان هی چ کەسێ بوون و کێ وەریگرابوونە سەر زمانی فارسی؟ ... بەلای کەمەوە وەک بیرەوەرییەک؟*

شاملو: وابزانم تۆ وای بۆ دەچیت کە ئێمە دەرفەتمان بە هەل زانیووە، بۆ ناساندنی شیعر و ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی لەو دوو شەوەدا، کە بەداخەوە بەهۆی نەبوونی کات و دەرفەت بۆمان نەلوا.

من بە هەوڵی هەڤالان، لە چواری مانگی مای 1991دا، بەم مەبەستە شەوەشیعرێکم لە زانستگای «بیرکلێی» سازکرد و دواتر کە هەڤاڵی خۆشەویستم «مەحمود» گەیشتە ئەمریکا، دوای حەفتەیەک واتە یازدەی مای 1991 شەوێکی هاوبەشمان لە زانستگای «U.S.T» (لۆس ئەنجلس) و شەوێکی تری هاوبەشمان لە کۆتایی مانگی مای هەمان ساڵدا لە «ڤیەنا» سازکرد، کە دەسکەوتی هەردوو شەوی ئەمریکا، 15000 دۆلار و 5000 دەست جلوبەرگ و 1200 جووت پێڵاو و پۆتین بوو کە لەڕێگای خودی برادەرە کوردەکانەوە درایە دەست تیمی یارمەتی «پرۆفیسۆر نۆئام چامسکی». ئاگاداری دەسکەوتی شەوەکەی «ڤیەنا» نیم. ئەنیستیتۆی (نافرۆ ـ ئاسیاتیک) دامەزرێنەری شەوەکە بوو و نازانم دەسکەوتەکەی بە چ شێوەیەک بۆ کوردستان بەڕێ کرا.

سەعاتێک بەر لە دەسپێکردنی شەوەکەی «لۆس ئەنجلس» وەرگێڕدراوی چەند شیعرێکی شاعیرێکی هاوچەرخی کوردیان دامێ کە شیعری گەلێ چاک بوون و شەوەکە بە خوێندنەوەی شیعرەکان دەستی پێکرد و بە چیرۆکەکانی «دەوڵەت ئابادی» و شیعرەکانی من کۆتایی پێهات.

نازانم شیعرەکان چیان لێهات. خۆزیا برادەران هەوڵێ بدەن و شیعرەکانم بۆ بنێرن، یان خۆت هەوڵێ بدەیت ئەو شیعرانە و چەند شیعرێکی تر کە بە پێویستیان دەزانی بکرێن بە فارسی، بگەیەنیتە دەستم. دەکرێ ئەو شیعرانە لەسەر کاسێت تۆمار بکەین یاخود بە وێنەی کتێب بڵاویان بکەینەوە. ئەم کارە گەلێک پێویستە. ئێمە لە شیعر و ئەدەبیاتی گەلی کورد بێئاگا ماوین و ئەمەش بەڕاستی مایەی شەرمەزارییەکی قووڵە.

دیارە کوردان شاعیری گەورەیان پەروەردە کردووە، کە هەندێکیان لە ئاستی شیعری جیهاندان. پێم وایە دەبێ بەخێرایی هەوڵێ بدرێ کە وەرگێڕدرێنە سەر زمانی فارسی. ئاخر ئێمە ئەندامانی یەک خێزانین، ئەوەمان لەبیر نەچێ!

1– ... لێرەدا شاملو چەند نموونەیەکی وشەی فارسی دێنێتەوە کە لە شیعری کۆنی فارسیدا بۆ جێبوونەوەیان لە کێشی شیعرەکاندا، سەر و پێیان شکاوە.

2– ... شاملو شیعرێکی «لانگستۆن هیۆز»ی بە ئینگلیزی هێناوە و خۆیشی کردوویەتە فارسی و لە بەرامبەر یەکتری داناون وەک نموونە بۆ وەرگێڕانی چاک. دیارە کوردیەکەش دەبوو هەروا کرابا بە کوردی، کە نەکرا. وەک هەمیشە: مخابن.

3– پەندێکی فارسییە. واتە: شتێ کە ڕژا و لەکیس چوو لەبەرخۆتەوە بڵێیت با بەخێری فلانە ئیمامزادە بێ. کە: نە خێری تێدایە و نە بێر. –بەرۆژ–



www.arsivakurdi.org

روون کاتەوە: ناکرێ «ریلکە» لە تەنیشت «لۆرکا» دانێین و ئەوسا بپرسین: چما «لۆرکا»یەک سەرهەڵنادا و بەم پرسیارە کۆرپە شیعرییەکەی ئەو «ئۆکتاڤیۆ پاز» لەبەرچاو نەگرین.

بەرسڤەکەی من ئەمەیە: شیعری جیهانی خەریکە پەرە بە رێگا راستە مێژووییەکەی خۆی دەدا.

بەدوای راستیدا گەڕانی ئەو، هۆکاری چ ناڕاستیەکی تازەیە.

خۆ بپارێزین لەو دزەی کە ئەمانەت و دروستکاری نیشاند دەدا! بێگومان ئەو بەدکردارە بە تەمای ئەوەیە لە یەکەمین دەرفەتدا هەموو دارونەدارەکەمان بەجارێ تاڵان بکا!

بەرۆژ: گوتەیەک هەیە بەم *مانا* و مەبەستە: "هەر شیعرێک *لە دەروونی خۆیدا هەڵگری پرسیارێکە*، که *شاعیر لە بەرامبەر بووندا*، قووتی دەکاتەوە." *ئێستا* دەکرێ *بڵێین* بۆ نموونە، لە سەردەمێکی *دیاریکراودا*، دوو کەس *«مارکس»* و *«رامبۆ»* هەندێک پرسیار *لەبەرامبەر* مرۆڤ و *جیهاندا* قووت دەکەنەوە و هەردووکیشیان گومان دروست دەکەن. *«مارکس»ی فەیلەسوف دەڵێ*: *"گۆڕینی جیهان"* و *«رامبۆ»ی شاعیر دەڵێ*: *"گۆڕینی ژیان."*، *ئێمەش دەبینین کە شیعر ئەو توانایەی هەبووە کە گەلێ پرسیاری بنەڕەتی لە بەرامبەر شارستانیەتی رۆژئاوا*، قووت کاتەوە. بە ڕای تۆ ئەمڕۆ ئەم *پرسیارانە* چۆن دێنە *ئاراوە* و شوێنیان کوێیە؟ پرسیارەکە *لەو* رووەوە دێتە پێش کە دەبینین *ئێستا* زۆربەی *فەیلەسوف و زانا و سیاسیەکانیش*، هەر ئەم کێشە و *پرسیارانە* دەخەنە روو.

شاملو: پرسیارێکی جوانە. بەیەکگەیشتنی ئیشراقی شاعیرانە و بەدواداگەڕانی زانایانە. گەیشتنی زانایەک کە لە تاقیگەدا ئارەقە دەدا بەدوای ئەو شتەی کە شاعیر بە دۆزینەوە و گەواهبوون پێی گەیشتووە، بەڵام سەد بریا وشەی "سیاسیەکان"ت نەخستبایە نێو پرسیارەکەت. لە سیاسەتدا بە بێشەرمیەوە بناغە لەسەر، بەڕەوازانینی هەموو شتە و سیاسەتچیش بەڕاشکاوییەوە درۆبێژی بە ڕەوا دەزانێ. هەر لەبەر ئەمەشە کە نابێ هەر شتێ کە ئەو دەبێژێ، تەنانەت ئەگەر بەشێکی هەرە زۆری راستی و راستەقینەی تێدا بێ، بە بەرهەمی بیرکراوی ئەقڵی و ویژدانی ئەو بزانین. لە بارێکی وادا بێ بەفیرۆدانی کات و لەوپەڕی وردبینیەوە دەبێ لێی بپێچینەوە و بۆمان دەرکەوێ کە راستگۆیی و

بەرۆژ: *وابزانم خەریکبوونی سیاسیەکان* بە شیعرەوە *(بۆ نموونە شیعرەکانی ماو تسی تۆنگ)* و *خەریکبوونی شاعیران بە سیاسەتەوە (بۆ نموونە سیاسەتی بایرۆن) کارێکی بێهوودە بێ. بۆچوونی جەنابت چیە؟*

شاملو: ئەوە، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە چۆن وشەی سیاسەت لێک دەبینەوە. بەڵام پێوانەکردنی ئەم دوو خاڵە دیار و بەرچاوە کارێکی نامومکینە، چونکە ئەمانە هەردووکیان لە یەک شت نین. شیعری «ماو» شیعرێکی چاکە، بابڵێین بۆ پروپاگەندەی بۆچوونە سیاسیەکەی. مەرگی «بایرۆن»یش مەرگی مرۆڤێکی پاکە، کە گیانی لەپێناو ئامانجەکەیدا، بەخت دەکا. سەرهاتە کورتەکەی لە "لاڕۆسی بچووک"دا، روونکەرەوەیە:

**"لۆرد جۆرج بایرۆن، شاعیری ئینگلیزی، لە دایکبووی ساڵی 1788 لە «لەندەن» و کوژراو لە ساڵی 1824 لە یۆنان. شیعرەکانی لەمەر سەختیەکانی ژیان دەدوێن. (زیارەتی چایلد هارۆلد، 1812) و ستایشی یاخیە پاڵەوانەکان دەکا (: مانفێرد، 1817- دۆن ژوان، 1824). لە ریزی شۆڕشگێڕە یونانیەکاندا کە بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆیان دەجەنگێن، کوژرا. ئەم چەشنە مەرگەش، سیمای قارەمانێکی نووسەر و رۆمانسی پێ بەخشی."**

دەبینی کە لە نووسینی سەرهاتەکەیدا، نەیانتوانیووە بێنرخی نەنوێنن. مەرگی ئەو، مەرگی شاعیرێکە کە بڕوای بە ئامانجە پاکەکەی هەیە و گیانی خۆی لەپێناویدا قوربانی دەکا. ئامانج لە نووسینی ئەمە کە: -ژیانی بە شتێکی سەخت دەزانی- تەنێ بێنرخکردنی مەرگە ئامانجخواز و ئینسانیەکەیەتی، یانی نیشاندانی گیانفیدایی کەسێ تەنیا لە چوارچێوەی بێمەیلی



www.arsivakurdi.org

«ڤێرلین» و کەسانی تر سەرهەڵنادەن، هۆیەکەی ئەوەیە کە «شیعر» لە ئاست «شارستانیەت»دا، شکستی هێناوە.

نازانم تۆ شارستانیەتت لەجیاتی کام پەیڤ بەکارهێناوە و گرنگیش نیە. بەڵام شیعر لەگەڵ شارستانیەتدا نەکەوتۆتە شەڕ. ئەمانە هەردووکیان پاڵپشتی یەکترن. ئەگەر هەندێک کەرەسەی شارستانیەت، وەک دەزگای چاپ و رادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما و شتی تری لەم بابەتەن، دەبێ بپرسم مەگەر ئەم شتانە هەموویان بە هەموو توانایانەوە خۆیان نەخستۆتە خزمەتی نووسەر و شاعیر و فەیلەسوفەکان و ....؟ کەواتە وێدەچێ مەبەستت خەڵکی بوونی ئەم کەرەسانە و لەئاکامدا رەواج و زێدەبوونی شتی پەست و بێمانا و وەدەرنانی هونەرە رەسەنەکان لە مەیدان بێ. لەم حاڵەتەدا لەلایەکەوە چاکی بۆ چوویت و لەلایەکیشەوە، نا.

1- ئەوەی کە تۆ چاکی بۆ چوویت بەم چەشنەیە:

بەڵێ. لێرەدا، سێ رەگەزی بێبەزەیی و وێرانکەر لەئارادان کە یەکەمیان زۆرینەی خەڵک و دووهەمیان سەرمایە و سێهەمیشیان خورافاتە.

خەڵک گلەییان نایەتە سەر. خەڵک لە هەژاری یاخود دارایی بۆگەنکەر و لە نەزانینێکدا دەژین، کە خۆیان پێیان وایە دەیزانن. ئەویش نەزانینێکە کە لەلایەکەوە هەرکات و سات بە سوودی "ئەوانەی هەموو لەشیان تەنێ زگە" مەیدانی دەدرێتێ و لە لایەکی ترەوە بە بۆنەی رێکخراوێکی مافیاییەوە کە رێگای زگ پەروەرییەکەی رێک لە دەروازەی نەزانینەوە رادەبوورێ. چونکە پەرەپێدانی ژیانە کرمئاسایەکەی تەنیا و تەنیا لە گرەوی نەزانینە دەمارگیرییەکەیدایە. ئەم دووانە خێراخێرا هەر شتێکی نوێ کە دێتە بازار، بۆ ئەوەی ئاسانتر بگەن بە ئامانجیان، دەیخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە. دەزگای چاپ، رادیۆ، تەلەفزیۆن، سینەما و هەموو شتێکی تر. لە پلەی یەکەمدا تەنیا بۆ کاسبی، دووهەمیشیان هەر بەم مەبەستە، دەتوانین بڵێین وەک کەرەسەی هەمەگر بۆ پروپاگەندەی نەزانین.

سەرکەوتنیشیان وەدەست هێناوە، چونکە بەتایبەت ئەمەی دووهەم بەر لە هەموو شتێ مەزاج و فەرهەنگی پەست و کۆڵەواری کۆمەڵگای بەرەو پلەیەکی وا نزم و ئاسانخوازی بردووە کە بازاڕی کاسبی ئەوان ئاسانتر وەریدەگرێ. لەڕاستیدا، ئەم دوو هۆکارە کە کەرەسەکانی فەرهەنگ و شارستانیەت لە خەباتی دژی فەرهەنگ و شارستانیەتدا بەکار دەبەن، وەک شمشێرێک کەڵکی لێوەردەگرن کە لایەکی دیکەی هەژاریی چارەنووسئاسایە و لایەکەی تری زگتێریی تا قوڕقوڕاگە. ئەم هەژاری و زگتێرییە، بە چەشنێ دەوروبەری بۆ قەبووڵکردنی پەستی و شتە پووچەڵەکان و خورافەپەرستی، (کە کلیلی چوونەژوورەوەی قەڵای سەرکەوتنە بۆ دوو تیپەکەی ناوبراو)، ئامادەکردووە. کە کۆمەڵی خەڵک، بێ ئەوەی تاوانکار بێ، رێی نەجاتی بە دەستی خۆی بەسەر خێرخوازاندا، داخستووە.

2- بەڵام لایەکەی تری کە تۆ چاکی بۆ نەچوویت:

سەرەتا ئەوە بڵێم کە هەرچەند پێرستی ناوی ئەو شاعیرانەی ناویانت هێناوە، دوور لە هەڵە نییە، بوونی مێژوویی ئەم خاوەن ناوانەش بەڵگەیەکە بۆ رەتکردنەوەی بۆچوونەکەت، یەکەمیان ئەوەیە: هەندێک لەم کەسانە، هێشتا زیندوون و ناتوانین بڵێین بۆچی سەرهەڵنادەن، -هەر چۆنی بێ- دەبینی کە لەئارادان. دووهەمیان ئەوەیە: کەسانێکی وەک «ڤێرلین» و «رامبۆ» پەیامبەرایەتی مێژوویی خۆیان بەجێ هێناوە. یانی لەم کێبڕکێیەی راکردنی تیپی دا، دارەکەیان گەیاندۆتە دەست راکەری تر و خۆیان کشاونەتەوە و راکەرەکانی دوای ئەوانیش راستیەکەی بڵێین هەموو هەوڵ و توانایان لەم رێگایەدا بەکارهێناوە. سێهەمیان: تۆ لەم پێرستەدا چاک و خەراپت تێکەڵ کردووە، ئەمەش یانی تێکەڵکردنی نرخ و لێهاتووییەکان. بەڵام بەداخەوە دەبێ ئەم باسە کورت کەینەوە، چونکە ئەگەر وا نەکەین، ناچار دەبین سەرەتا خەریکی هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی یەکەی ئەم شاعیرانە و جیاکردنەوەی نرخی بەرهەمەکانیان بین کە لەم گفتۆگۆیەدا ئەوەمان بۆ ناکرێ. پێم وایە، ئاماژەیەکی کورت بتوانێ مەبەستەکە،

www.arsivakurdi.org

بکاتەوە، گوتی چونکە پێی وایە ئیتر وادەی مەرگ نزیکە و ئەویش هاتۆتەوە تا لە "ولات"دا بمرێ. ولاتی "خۆی"!

من نازانم ئەم نیازە دەروونییە لە چ شتێ سەرچاوە دەگرێ. بەهەرحاڵ، دەکرێ هەستی تەنیایی لە دوورەولاتیدا بە هەستێکی گشتی بزانین، بەلام هەستی تەنیایی "لە ولاتدا" هەستێکی گشتی و هاوبەش نیە. هەستی کەسێکە کە لە هیچ شوێنێکی ئەم خاکە بەرینەدا، هاودڵێک نادۆزێتەوە. جا چونکە هەستێکی وا کارەسات هێنەر لە "ماڵی خۆدا" زێتر مرۆڤ دەفەوتێنێ و لە دەرەوەی ولاتدا، دەکرێ بیانووی بۆ بدۆزیتەوە، تەنیا ڕێگای لە رووی ناچارییەوە، جێهێشتنی یار و ولاتە، یانی کارێک کە لە دەست هەموو کەسێ نایە.

بەرۆژ: *جەنابت گەلێک سەفەرت بۆ ئەورووپا و دوورترین شوێنەکانی رۆژئاوا کردووە و هەندێک جاریش بۆ ماوەی چەند ساڵێ لەو شوێنانە نیشتەجێ بوویت. دەکرێ بپرسم تۆ وەک مرۆڤ و وەک شاعیرێکی رۆژهەلاتی، دنیای شیعری دەرەوەت چۆن بینیووە و ئێستا چۆن هەڵیدەسەنگێنی؟*

شاملو: ناسینی شیعری رۆژهەلاتی نزیک و رۆژئاوا پێویستی بە سەفەر و نیشتەجێبوون لەو شوێنانە نیە. بۆ نموونە، «ژاپۆن»م نەبینیووە، بەلام لەگەڵ شیعر و ئەدەبیاتی ئەو ولاتە "هەڵبەت تا رادەیەک" ئاشنایم هەیە.

یەکێک لەو شتە چاکانەی کە شاعیرانی ئەم رۆژگارە هەیانە و شاعیرانی پێشوو نەیانبوو، دەست وێراگەیشتنە بە شیعری جیهان. جا چ راستەوخۆ بێ یان ناراستەوخۆ و لەرێگای وەرگێرانی شیعری شاعیرانی جیهان بۆ فلانە زمان کە دەیزانین یان دەتوانین فێری بین. کە هەلێکی ئاوا نەبێ، شیعری زیندانیکراوی ناوچەیی هێندە لە خۆیدا دەمێنێتەوە بۆگەن دەکا. گرفتی شیعری کۆنی ئێمە هەر ئەمە بوو. تەنانەت «حافظ»یش کە شاعیری شاعیرانە ناچاربوو کە بابەتی شاعیرانی بەر لەخۆی زەوت بکا. بەلای کەمەوە دەکرێ هەموو وێچواندن و لێکدانەوە شیعرییەکانی ئەو لە شاعیرانی بە لە خۆیدا ببینیەوە. زۆربەی شاعیرە کۆنەکانمان ئاشناییان لەگەڵ شیعری شاعیرانی عەرەب هەبوو کە بەهۆی مێژینەی مێژووییەوە، ئیتر ئەم ئاشنایە شتێکی تازە و کارساز نەبوو. «حافظ» بەپێچەوانەی شاعیرانی تر، زمانێکی هەبوو لە سنووری موجیزەکردن و ئیلتیزامێکی هەڵقوولیو و قسەیەکەی تازە بۆ پەیڤین.

ئەو لە ئاست ئەهلی ریا و دوورووییدا وەستابوو و رازی مانەوەیشی لەمانەدایە: زمانی هەرە بەهێز و ئیلتزامی مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتی و شاعیریتی قووڵی گیانی: ئەو شتانەی کە نە لە کەسانی بەر لەودا بوونی هەبوو و نە هاوچەرخەکانی و نە لە کەسانی دوای چەند چەرخێکی تری.

بەدڵنیاییەوە دەکرێ بگوترێ ئەمرۆ ئیتر ناکرێ شاعیرێکی مەزن بدۆزینەوە، کە لە چوارچێوەی مەرزە سیاسیەکاندا، یان دەڤەری زمانی خۆیدا زیندانی کرابێ و نەهاتبێتە دەر و بە وێنەی شاعیرێکی جیهانی نەناسرابێ. هەر بەم هۆیەشە کە شیعری هاوچەرخی جیهان، شیعری درێژی سەراسەری مێژووی ئەم هونەرەیە و هەڵبژاردنی یەکێک بە وێنەی "شاعیری هەرەبەرز" لەنێوان ناودارانی دنیای شیعری ئەمرۆدا رۆژ بەرۆژ، سەختتر دەبێ.

بەرۆژ: *گوایە لەم سەردەمەدا، شارستانییەت گەلێ شت هەڵدەلووشێ. من پێم وایە دەکرێ بگوترێ شەڕی نێوان شیعر و شارستانییەت، دەمێکە دەستی پێکردووە. بۆ نموونە، چما ئەمرۆ ئیدی شاعیرانی وەک: «رامبۆ»، «ڤێرلین»، «ئەلیۆت»، «لۆرکا»، «ریلکە»، «ئێلوار»، «ئاراگۆن» و... سەرهەڵنادەن؟ بەراست چارەنووسی شیعر خەریکە بەرەو کوێ دەروا یان بە کوێ گەیشتووە؟*

شاملو: دوو خاڵ لە پرسیارەکەتدا هەیە، کە سەداسەد دەبێ روون بکرێنەوە.

یەکەمیان: مانا و ناوەرۆکی ئەو شارستانییەتەی کە بە رای تۆ خەریکە گەلێ شت هەڵدەلووشێ. تۆ بەویەری وردبێژییەوە گوتت کە ئەگەر شاعیرانی وەک «رامبۆ»،

www.arsivakurdi.org

دەوڵەمەندانەیانەوە نەبوو! سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئەبێ دان بەوەدا بنێین و قەبووڵ بکەین: لەم جیهانەدا کە حورمەتی هیچ شتێکی ئینسانی ناگیرێ و بەڕێوەبردن و ڕێنوێنیکردنی لە دەست شێتەکان و خوێڕیەکاندایە، ناکرێ چاوەڕوانی نەچاتدەربوونی شیعر و هونەر بین.

هەرچەند کە ئارمانجی هونەر لەمە بەولاتر هیچی تر نیە!

هەڵبەت ئەگەر ڕۆژگارێک حکومەتی ئەقڵ دامەزرێ و سیاسەت مانا ڕاستەقینەکەی خۆی وەدەست بێنێتەوە. یانی ئەوکات ئەم پەیڤە پیس کراوە، دەبێتە پیشەکیەکی شەرافەتمەندانە کە بۆ گەیشتن بە نیزام و دادگەرییەکی شایان و پڕ بە پێستی مرۆڤ بەکار بێ.

بەرۆژ: *من پێم وایە کە زۆربەی شیعرەکانی جەنابت، هاوارێکن لە دەروونی تەنیایی شاعیرێکەوە بۆ دەرەوە. کەواتە دەمەوێ بزانم تەنیایی بۆ تۆ چ مانایەکی هەیە؟*

شاملو: دەبێ چاکی بۆچووبیت. ئێمە هەر کاممان منداڵێکی دایک لێ ونبووی سەرگەردان لە کۆڵانەکانی تاریکی داین. لە کەلێنەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا کە هێشتا مرۆڤەکان دەستی بە غەریزە جوانەکان ڕانەگەیشتووە، ڕستەی "خۆشم دەوێی" زۆربەی جاران بەرتیلێکە، کە مرۆڤ بۆ ڕاکردن لە تەنیایی دەیدا و یەکێک لەو هۆیانەش کە ئەڤین و خۆشەویستی دەکا بە وەدەستهێنان و بە خاوەنبوون، بە مەزەندە دەکرێ هەر ئەم هەترەشچوون لە تەنیاییە بێ. گوتوویانە: "مرۆڤ، ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتییە." کەواتە مرۆڤ ناچارە کەسانی تری خۆشبووێ.

بەڵام ئەو تەنیاییەی تۆ ئاماژەت پێکرد، باسێکی ترە. شیعر لە دەروونی خۆیدا، هاوارێکە لە قووڵایی تەنیاییەوە، چونکە جیهانی شاعیر جیهانێکی تاکەکەسییە. بەڵام شاعیر لە قۆزاخەدا وریا دەبێتەوە و هاوارەکەی ئاوازی خەمناکی هەوڵ و کۆششێکی گیان فەوتێنەرە کە بۆ ڕزگاربوون لەو قۆزاخەیە، دەیچڕێ.

بەرۆژ: *ڕازی تەنیایی و دوورەپەرێزی مرۆڤ، چ لە دەرەوەی وڵات و چ لە نێو وڵاتدا، لە چی دایە؟*

شاملو: پرسیارێکی سەختە و بەرسڤدانەوەی لە توانای مندا، نیە. ڕەنگە لە دوور وڵاتی و غەریبیدا، هەستی بێ پەنایی و ترس لە بێ خودان بوون، تەنیا یەکێک لە هۆیەکانی بێ. دەبێ لە دەروونناسەکان بپرسی تا وەڵامە پڕ بەپێستەکەی وەدەستبێنی. دیارە گرفتێک هەیە کە من ناوم لێناوە «دەردی دەڤەر».

دەوروبەری ساڵانی 1968-69 لە کەنارەکانی دەریای «عەمان» چەند کەپرێکم بەرچاو کەوت، هەشت نۆیەک. چەند ماسیگرێک لەو کەپرانەدا دەژیان. چەند دارخورما و چاڵێکی گومبەز لەسەریش دەبینرا کە بۆ ئاوخواردنەوە، ئاوی بارانیان تێدا کۆ دەکردەوە. هەر ئەمە و هیچی تر نا. نانیان لە ڕێگەی گۆڕینەوەی ماسی لەگەڵ گەنم وەدەست دێنا، دەڵاڵێک کە هەر دوو سێ ڕۆژ جارێک بە کەچە پیکابێک دەهات و بەدرێژایی ئەو کەنارە و ئەو شوێنەی کە کردبووی بە ملکی خۆی دەسووڕایەوە و بەرهەمی نێچیرەکەیانی دەبرد و نیازەکانی ئەو خەڵکەی بە شێوەی نەخت و قەرز، وەدی دێنا. پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکی تر تەنێ ئەوە بوو کە هەر چەند مانگ جارێک ژەندرمەکان دەهاتن و ئەگەر لاوێک تەمەنی گەیشتبا هەژدەساڵی بە شەق و زللە وەپێش خۆیانی بدەن و بیبەن کە خزمەتەکەی لە ئاست "شا و نیشتمان" بەجێ بێنێ!. لەوێ پیرەمێردێکم بینی کە سەرهاتێکی سەیری هەبوو. لە شازدە ساڵیدا ژنی هێنابوو و بەرلەوەی بچێتە سەربازی، ببوو بە خاوەنی دوو منداڵ. فەقیرە، نەیزانیبوو بەپێی یاسا، ناتوانن نانهێنەری خێزانێک ببەنە سەربازی. بەهەرحاڵ، دوای دووساڵ سەربازی، ناچار بۆ پەیداکردنی پاروەوە نانێ بۆ منداڵەکانی رووی لە دەڤەری شێخنشینەکانی کەنداو کردبوو. دوای ڕۆیشتنی، ژنەکەی مرد بوو و منداڵەکانی کەوتبوونە ژێر سەرپەرشتی کەسانی تر. دوای چەندێ منداڵەکانیشی مرد بوون و ئەویش کە هیچ کەسی لەو دنیایەدا نەمابوو، ماوەیەک هەر لە دەرەوە ژیا بوو. کە لێم پرسی چ شتێک بۆتە هۆی ئەوەی ئێستا دوای تەمەنێک بەدبەختی و بەم نەساغییەوە، ڕوو لەم شوێنە



www.arsivakurd.org

سەدەیە کە بەسەر باپیرانماندا تێپەڕیوە. ئێمە ناهێینە سەر دونیا، تەنیا "کۆپی" دەکرێین. زەمان لە چنگی ئێمەدا نیە، ئێمە دیلی زیندانی رابردووەکانین.

هەزاران ساڵ و هەزاران ساڵی تر... پاکی و بێتاوانی سەردەمی منالێتی: بەڵێ!

ترس و سەردانەواندنی منالانە: هەرگیز!

*بەرۆژ: باشە، شیعرنووسین چێژە یاخود ئازار؟*

شاملو: لەلای من شیعر ئامرازێکە بۆ پەسنی مرۆڤ و دەنگ هەڵبڕین لە ئاست ئەو بێحورمەتیەی پێی دەکرێ. بەڵام هەندێک جاریش داستانی ئازار و خەفەتیشە: خەمنوێنییە و لەئاکامدا ئاسایش دەبەخشێ.

*بەرۆژ: رازی مانەوەی شیعرێکی چاک لە چیدایە؟*

شاملو: لە سەلماندنی ئەو خاڵەدایە کە مرۆڤ و سەردەم نەگۆڕاون، چونکە مەبەستی سەرەکی شیعر، مرۆڤ و سەردەمە تا ئەو کاتەی ئیتر پێویستمان بە شیعر نەبێ. نیازمەندی بە دەفر و گۆزە نیشانەی ئەوەیە کە تینووێتی هێشتا بەردەوامە.

*بەرۆژ: شیعر و سیاسەت لە کوێ بەیەکتر دەگەن؟*

شاملو: رێک لەسەر مەیتی یەکتر!

*بەرۆژ: ئەی کامیان جیهان نەجات دەدا؟ شیعر یان سیاسەت، یاخود ئاوێتەیەک لە هەردووکیان، کە لەو حاڵەدا وێدەچێ هەم جەللاد پەروەردە ببێ و هەم نەجاتدەر!*

شاملو: کەسێ جیهان نەجات دەدا کە دەرک بە پێویستبوونی هونەر بکا! بۆ نموونە، تۆ دەتوانی نەجاتدەری جیهان بیت، چونکە بە یەقینەوە دەکرێ بگوترێ تۆ نابیت بە سیاسەتباز، چونکە ناتوانی جەللاد بیت. سیاسەتبازی و هێزخوازی، کە هەردووکیان نیازمەندی یەکترن، کاری کەسێکە، کە بۆ هیچ گیانلەبەرێکی تر گرنگیەکی ئەوتۆ لەبەرچاو ناگرێ و لە درۆهەڵبەستن و تەڵەکەبازی و کوشت و کوشتارکردن و وێرانکردن هیچ ترسی لەدڵدا نەبێ. لە کاری سیاسەتدا هەر پەستییەک پاوانێکە. تا ئەو شوێنەی کە «شاعەباسی سەفەوی» دەتوانێ بە بەرەکەتی کارنامە خوێنینەکەی خۆی نازناوی "مەزن" بە خۆیەوە ببینێ.

ئەهلی سیاسەت نە تەنیا بیر لە پیرۆزی ژیان ناکاتەوە، بەڵکو هەموو زیندەوەران وەک ئامراز هەڵدەسەنگێنێ، کە بەپێی پێویست دەبێ بێ ئەملاوئەولا، ببن بە قوربانی سەرکەوتنەکانی ئەو. هەندێ کەس ئەم بۆچوونە قەبووڵ ناکەن و ناسین و لە رووی ناچاریەوە حورمەتی هونەر راگرتن بە شتێکی تر لە قەڵەم دەدەن و سوپای «رایخ»ی ئەڵمانیا بە نموونە دێننەوە کە زۆربەی ئەفسەرەکانی بەلای کەمەوە لە ژەنینی یەکێک لە ئامێرەکانی مۆسیقادا شارەزاییان هەبوو. بەرسڤ بۆ ئەم کەسانە ئەمەیە: بەڵێ. ئەگەر لە یادیشتان چووبێ هەر خۆم بە بیرتان دێنمەوە کە ئەوان بەهۆی ئەوەی گەلێ لایەنگری ئەم هونەرە بەرزە ئینسانیە بوون، تەنانەت لە کوشتارگاکاندا کاتێ گروپ گروپ مرۆڤەکانیان بە ئۆرکێسترەوە بەرەو هۆڵی گاز بەڕێ دەکردن. ئەو ئۆرکێسترەش لە خودی زیندانیەکان پێک هاتبوو و بەلای کەمەوە هەموویان سازژەنی گەلێ لێهاتووی ئۆرکێسترەکانی "فیلارمۆنیک" یان "سەمفۆنیک"ی وڵاتە داگیرکراوەکان بوون کە تەنیا و تەنیا بەتاوانی ئەوەی کە "ئەڵمانی نین" دەبا رۆژانە بە وەرگرتنی تەنیا چەند گرام نان لە کارگەکانی چەکسازیدا کاربکەن و هەر کاتێکیش نیشانەی ماندووێتی و لە کارکەوتنیان پێوە دیار ببا، دەبا بەرەو ژوورەکانی گاز، وەڕێ کرابان.

ماف هەر ئەوەیە کە ئەوانەی پەسنی «مۆزارت» و «بێتهۆڤن»یان دەکرد و بە هەموو بوونیانەوە بە مۆسیقاکەیانەوە، لە رێگای مۆسیقاکەشیانەوە ئەڤینداری هەموو هونەرەکانی تر بوون و نیازی دەروونییان پێی هەبوو و حورمەتیان لێ دەگرت و لێهاتوویشیان لە ژەنینی بەلای کەمەوە ئامێرێک، هیچ پەیوەندی بە سوننەتەکانی پەروەردەیی

www.arsivakurdi.org

حاڵەتەدا دەکرێ واز لە وەرگێڕانی موو بە موو بێنین و لەجیاتی ئەو چەشنە وەرگێڕانە، خەریکی ئاوەدانکردنەوەی شیعرەکە لە زمانی دووهەمدا بین. بەڵام دەبێ شێوەی ئاوەدانکراوەکە بە چەشنێ رەنگ و تام و بۆی شیعرە رەسەنەکەی هەبێ، کە وەک ئەوە بێ، خودی شاعیرەکە بەم زمانە، شیعرەکەی هۆنی بێتەوە.

نموونە هەرە چاکەکەی وەرگێڕانی شیعرەکانی «خەییام»ە کە «فیتز جرالد» کردوویەتی.

*بەرۆژ: گوایە «هەمینگوای» گوتوویەتی: "تەنیا کاتێ دەکرێ چاک بنووسیت کە ئەڤیندار بیت." رای جەنابت لەم بارەوە چیە؟*

شاملو: ئەڤینداربوون، پشتیوانێکی هەرە چاکی سەرکەوتنە لە هەموو کارێکدا. دیارە داستانی ئەو کرێکارە خانووسازەت بیستووە کە لەبەر قرچەی هەتاودا لە قووڵایی دڵەوە گۆرانی دەگوت و خشتەکانی لە هەموو کرێکارەکانی تر بەرزتر، هەڵدەدا؟ بەڵێ. «کەریم خان»، کەسێکی نارد لێی بکۆڵێتەوە بزانێ هۆی زەوق و کەیفخۆشیی ئەو کرێکارە لەبەر ئەم هەتاوە سووتێنەرە چیە؟ کابرا هاتەوە و هەواڵی هێنا کە ئەڤیندارێکی بەختیارە.

نە دەڤەری نووسین تاقە شوێنی بەکارهاتنی ئەڤینە و نە ئەڤینیش مانایەکی موتڵەقی هەیە. ئەڤین لە ئاست گیانەوەران و ئەڤین لە ئاست نێچیردا! ئەڤینداری داهێنان و ئەڤینداری وێرانکردن! ئەڤینی «فەرهاد»ئاسا و ئەڤینی «تەیمور» و «هیتلەر»ئاسا!. کەواتە پرسیار ئەمەیە، کە جەنابی «هەمینگوای» بە چ شتێکی گوتووە: ئەڤین؟ ئایا سەرکەوتنەکەی ئەو لە نووسیندا، هی بەختیاربوونی ئەو بوو لە ئەڤینە سەوداسەریەکەی لە ئاست رژتنی خوێنی شێر و پڵینگ و فیل و ئاسکدا؟ ئاکامی بە کام گەیشتنی ئەو بوو لە حەزی کوشتنی ئەو گیانەوەرانەی کە سروشت هەموو جوانیەکەی خۆی قەرزاری بوونی ئەوانە؟

دەروونناسەکان دەڵێن: "ئەڤینێکی وا شێتانەی نەساغ ئاسا، رێک دەگەڕێتەوە سەر دەستکورتیە رەوانیەکانی دەروونی مرۆڤ و لەو گومانانەوە سەرچاوە دەگرێ کە وەلانانیان لە گرەوی ئەم خۆنواندنانەدایە، چونکە ئەڤین بەتەواوی نیازێکی ئینسانییە و هەستێکی هەڵقووڵاو لە تەندروست بوونی دەروونە، کە هەموو ژین و بوون لەخۆ دەگرێ و ئاکامەکەی تەنێ بەرەو "سێکس" و پێخەف ناچێ. تەنیا "جووتخوازی" دەبێتە هاوتەریبی ئەم "ئەڤین"ە کە لەو حاڵەتەدا دەبێ نێچیرڤانە بەرێزەکان خاوەنی ماف و قسەی راست بن، چونکە هەموو گیانەوەران لەو وەرزەدا، چاکتر دەخوێنن!

*بەرۆژ: هۆکاری هەستی، یان تەنانەت رۆشنبیرانە وەک پەیوەندی نێوان نووسەران و شاعیرانی تری دنیا بۆ نووسەر یان شاعیرێک چەندە گرینگە؟*

شاملو: شاگەشکە هێنەرە. گەلێ شت لەیەکتر فێر دەبین. ئەمڕۆ ئیتر هەر نووسەر یان شاعیرێک، نووسەر و شاعیری هەموو جیهانە. ئێمە لە یەک خێڵین و هاواری هەموو مرۆڤەکان بەرز دەکەینەوە.

*بەرۆژ: منالێتی داغی نەحلەتێکە کە لەگەڵ شاعیر دەمێنێتەوە و شاعیریش منالێکە، کە مەزن نابێ. پێت وایە بەرەو پیری دەچیت یان بەرەو منالێتی یان شتێکی جادوویی تێکەڵ لە هەردووکی ئەمانە؟*

شاملو: نازانم چۆن بەم حوکم بەسەردا برینەوەیە گەیشتووی! بەهەرحاڵ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پڕە لەو کەسانەی کە لە بێ هەواڵی سەردەمی منالێتیدا، دەمێننەوە و لەجیاتی ئەوەی مەزن بن و بە شێوەیەکی جیددیتر بڕواننە دەوروبەریان، گومانە منداڵکاریەکانیان تا کۆتایی تەمەن لەگەڵ خۆیان دەبەن. منالێتی، داغی نەحلەت نیە، سەردەمی داغی کۆیلەتی خواردن لە دەستی ئەو دایک و باوکانەیە کە خودی خۆیان لە منالێکی بەساڵدا چوو بەولاتر، هیچ شتێکی تر نین. خەڵک لەجیاتی ئەوەی "بن"، بەداخەوە تەنیا بە "بوون" رازین. هەر لەبەرئەمەشە کە لە درێژایی ئەم هەموو چەرخەدا هەموو رۆژێک هەمان رۆژی پێشووە و هەر ساڵێ هەمان ساڵی رابردوو و هەر سەدەیێ هەمان

www.arsivakurdi.org

ئەوەی کە ئێمە یەکترمان خۆشدەوێ، ئەوەی کە ئێمە ئەندێشە یان بڕوا "بگرە جیاوازەکانمان" بە پێشێلکردنی مافی یەکتر نازانین، ئەوەی کە بڕوامان بە مافی ژیانی یەکتر هەیە، ئەوەی کە تەنانەت لەکاتی جیابوونی را و بۆچوونمان، گوێ لە قسەکانی یەکتر دەگرین، هەموویان بابەتی سیاسین. نان و ئاو و جلوبەرگ و ماڵوحاڵ، هەر هەموویان کێشەی سیاسین. مەگەر شاعیر یان نووسەر شتێکی جیا لەم هەموو شتانەیە؟

*بەرۆژ: لەگەڵ کێشەی نەتەوەییتدا چۆن راهاتوویت؟ مەبەستم نیشتمان و گەل و وڵات و ئەم کێشانەیە.*

شاملو: بەر لە ئێستا وەڵامم دایتەوە. من خزمی هەرە نزیکی هەموو مرۆڤێکم. نە ئێرانیم پێ لە نائێرانی چاکترە و نە بە پێچەوانەشەوە. من لۆر بەلوچ کورد فارسم. فارسی زمانێکی تورکم، ئەفریقیەکی ئەورووپی ئوسترالیایی ئامریکایی ئاسیاییم، رەشپێستێکی زەردپێستی سوورپێستم، کە نەک تەنیا لەگەڵ خۆم و کەسانی تردا هیچ گرفتێکم نیە، بەڵکو بێی بوونی کەسانی تر، لەژێر پێستمدا هەست بە هاتوچۆی مردن دەکەم. من، لەسەر گۆی پیرۆزی زەوی، مرۆڤێکم لەنێوان مرۆڤانی تردا کە بێی بوونی مرۆڤانی تر، هیچ مانایەکم نیە.

*بەرۆژ: ئایا لەکاتی نووسیندا، خوێنەرێکی تایبەتت لەبەرچاوە و بۆ ئەو دەنووسی؟*

شاملو: نا. ئەوەی بۆ خوێنەری خۆی دەنووسێ خاوەنی بانگەشەی خۆیەتی. من هیچ بانگەشەیەکم نیە و تەنیا بۆ خۆم دەنووسم. نانێکە کە بۆ خوانی خۆمی دەپێژم، بەڵام ئەگەر ئەم نانە بۆ کەسێکی تریش خۆش بێ، هەر بەم نانەوە هەڤاڵێکی هاوحەز وەدەست دێنم. منی من، دەبێتە منی خوێنەر و من دەکا بە "تۆ" و "ئەوان". گەلێ جوانە کە کەسێک بتوانێ لەگەڵ کەسانی تردا، لەگەڵ هەموویان، منێکی هاوبەش بدۆزێتەوە.
جوان نیە؟

من تەواوی مردووەکان بووم
مردووی ئەو باڵندانەی کە دەخوێنن و
بێدەنگین،
مردووی جوانترین گیانەوەران
لەسەر خاک و لەنێو ئاودا،
مردووی مرۆڤەکان، هەر هەموویان
چاک و خەراپ.

من لەوێ بووم
لە رابردوودا
بێی هیچ سروودێ.
هیچ رازێکم نەبوو
نە بزەیێ
نە تامەزرۆییێ.

بە میهرەوە
منت
لەناکاو
لە خەودا بینی و
لەگەڵ تۆ
بێداربوومەوە.

*بەرۆژ: هەروەک دەزانین، جەنابت لە وەرگێرانی شیعردا ئەزموونێکی چاکت هەیە و دیارە لەم بارەوە خاوەنی بۆچوونی تایبەتی خۆتی. دەکرێ باسی ئەوە بکەیت کە شیعر چلۆن دەبێ لە بێژینگی زەینی وەرگێر بدرێ و بە زمانێکی تر بێتە سەر کاغەز، کە هەم شیعریەتی خودی شیعرەکە لە زمانی رەسەندا بریندار نەبێ و هەم لە زمانی دووهەمدا جێ بکەوێ؟*

شاملو: جاری وا هەیە کە شیعر بەتەواوی و پەیف بە پەیف دەگوێزرێتەوە سەر زمانێکی تر. نموونەکەیان شیعرەکانی «لۆرکا»ن کە من وەرمگێڕاونەتە سەر زمانی فارسی. هەندێک جاریش شیعری وا هەیە کە بەتەواوی و رێک وەک خۆی ناگوێزرێتەوە سەر زمانی تر. لەم



www.arsivakurdi.org

هەرچەند مەدحی خۆ کردنیان بەلاوە نەک تێکەڵبوون لەگەڵ سیاسەتە، بەڵکو پێیان وایە "پەسنی راستیە"، کەچی لە هەمان حاڵدا لەو بڕوایەدان کە هونەر هیچ ئەرکێکی نیە، بێجگە لە داهێنانی "جوانی"، تەنانەت ئەویەڕی جوانی. من لایەنگری ئەو چەشنە هونەرە نیم و هەرچەند هەمیشە رێدەکەوێ کە لە ئاست تابلۆیەکی هونەریی تەجریدی دا، یان پارچە شیعرێک دا "شیعرێکی گەلێ جوانی بێ ئامانج"، لە قووڵایی دڵەوە سوپاسی زانست و زیرەکی داهێنەرەکەی دەکەم، بەڵام بێگومانی لەبەرئەوەی: چما هاوارێکی ئاوا بەهێز، تەنیا خەریکی نواندنی هێزی قوڕگ بووە و کەسانێکی وەک منی نیازمەند بە هاودەردی لەبیر خۆی بردۆتەوە، داخ گرتوومیەتی.

بێدەنگیی ئاو
دەکرێ
وشکایی بێ و هاواری تینوێتی.
بێدەنگیی گەنم
دەکرێ
برسیەتی بێ و قیژەی سەرکەوتوانەی قاتوقڕی.
هەروەسا، کە بێدەنگیی هەتاو
تاریکییە.
وەلێ بێدەنگیی مرۆڤ، ونکردنی جیهان و خودایە:
قیژەیەک
بنوێنە!

هونەرمەندێ کە دەتوانێ بە سووڕاندنی پێنووسەکەی شتێ بڵێ کە ئێمە خەڵکی فریوخواردووی تالان و قوربانی کراو کە بێی هیچ تەکلیف کردنێک ناوی "مرۆڤی باشووری"یان بەسەردا دابڕیوین، هەندێک راستیمان بۆ دەرکەوێ. هونەرمەندێ کە دەتوانێ لە رێگای هونەرەکەیەوە وریاییەکمان بداتێ بۆ جوڵانەوە و گواستنەوەی ئەمڕۆ بەرەو بەیابیمان کە بزاڤەکەشمان بۆ زێتر رۆچووڵە و بەداخەوە لەم بزاڤەش گومانێکی چارەنووسیمان هەیە -بۆچی دەبێ ئیمکانێکی ئاوا پاک و بەرز، بە کەم ابزانێ؟ -مەگەر خودی ئەویش تنۆکێک لەم ئۆقیانووسە، نیە؟ -بەواتایەک: هونەرمەندی ئەم سەردەم و رۆژگارە، وەک هونەرمەندی سەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی رۆم، لەسەر سەکۆیە بەرزەکانی هەنداو مەیدانەکان دانەنیشتووە کە لە رووی هاودەردی یان نەیاری، یاخود بێلایەنییەوە، چلۆنایەتی پارچەپارچەبوونی فریوخواردووەکان بنوێنێ. هونەرمەندی سەردەمی ئێمە لەسەر هیچ سەکۆیەک ئاسوودە و دوور لە مەترسی نیە. لە هیچ مەیدانێکدا، بینەری دوور لە بەڵای رووداوەکان نیە. ئەو دەتوانێ لە هەموو کات و ساتێکدا، هەم شێر بێ و هەم قوربانی، چونکە لەم رۆژگارەدا، هەموو شتێ گوێ بە فەرمانی زەبرێکی بێهەست و بێبەزییە کە سەرانسەری جیهانی بەربڵاو مەیدانە بچووکەکەی رمبازی ئەوە و تاوانکار و بێتاوان و دژ و لایەنگریش ناناسێ.

*بەرۆژ: ئەی بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەهەرحاڵ مرۆڤەکان تووشی بۆچوون و ئایدیۆلۆژیای تایبەتی خۆیانن؟*

شاملو: مرۆڤ، گشتێکی یەک پارچەیە، کە گەلێ مەزنترە لەم قسانە. مەزنترە لەم ئایدیۆلۆژیانە. ئەو کەسەی بانگدەری بەرزبوونەوەی خێڵی مرۆڤە، دەبێ بەرزتر لە ئایدیۆلۆژیا و ئەو بۆچوونانەی کە بونەتە هۆی لەتلەتبوون و جیاکردنەوەی ئەم یەکگرتنە، هەنگاو هەڵێنێ. ئەو ئایدیۆلۆژیانەی کە "ئێمە" دەکا بە "من" و "تۆ" و "ئەو" بانگەشەی تەفروتووونابوونی مرۆڤی لە هەنبانەدایە. بڕوایەکی کە کۆمەڵگای پاکی مرۆڤایەتی بەرەو لەتلەتبوون دەبا، بڕوایەک شەیتانییە. بەرزبوونەوەی مرۆڤ و دانیشتنی لەسەر تەختی رێز و حورمەتی خۆی، تەنیا و تەنیا بە رەتکردنەوەی "لێکجیابوونەوە" مەیسەر دەبێ.

*بەرۆژ: کەواتە دەکرێ بپرسم، شاعیر یان نووسەر تا چ رادەیەک دەتوانێ خۆی ئاوێتەی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بکا؟*

شاملو: ئەوەی کە تۆ لەودیوی مەرزە سیاسییەکانەوە لەگەڵم دەدوێی خۆی لەخۆیدا، کێشەیەکی سیاسیە.



www.arsivakurdi.org

شاملو: نەخێر. سەبارەت بە من نە ئەو ئیلهامە ناوبراوە لەکار دایە و نە ئەو شتەی تۆ پێی دەڵێی ترووسکەی زەینی شاعیر، کە گوایە لە زەیندا دێتە دی. ئەو شتانەی کە شاعیریش دەیزانێ پەروەردەی ناکا.

هەروەکو گوتم، کاتێ فەرمانی "بمنووسە" رادەگەیەنرێ، نە دەزانم کە دەمەوێ چی بنووسم و نە پێویستیم بە کەڵک وەرگرتن لەو شتانەیە کە شاعیر دەیزانێ. هەر هێندەم بەسە کاغەز و پێنووسێک هەڵگرم و بنووسم. هەر بەم ئاسانیە. تەنیا دوای نووسین و خوێندنەوەی ئەو شتەی کە نووسیومە، بۆم دەردەکەوێ بابەتەکە، چیە و چی نیە. خودی شیعر، هەموو شتێک لەگەڵ خۆی دێنێ. پەیڤە پێویستەکان و وێنەشیعرییەکان و زانیارییە وشەییەکان، هەموویان ڤێکڕا دێنێ. تا ئەو شوێنەی کە هەندێ جار هەر پێویست بە پێداچوونەوەی رستەکان و رێکوپێککردن و گۆرینی وشەکانیش ناکا. تا ئەو جێیەی کە هەندێ جار بە سەرسووڕمانەوە بۆم دەردەکەوێ کە کەواهێکی پێچراوە لە شیعردا بە یاریدەی ئەو پەیڤەی کە زەین لەکاتی نائاگاییدا، سازی کردووە بەوپەڕی ئاسانییەوە بەیان کراوە! —وابزانم چاکتر وابێ واز لەم باسە بێنین... "تەنیا، شیعرێ نووسراوە." هەر ئەوە و هیچی تر نا! بۆ من هەندێ جار هەر بیرکردنەوە و هێنانە بەرچاوی ئەوەی کە فلانە شیعرم چۆن نووسیوە، شتێکە لە پەرەپێدانی هەمان حاڵەتی پەلاماری شیعر و شکل بەخۆیەوە گرتنی. جارێکیان شیعرێک لە خەو هەڵیساندم و نووسیم. شیعر لەمەر بارینێکەوە دوابوو و منیش پێم وابوو دەنگی دڵۆپەبارانەکان بەسەر بانۆچکە تەنەکەکەی ماڵی دراوسێکەم بۆتە هۆکاری نووسینی. هۆکارێکی چاک بۆ قەبووڵکردن کە دوای چەندێ کەواهی رووداوەکە، هەڤاڵی هەرە خۆشەویستم "پاشایی" باسەکەی خستەڕوو، هیچ راستیەکی بۆ نەبوو، چونکە نە ماڵێکی بانۆچکە تەنەکەیی لەنزیک ماڵیانەوە هەبوو و نە لە تاریک و روونی ئەو بەیانیەدا بارانێ باریبوو. "پاشایی" لە کتێبەکەیدا "قامک و مانگ" ئەمەی روونکردۆتەوە.

بەرۆژ: *تایبەتمەندییە گرینگەکان لە شیعردا بۆ تۆ کامانەن؟*

شاملو: بە بڕوای من نە تەنیا لە شیعردا، بەڵکو لە هەموو هونەرێکدا، ئەوەی پێی دەگوترێ "تایبەتمەندی" شتێکی ئامادە و بە واتایەکی تر "ستاندارد" نیە کە لە دەرەوەی بەرهەمەکەدا بوونی هەبێ و هونەرمەند بەکاری بێنێ یان بە پێچەوانەوە. دەمەوێ بڵێم، زۆربەی جاران، تایبەتمەندی وەک ئاکارێک تەنیا کاتێ دەبێتە خاوەنی نرخ کە لە "شوێن و سات"دا، بخرێتە بەر سەرنج و هەڵسەنگاندن.

بەرۆژ: *بڕوات بە دەربڕینی بیر و بۆچوون "ئایدۆلۆژیا" لە شیعردا هەیە؟*

شاملو: بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە بۆچوونەکە، چلۆن لە شیعرەکەدا، جێی کردبێتەوە، وەڵامەکەم دەبێتە: بەڵێ! شیعرێ کە بۆچوونێک رانەگوێزێ، یان هەستێ نەجوڵێنێ چ کەڵکێکی هەیە؟ من هەمیشە دووپاتەم کردۆتەوە: پێم وانیە کە هەر شتێکی جوان بەکەڵک و بەنرخ بێ، بەڵکو پێم وایە: هونەر کە دەتوانێ شتێکی چاک، جوانتر و رازاوەتر بخاتە بەردەم و هێزی کارتێکردنی زێدەتری بداتێ، دەبێ لە ئاست بێکردەوەییدا تەریق بێتەوە.

قەت مەبەستم ئەوە نیە، کە ویستی خۆمان بە "دەبێ" و "نابێ"یەکان بەسەر کەسانی تردا، بسەپێنین، بەڵام ئەوە دانایی هونەرمەندە کە لەم جیهانە نەساغەدا بەدوای دەرمانی چارەدا بێ، نەک دەوای ئارامکردنەوەی کاتی. پزیشکی خەمخۆر بێ، نەک فشەکەرێکی بێعار.

بەرۆژ: *ئەی ئامانج خوازی؟*

شاملو: ئامانجی هونەر، سەرکەوتنی مرۆڤە. ئاساییە، کە ئەو کەسانەی دەخوازن کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەروا خورافی و زەلیل بمێنێتەوە تا شتێکیان چنگ کەوێ، "ئامانج خوازی" بە "لایەنگیری سیاسی" لە قەڵەم دەدەن و هونەری ئامانج خوازیان بەلاوە "هونەری تێکەڵاو بە سیاسەت"ە. ئەمانە کە

www.arsivakurd.org

بێهۆشیدایە.نە گۆڕانکارییەکانی چلۆنایەتی، نیشانەکان دیاردەخەن و لە گۆڕانکاریە چەندایەتییەکان. تەنێ لەناکاو کۆرپەیەک چاو بە ژین هەڵدێنێ کە قەت چاوەڕوانی نەبوویت. بێ خەبەر وەژوور دەکەوێ و زۆربەی جارانیش ناوەخت. میوانێکی بانگێش نەکراو کە لە کاتی هاتنیدا تەواو نەناسە و خێراش سەرەدەرزوویەک ناداتە دەست، کە بزانیت چ کەسێکە و ئەو پەیامەی کە هێناویەتی، چیە؟ بەڵام مافی یەکەمین و گشت مافەکانی ڕێدان هەمیشە، هی ئەوە. یانی تۆ ناچاریت کە بێ لەدەستدانی کات، کارەکەت بەجێ بێڵیت و خەریکی ئەو بیت. دەنا بێبەزەییانە، زیز دەبێ و تووشی ئازارێکی ڕەوانی گەلێ قووڵت دەکا، کە بەڕاستی نایەتە گۆ. بەداخەوە ئەمە ئەزموونێکی تاکەکەسی خۆمە کە پێم وانیە تەنانەت بۆ گەلێ لە شاعیرانی تریش دەرک پێکردنی ئاسان بێ. چونکە بەئاسایی فکرێک دێتە زەینیان و ئەوانیش هێدی هێدی پەروەردەی دەکەن یان لەسەر کاغەز دەینووسنەوە و هێندە دەیشێلن تا لەئاکامدا زەینیان ڕازی دەبێ کە نوختەی کۆتایی بۆ دانێن.

بەرۆژ: *مەبەستتان لە "بێ وەخت هاتن" و "نەناس هاتن"ی شیعر چییە؟*

شاملو: لەگەڵ کۆمەڵێک دانیشتوویت و خەریکی گفتوگۆیەکی فەلسەفی یان کۆمەڵایەتیت کە لەناکاو دێت و لە دەرگا دەدا. دەزانیت کە شیعرە، بەڵام چلۆن شیعرێ؟ دەبێ بچیتە پەنایەک و بینووسی تا بزانیت بابەتی بوونەکەی چیە. ئایا هۆی هاتنەکەی هەر ئەم گفتوگۆیە کە لەگەڵ هەڤاڵەکانت دەکرد؟ -نە. پلانێکی نیگارئاسای لە پاییز هێناوە، یان هەستێکی ئەڤیندارانە کە هیچ کامیان پەیوەندییان بەو گفتوگۆیەوە نیە، کە بەر لە هاتنی خەریکی بووی. بۆ نموونە، مەودای کاتی نێوان دوو شیعری، "لەم بن بەستەدا" و "ئەڤیندارانە" (لاپەڕەکانی 1120 و 1118 بەرگی دووهەم ـ کۆمەڵە شیعرەکان ـ چاپ ئەڵمانیا) نموونەیەکی چاکە:

یەکەمیان شیعرێکی کۆمەڵایەتیە و دووهەمیان شیعرێکە کە ناوەڕۆکەکەی هەر لە ناوەکەیەوە دیارە، بەڵام مێژووی لەدایکبوونی هەردووکیان یەک ڕۆژە: 31ی .... 1979.

لە ماڵی هەڤاڵێک خەریکی گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە بووین، کە یەکەمیان هات. چوومە ژوورێکی تر و نووسیم. شیعرێکی کۆمەڵایەتی و تەواو نامۆ لەگەڵ قسەش و قاقای پێکەنینەکان کە لە ژوورەکەی ترەوە دەبیسران. شیعرەکەم لەگەڵ خۆم هێنایەوە ژووری هەڤاڵان. شیعرەکەیان خوێندەوە و باسێکی توندی کۆمەڵایەتی هاتە دی و ڕێک لەنێوان کێشمەکێشی ئەو گفتوگۆیەدا بووین، کە شیعری دووهەم لە دەرگای دا. ئەویشم نووسی. ئەمەیان شیعرێکی ئەڤیندارانە بوو! یەکەمیان شیعرێکی کۆمەڵایەتی کە لەنێوان قسەخۆش و بێعارییەکاندا هات و دووهەمیشیان شیعرێکی تەواو نامۆ لەگەڵ ئەو باسە توند و تیژ و دژ و لاینگیرانەی کە شیعری پێشوو ببوو بەهۆی هاتنە کایەی دەمەقاڵەکە. کاتێ مرۆڤ لەگەڵ چەند کەسێکی دژ بە بۆچوونەکانی خۆی خەریکی دەمەقاڵەیە تاکو بە لۆژیک و بەڵگەکانی خۆی باوەڕیان پێ بێنێ، ئاشکرایە کە زەین و بیری بەگشتی چەقیوەتە سەر بابەتی گفتوگۆیەکە و بە هیچ شێوەیەک ڕێگای بیری تر نادا کە زەین بشێوێنێ. بەڵام هەروا کە دەبینین، شیعر جیا لەم بنەمایە دەجوڵێتەوە، یانی تەنانەت ڕێز لە زەینیش ناگرێ. واتە، نەک تەنیا بە مەیلی خۆی وەژوور دەکەوێ، بەڵکو ناچاریشتان دەکا، سەرەتا گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەو بن کە بەگشتی دوور لەو بابەتەن کە خۆتان خەریکی ئەون. هەندێک جار لە کاتی خەودا دێ، هەندێ جار لە حەمامدا و هەندێ جاریش کە تووشی گرفتێکی ناشاعیرانەی بێزهێنەری وەک نەبوونی 12 هەزار تومان حەقی کارەبا کە خۆت دەزانی بەر لە شەش مانگیش لە سەفەردا بوویت!

بەرۆژ: *باشە، مەگەر ئاسایی نیە کە ترووسکەیەکی شاعیرانە، یانی هەر ئەو شتەی پێشینان پێیان دەگوت ئیلهام، شاعیر ڕاچڵەکێنێ تاکو بە یاریدەی ئەو شتانەی کە شاعیر دەیزانێ یان لەکاتی نووسیندا دایدەهێنێ، بینووسێ؟*

www.arsivakurdi.org

"کێش"دا ئازادی شاعیر زەوت دەکا. ناتوانێ هەر پەیڤێ بە دڵخوازی خۆی بەکاربێنێ......[1] کەواتە بە زیندانیکردنی پەیڤ لە زیندانی کێشدا، شیانی دراماتیزەکردنی شیعر لەناودەچێ، کەچی شیعر دەبێ تا ئەندازەیەکی چاک و شیاو ئەم دەرفەتەی هەبێ.

بەرۆژ: *ئەوەشمان لەبیر نەچێ، کە وەلانانی عرووز، دارشتنی شیعر ئاسانتر دەکا.*

شاملو: بەهیچ شێوەیەک. هەر هێندە بەسە کە تا رادەیەک کێشە عرووزییەکان راڤە بکەیتەوە، تا بەئاسانی بتوانی لە رێگای ئاڵوگۆڕکردنی پەیڤە هاوچەشنەکان و پێشەوپاشکردنی وشەکان هەر مانایەکت مەبەست بێ، لەم کێشانەدا بگونجێنی. هەڵبەت هەروا کە گوتم بەو مەرجەی پابەستی بەکارهێنانی هەندێ پەیڤی تایبەتمەند نەبیت و بۆتان گرینگ نەبێ لەباتی وشەی "ئەسپ" پەیڤی "وڵاخ" بەکاربێنی یان ......[2] لە کێشی عرووزیدا چارەنووسی فۆرم و قاڵب هەر لە سەرەتادا، دیار و ئاشکرایە، کەچی لە شیعری "سپی"دا، تۆ ناچاری قاڵبیش بەپێی بابەت داهێنیت. لە شیعری بێکێشی عرووزیدا هیچ ئەلگۆیەکی لەپێشدا سازکراو لە ئارادا نیە. تا رادەیەکی زۆر، گوێ دەبێ لەگەڵ مۆسیقا، راهاتبێ.

کۆمەڵەیەکی رەنگ ئاسای جۆراوجۆر لە وشە هاوچەشنەکانی هەر مەبەستێک وێرای تایبەتیەکانی خۆیان دەبێ لە هەنبانەپەیڤی شاعیردا ئامادەبن. هەموو ئەمانەش دەبێ بین بە شازەینی ئەو، تاکو بتوانێ دەستەویەخەی شیعر بێ، کە کاتی هاتنی دیار نیە و نیوچرکەش بەسە بۆ لە دەرگادان و هاتنە ژوورەوەی و ئەویش بینووسێ. دەنا شکستهێنانی شتێکی حەتمیە.
–نا! نووسینی شیعری سپی، نە تەنیا ئاسان نیە، بەڵکو تا سنووری داهێنانی موجیزەیەک سەختە.

بەرۆژ: *بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونە تاکەکەسیەکانی درێژخایەنتان، پێتان وایە لە شیعردا چۆن زەینیەت دەبێتە ئەزموون؟*

شاملو: پرسیارەکە نەختێ بۆ من روون نییە. پێم وایە ئەو کردارەی ئەنجام دەدرێ تا شیعرێک هەر لەخۆڕا (واتە بێ ئامادەبوونی زەین و دوور لە ئیرادە و دەست تێکەڵکردنی ئاگایانەی شاعیر) شکڵ بگرێ تا دواتر شاعیر بکا بە نوێنەری نووسینی خۆی، بەم چەشنە دەکرێ کە سەرەتا ئەزموونی دنیای دەرەوە یان دەڤەری شاعیر زەینی ئەو لەگەڵ خۆی خەریک بکا و دەستەویەخەی یەکتر بن، تا دواتر بە وێنەی زەینیەتی شاعیرانەی ئەو، بێتە دەرەوە: لە ئاکامیشدا سەرجەمەکەی بە شێوەی شیعر خۆ دەنوێنێ.

بەرۆژ: *ئەوەی کە گوتتان: "شیعر، شاعیر دەکا بە نوێنەری خۆی بۆ نووسین" وتەیەکە، کە لە چەندین شوێنی تریشدا لە زمانی تۆمان بیستووە، بەڵام قەبووڵکردن و بەگشتی دەرک پێکردنی رەنگە بۆ هەندێک کەس سەخت بێ...*

شاملو: ئاساییە. ئەگەر راستیەکەت دەوێ دەرک پێکردنی ئەم مەسەلەیە بۆ خودی خۆمیش، سەختە. هەر لەبەرئەوەش کە نەمتوانیووە بۆ خۆم روون کەمەوە ئەم رەوتە چۆناوچۆن تەی دەبێ، ئاساییە کە تێگەیاندنیشی کەمتاکورێک لە مەحاڵاتە.

رواڵەتی کێشەکە، وەک بە زگ بوون و زایینی ژنێکە کە نازانێ چلۆن نووتفە لە پزدانیدا دەبێتە ئەو منداڵەی دواتر دەیبێ. لەودا، نائاگایی لە چلۆنایەتی بە زگ بوون لە پیاو و هێنانە سەر دنیای منداڵێ دوور لە ویست و توانای ئەو. لە منیشدا، بە زگ بوونی زەین و نووسینی شیعرێ دوور لە دەست تێخستنی ویست و توانام. بەڵام ناوەڕۆکی ئەم دوو رواڵەتە هاوچەشنە، بەگشتی لەیەکتر جیاوازە. ئەو، کەم یان زیاد، دوای مانگێک دەزانێ کە زگی هەیە و لە کەیەوە و لە چ کەسێ. بە ئەزموونی خۆی یان کەسانی تر مانگەکان دەژمێرێ و ئەگەر نەیچوێنێ لە فلان مانگدا دەبێتە خاوەنی منداڵ. کەچی من بە پێچەوانەی ئەوەوە، نازانم زەینم کەی و لە چ شتێ پێتێکی وێ کەوتووە و بە هیچ چەشنێ ئاگاداری ئەوە نیم، کە لە چ ساتێکدا، چ شتێ بەرهەم دێنێ. ئەم بە زگ بوونە بەرهەمی چەشنی نووتفە وەرگرتن لە حاڵەتی



www.arsivakurdi.org

دەبێ لە دەروونی خۆیدا بجوشێ. -ئاگات لێیە کە دەڵێم مۆسیقای شیعر، نەک "کێش"ەکەی. مەبەستم -ئاگۆستیکی- ئەو پەیڤانەیە کە شیعرێ بەیان دەکەن، نەک عرووزی کلاسیک کە وەک جلوبەرگی دووراوی بازاڕە، کە دەبێ یا هەروا کە هەیە بیپۆشی یاخود هێندە تەسک و بەرینی بکەی کە بە چەشنێ دەگەڵ قەد و باڵا ناسازەکەیدا، بسازێ.

"کێش" کە شتێکی دەرەکییە، زۆر کەم یان رەنگە چاکتر وابێ بڵێم، تەنێ بە هەڵکەوت، دەکرێ لە شێوەی پێوەلکاندن و سەپاندن بێتە دەر و ببێ بە بەشێکی گەلێ بچووکی سرووشتی و ناجیا لە ساختومانی شیعر.

پیتەکان پەیڤ دەسازن و پەیڤیش وێنە و لێکدانەوە و بەشەکانی تری شیعر، کەواتە ئەگەر شاعیر بتوانێ لەنێوان هاوچەشنەکانی ئەو پەیڤانەی فڵانە رستە بەیان دەکەن، ئەوەیان هەڵبژێرێ کە پیت و بزوێن و دەنگەکانی بەپێی پێداویستی لەگەڵ پیتە سازێنەرەکانی پەیڤەکانی تری رستە، هاوئاهەنگی و هاودەنگی و یەکبوون یاخود دژبوون و ناهاودەنگی بەرچاویان هەبێ و داڕێژی ئەم پیت و بزوێنانە -وەک بەشە بچووکە پێکهێنەرەکانی دەنگ- بتوانن کۆمەڵە دەنگ و ئاوازی وا بێننە دی کە هەر بەشێکیان نوێنەری ماناکان و وێنە شیعرییەکان بن، یاخود یارمەتییان بدا باشتر بکەونە بەرچاو و چاکتر هەستیان پێ بکرێ. ئا لەو کاتەدایە کە ئاکامی کار بە شێوەیەکی ئەوتۆ لە هەرچەشنە کێشی زێدە و دەرەکی بێ نیازمان دەکا کە رێکوپێکی پەیڤەکان لە گوێی ئەوانەی خوویان بە عرووزەوە گرتووە، جێگای کێشی وێرانکەری دەرەکی دەگرێ و ئەم جێنشینیە هێندە کارسازە کە تەنانەت ئەگەر نووسراوەکە لە یەکێک لەم کێشانەدا گونجا بێ، دیسان زاڵبوونی "ئاگوستیک"ی پەیڤەکان بەسەر کێشدا دەبێتە هۆی بەربەستی زەینی بیسەر بە بوونی وێرانکەر و بە مەزندە نارێکوپێکەکەی ئەو کێشە. هەڵبەت ئەگەر کێشی خۆسەپێنەریش بەرێکەوت لەگەڵ کۆمەڵ لە دەنگەکان بە پوختی رێککەوێ، کارتێکردن و نرخی دەنگی شیعریش زێدەتر و بەهێزتر دەبێ، ئەمەش هەمان ئەو رووداوە موبارەکەیە کە بۆ نموونە لەم پارچە شیعرەی «ناظم حکمت»دا بە ناوی "ئۆرکێسترا" رووی داوە:

پەیڤەکان، لە حاڵێکدا کە باری ماناکانی خۆیان لەسەرشانە و لە شەپۆلە چیائاساکان و چیایە شەپۆل ئاساکان دەدوێن، بە هاوئاواز بوونی دەنگەکانیان لە لێدانی "دەف"ێک دەدوێن کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مۆسیقای ناوچەکەیە، هەڵبەت نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێتەوە کە لەکاتی خوێندنەوەی ئەم پارچەشیعرەدا تەنێ لەمەر مۆسیقای شیعرەوە دەدوێین:

Daglarla dalgalarla
Daggibi dagalarla
Dalgagibi daglarla
Hey Hey
Basladi orkistram!

نازانم بە درووستی هێناومەتەوە یان نا. بەهەرحاڵ ئەمە یەکێک لەو شیعرانە بوو کە بەختەوەرانە، رێک لەو رۆژانەدا، یانی بەتەواوی لە کاتی پێویستدا، توانیم بیبیسم و بیناسم و دەرسێکی گەلێ چاکم لێ وەرگرت. وێدەچێ ئەگەر ئاشنایم لەگەڵ «ناظم حکمت» نەختێ درەنگتر رێک کەوتبا و لە رێگای راست دوورکەوتبام، بۆ نموونە دەکەوتمە داوی "لێتریسم"ەوە. بەختەوەرانە من مرۆڤێکی گەلێک گوماندارم و بۆ کەوتنە نێو داوی لادان لە رێگای راستدا، توانایەکی ئەوتۆم نیە. بەڵام مرۆڤ چوزانێ.

بەرۆژ: *باشە، ئەگەر "کێش" هەڵگرین و پەیوەندییە دەنگییەکان لە شوێن دانێین، چ دەسکەوتێکمان چنگ دەکەوێ؟*

شاملو: گرینگیدان بە کێش، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەپێی پێویست زمان زیانی لێ بکەوێ. هەر وتەیەک بە شێوەیەکی سرووشتی لە "کێش"دا جێی نابێتەوە. شاعیر ناچار دەبێ وشەکان پێشەوپاش بکا. ئەگەر رستەکەی لە "کێش"ەکە زیاتر بێ سەرولاقی بشکێنێ و ئەگەر کورتیش بێ بەئانقەست درێژی بکاتەوە. پەیڤین لە

www.arsivakurd.org

لێ بکا بەپیر وەڵامدانەوەیانەوە بچم. بەهەرحاڵ، دەبێ ئەو شیعرە کوردیانەی وەرتگێڕاونەتە سەر فارسی و پرسیارەکان سەرلەنوێ بنێری تا بزانم چیم پێ دەکرێ. هەوڵ بدە پرسیارەکان وانەبن، کە وەڵامەکانیان دووپاتەی تێکەوێ.

پرسیارەکانم لەگەڵ نامەیەک نارد. (هوشنگ گلشیری، زەحمەتی بردنەکەی کێشا) دوای چەندێ وەڵامەکان هاتنەوە، لەگەڵ ئەم وێنەیە و نامەیەکی دوور و درێژ.

سەبارەت بە گفتوگۆیەکە نووسیبووی: ... بەهەرحاڵ، وەڵامی پرسیارەکانم بۆ ناردووی. هەندێک لە پرسیارەکان گەلێ جوان بوون، کە دەبێ بڵێم سوپاس، هەندێکیشیان بۆ من دووپاتە بوون، یانی لە هەندێک چاوپێکەوتنی تردا وەڵامم داونەتەوە، بۆیە ناچاربووم پاکتاویان بکەم... پێشنیار دەکەم، جارێک بە قووڵی بیخوێنیتەوە و ئەگەر پرسیاری ترت بۆ هاتە پێش بیانێری تاکو من دیسان وەڵامەکانیانت بۆ بنووسمەوە. مەبەستم ئەو شوێنانەیە کە رەنگە وەڵامەکانم ببنە هۆی پرسیاری تر.

دوای بینینی ژمارە دووی گۆڤاری «ئازادی» و خوێندنەوەی چاوپێکەوتنەکەی «بەختیار عەلی» و «مەریوان وریا قانع» لەگەڵ «شێرکۆ»ی شاعیر (چاوپێکەوتنێک کە پرسیارەکانی لە وەڵامەکانی بەهێزتر بوون ؟!) چەند پرسیارێکی «بەختیار و مەریوان»م بۆ شاملو نارد. مەبەستم ئەوەبوو (ئێستاش هەروایە) کە بەرسڤی دوو شاعیر لە دوو وڵاتدا، بەڵام لە یەک سەردەمدا لە ئاست پرسیاری هاوبەشدا ببیسین و لێکیان دەینەوە. بۆیە دەبێ سوپاسی کاکە بەختیار و مەریوان بکەم و داوای لێبووردنیان لێ بکەم کە نەمتوانی بەر لە بەقەرزوەرگرتنی پرسیارەکانیان، ئاگاداریان بکەمەوە. سوپاس.

بەرۆژ

هاوینی 93 سوید

بەرۆژ: کاکە شاملو! زانینی ئەوەی کە خۆتان لە چ کات و سەردەمێکدا هەستتان بەوە کرد کە شیعری خۆت ئاڵوگۆڕی بونیادی بەسەردا هات بۆ مەمانان گەلێ گرینگە.

شاملو: چەندە پرسیارێکی چاکە! گەلێ بنەڕەتی و روونکەرەوەیە و زۆر شتیش دەخاتە بەر رۆشنایی خۆی. بەڵام بەداخەوە ناتوانم بە شێوەیەکی گشتی و پڕ بە پێست وەڵامدەری بم. هەر هێندە دەتوانم بڵێم لە کۆتاییەکانی ساڵی 1327ی هەتاوی (سەرەتای 1949ی زایینی) لەبەر چەند هۆیەک کە نامەوێ روونیان کەمەوە، بەم ئاکامە گەیشتم کە گرفتی سەرەکی شیعری ئێمە، بە هیچ شێوەیەک گرفتی کێشی عەرووز نیە و شکاندنی قەید و زنجیری بەرواڵەت دەست و پێ گری یەکسان بوونی درێژایی رستەکانیش دەردێ دەوا ناکا. بۆ نموونە، دەکرێ قەبووڵ بکرێ کە یەکێک لە لوتکە شیعرییەکانی «نیما»ی مەزن پارچەشیعرێکە بە ناوی "داستانێکی نە تازە" کە سەراپا لە قاڵبی تەواو عەرووزی کلاسیکدایە و ئەم قاڵبە، نە تەنێ لە دەربڕینی ناوەڕۆکی شیعرەکەدا هیچ کەموکورتی وەدی نەهێناوە، بەڵکو بە یاریدەی سەروایەکان، بۆتە هۆیە گرینگەکەی قایمتر بوونی هەرە بەهێزی ساختومانی. لە حاڵێکدا کە خۆبەستنەوە بە "کێش" (ئەویش کێشی سەربەخۆی نیمایی) و هەوڵدان بۆ وەدەست هێنانی سەروایەکان (ئەویش چەشنە سەروایەک کە «نیما» پێشنیاری دەکا) لە "مانلی" و "ماڵی سێریۆلی"دا شیعری وای سازکردووە کە "نیما" تنۆکێک لە دەریای حورمەتی خۆی قەرزاری وان نیە.

دەمەوێ بێژم کتومت دوای بەرەو رووبوونەوە لەگەڵ ئەم دوو ئەزموونەی «نیما» و بیستنی دوو شیعری بەهێزی «ناظم حکمت» بە ناوی "دەریای خەزەر" و "ئۆرکێسترا" کەمتاکورتێک، سەرەبەنێکم وەدەست هێنا: یانی لە رێگای پێوانەسازی و هەڵسەنگاندنی نموونەکان لەگەڵ یەکتر و ئیمکانی ئەو داوەرییەی کە خودی «نیما» دابووی بە من، بەم ئاکامە گەیشتم کە مۆسیقای شیعر

www.arsivakurdi.org

# گفتوگۆیەک لەگەڵ احمد شاملو

## گفتوگۆ و ئامادەکردن: بەرۆژ ئاکرەیی

***کورتەپەڤێ بە بیانووی دوو وتەی پێویست***

... هەنوکەش رەنگە بتوانین بێژین: شاملو، لەو کێوە سەهۆڵانە دەچێ کە «هەمنگوای» باسی کردوون. ئەوانەی نیوەی هەرە پتریان لەژێر ئاوە و کاتێ تۆ لە زەمینتدا، لێک بەدەیتەوە کە ئەمەی بەرچاوی تۆ، تەنێ لەتێکی ئەو کێوە سەهۆڵەیە، واقت وڕ دەمێنێ و...

کومانم لەوەدا نیە کە نووسینی پێشەکیەک لەمەر ئەم کێوە، کە بەفری پیری دەمێکە لوتکەکەی داپۆشیوە، کاری من نیە و دەرەقەتیشی نایەم. (کاری مە، نیە ناسینی رازی گوڵی سوورنکاری مە، رەنگە ئەوەبێ لە ئەفسونی گوڵی سووردا مەلەوان بین)[1] بەڵام گومانم لەوە دایە کە دەبێ شاملو بە خوێنەری کورد بناسرێنرێ. هەر ئەم گومانەشە، کە ئەرکی زەینی لێگرتووم و بەری نادا. نەیداوە!

چونکە پێم وایە، ئەم کارە پێویستی بە گەلێ سەرچاوە (هەڵبەت هی چاک) هەیە، لەم بارەوە خۆم چەک دەکەم و تەنێ سەرهاتی ئەم چاوپێکەتنە دەخەمە ڕوو، کە وتەی پێویستی یەکەم، لەم بەشەدایە.

هاوینی 1988 لەگەڵ کاکە «ناسری سینا» و دوو برادەری تر (لە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان) چەند پرسیارێکمان نووسی و چووینە دیداری شاملو. دوای چەند سەعاتێ پرسیارەکانمان بەجێ هێشت، کە شاملو دوای وەڵامدانەوەیان، هەواڵم بداتێ و بچین وەریانگرینەوە. دوای ماوەیەک لە وتەی ژمارە 7 ی گۆڤاری "نووسەری کوردستان"دا ئەم دیدارە بە وێنەی هەواڵێکی گرینگ، کە گوایە وەفدێک (؟)ی یەکێتیی نووسەران بە چەپکەگوڵەوە چوونەتە سەردانی شاملوی مەزن و چاوپێکەوتنیان لەگەڵیدا کردووە و...



لە دیدارەکانی تردا و بە تەلەفۆنیش چەند جارێ کە سۆراغی پرسیارەکانم لە شاملو دەکرد وەڵامەکەی هەر ئەوەبوو: جارێ وەختم نەبووە. دواتر ماڵەکەی لە «تاران» گوێزتەوە بۆ «کرج» و دواتر سەفەری ئەمریکای کرد و دواتریش دەرچوونەکەی من بوو و دەست وێرانەگەیشتن بە شاملو. لەم نێوانەشدا، برایانی یەکێتیی (مەبەستم نووسەرانە) هەندێک بۆچوونیان لا دەروست بوو، کە گوایە...

کاتێ لێرە لە «سوید»، نیشتەجێ بووم نامەیەکم بۆ شاملو نووسی لەگەڵ گەلێ باس و خواس. وەڵامەکەی شاملو (لە رووی نامەکەیەوە) ئەمە بوو:

... بەڕاستی شەرمەزاری تۆی میهرەبان و هەڤاڵە کوردەکانم، بەڵام سەرم گەلێ قاڵە. ئەوە چوار مانگە نامەکەی تۆ و خەروارێک نامەی تر لەسەر مێزەکەم کەوتوون و... بەداخەوە، دوای ماڵ گوێزتنەوە نەمتوانی پرسیارەکان بدۆزمەوە. هەڵبەت دەبێ بەبێ تەکلیف کردن بڵێم: پرسیاری گرینگ و چاکی تێدا نەبوو، کە وام



www.arsivakurdi.org

- من خزمی هەرە نزیکی هەموو مرۆڤێکم، من لوڕ بەلوچ کورد فارسم، فارس زمانێکی تورکم، ئەفریقیەکی ئەوروپی ئوسترالیایی ئامریکایی ئاسیاییم، من لەسەر گۆی پیرۆزی زەوی، مرۆڤێکم لەنێو مرۆڤانی تردا، کە بێ بوونی مرۆڤانی تر، هیچ مانایەکم نیە.

احمد شاملو



www.arsivakurdi.org




www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

APEC-TRYCK

ڕووبەرگ: بەشار عیسا (بلوێرژەن)

ڤان 1993 6

# گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد - سوێد

## کرمانجی خواروو


گفتوگۆیەک لەگەڵ احمد شاملو........................ گفتوگۆ و ئامادەکردن: بەڕۆژ ئاکرەیی
لێگەڕێن، مرۆڤ بژی، نووسینی: پێر لاگەرکڤیست.................. وەرگێڕانی: خەبات عارف
دیوانی وان: شێرکۆ بێکەس.......... مارکۆت بیکێل........................ ستیگ داگەرمان
.............................. سعدی یوسف.................................. ناله حەفید
میراتی بێبایەخکراوی سێروانتێس......... ن: میلان کۆندێرا .......... و: س. کاوە (شەماڵ)
ئەنفال، ڕۆژە هەرە تاڵەکەی "سەحراوی"................ نووسینی: بەدران ئەحمەد حەبیب
"کانی ڕەحمان" و کورتە بەراوردێکی وێژەیی................ نووسینی: فوئاد عەبدولرەحمان


## کرمانجی ژوورو


قەدری جەمیل پاشا.......................................... حەسەن هشیار
ئومێد مەهدی (هەندرێن)..................................... ئەحمەد حسێنی
میرێ ئەمگیۆنی........................................... گونار ئێکەلیۆف
گەشتا فەقییا............................................. ئەمین نارۆزی
هەڤۆکەکە ژ خوینا من...................................... مەرڤانێ کەلەش
ڕەوشەن بەدرخان.......................................... کۆنێ ڕەش
هەزارەمین هێک............................................ پەرویز جیهانی
دوگەرێ فەلەگێ.................... سەمەد بەهرەنگی... وەرگێڕ... م.ل.
هەڵبەست:............... ڕەشید کورد، لەتیف هەڵمەت، ریاد ساڵح حوسێن، ئیبرایم یوسف
سیسرکێ حەسنی..................... سەلیم بەرەکات.................. و. ئە. حسێنی
پرتوکێن نو.............................................. م. لەوەندی


## کردکی (دملی)


کەچەلەک.................................................. ژ. ئەسپار
هەتا کەی................................................. مونزور چەم



**بەرپرسیار**

**یەکێتیی نووسەرانی کورد سوید**

**دەستەی نووسەران**

**خەبات عارف**
**رزگار عەبدوڵا**
**ماهیسانژ**
**محمود لەوەندی**
**حەسەنی مەتێ**
**ئەحمەد حسێنی**

**ناونیشان:**
WAN
BOX 490 90
100 28 STOCKHOLM
SWEDEN

TELEFON: 08/652 85 85
TELEFAX: 08/650 21 20
POSTGIRO: 79 47 81 - 5
ISSN 1103-7776


**Kurdiska Författarförbundets Litterära Magasin / Sverige**

www.arsivakurdi.org



19 6 93

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد ـ سوید